ئەندامێکی پێشووی پەرلەمانی عێراق: پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک بە فەرمی نەبووەتە پارێزگاری کەرکووک

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5952) یەک شەممە 14ی حوزەیران 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ڕەتیدەکاتەوە، راکان جبووری، پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک بە فەرمی بووبێتە پارێزگاری کەرکووک. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

وەزارەتی دارایی: ئێستا بڕی 222 ملیار و 275 ملیۆن دینار لە 400 ملیار دینارەکە ماوەتەوە

وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە 400 ملیار دینارەکە ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە، لە بەشێکی ڕوونکردنەوەکەدا رایگەیاندووە: سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دابوو، بە هەر شێوەیەک بێت، مووچەی تەواوی فەرمانبەران پێش جەژن دابەش بکرێت، هەر بۆیە حکوومەت بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەی خۆی دانوستانی لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت کرد کە ماف و شایستە داراییەکانی خۆیان بۆ ماوەیەک دوا بخەن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی یەکەمین کۆبوونەوەی بۆردی باڵای پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان دەکات

دەکرێ کەرتی کشتوکاڵ وەک سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بە باشترین شێوە سوودی لێ وەربگیرێت



رۆژی پێنجشەممە 2020/6/11 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ڤیدیۆکۆنفرانسەوە، سەرپەرشتیی یەکەمین کۆبوونەوەی بۆردی باڵای پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت و ژمارەیەک لە وەزیرە پەیوەندیدارەکان بەشدار بوون، گفتوگۆ دەربارەی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و پلان و پڕۆژەکانی حکوومەت لە بواری گەشەپێدانی کشتوکاڵدا کرا.

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بێگەرد تاڵەبانی ڕاپۆرتێکی وردی لە بارەی پلانەکان و ستراتیجی وەزارەت بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ خستەڕوو بە تایبەتی پڕۆژەی بە بازاڕکردنی گەنمی کوردستان بە هاوکاری کەرتی تایبەت و هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی زیدەڕۆیی بۆ سەر زەویبە کشتوکاڵییەکان.

سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بە گرنگیی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان کرد کە بەبێتە کەرتێکی جێگرەوە و بە باشترین شێوە سوودی لێ وەربگیرێت وەک سەرچاوەیەکی گرنگی داهات لە ڕێگەی پاراستنی بەرهەمی خۆمالّی و پشتیوانیکردنی جووتیارانی هەرێمی کوردستان و ڕەخساندنی بازاڕی گونجاو لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بۆ بەرهەمەکانیان.

بۆردی باڵای پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان لە 2020/5/19 دامەزراوە و سەرۆکی حکوومەت سەرۆکی بۆردەکەیە و جێگری سەرۆکی حکوومەت و وەزیرانی دارایی و ئابووری، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بازرگانی و پیشەسازی، پلاندانان، سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان ئەندامی بۆردەکەن.

محەمەدی حاجی مەحمود بۆ «خەبات»:

هەتا شاخەکانی کوردستان مابن کوردیش هەر دەمێنێت



سکرتێری حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات باس لەئایندەی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات و تەئکید دەکاتەوە کە تەنها شاخەکانی کوردستان دۆستی ڕاستەقینە و هەمیشەیی گەلی کوردن و نابێ شاخەکانمان لەبیر بکەین. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

دەنگۆی ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆ ڕەتدەکرێتەوە

جێگری پارێزگاری هەولێر ڕایدەگەیەنێت، هیچ پێشنیازێکیان بۆ ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆ نەکردووە و ئەو دەنگۆیانە دوورن لە ڕاستییەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بەغدا دەنگۆی جموجۆڵی سەربازیی لە دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان ڕەتدەکاتەوە

دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق رایگەیاند: ئەو دەنگۆیەی کە سەبارەت بە دەستپێکردنی جموجۆڵی سەربازیی بۆ کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، بڵاوکراوەتەوە، دوورە لە ڕاستییەوە و ڕەتیدەکەینەوە. دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق، ڕەتیکردەوە کە هیچ جموجۆڵێکی سەربازیی فیدرالی بۆ کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، دەستی پێکرا بێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



وێستگەی هەڵمیی خەبات بۆ کارکردن ئامادەیە

بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای هەولێر گوتی، بڕیارە وێستگەی کارەبای هەڵمی خەبات لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بکەوێتە کار، کە 300مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنێت. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

زانایانی ئەمەریکی: باشترین ڕێگە بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا بەکارهێنانی دەمامکە



توێژینەوەیەکی نوێی زانایانی ئەمەریکی دەریدەخات بەکارهێنانی دەمامک لە شوێنە گشتییەکاندا کاریگەرترین ڕێگەیە بۆ ڕێگەگرتن لە بلاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا. توێژینەوەکە لە گۆڤاری "ڕێکارەکانی ئەکادیمیای نیشتمانیی زانست"ی ئەمەریکا بلاوکراوەتەوە و ئەنجامەکەیشی ڕوونی دەکاتەوە کە سەرەکیترین ڕێگەی گواستنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەوایە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

نزیکەی 5 هەزار دۆنم گەنم و پووش و پاوان لە سنووری هەڵەبجە و شارەزوور سووتاون

بەپێی چەند ئاماریکی نافەرمی لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە و دەشتی شارەزوور لە ماوەی یەک هەفتەدا نزیکەی 5هەزار دۆنم گەنمی جووتیاران و پووش و پاوان سووتاوە. بەوتەی جووتیارانی سنوورەکە هۆکاری سەرەکی ئاگرکەوتنەوەکان فڕێدانی "جگەرە"یە. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



تادێت ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان بەرزدەبێتەوە

بەگوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تا پێش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ژمارە تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 2005 کەس لەو ژمارەیەش 38کەسیان گیانیان لەدەستداوە و 600کەسیان چاکبوونەتەوە و 1367 لەژێر چاودێری پزیشکی دان. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



لە هەولێر و سلێمانی دەست بە وەرگرتنی گەنمی جووتیاران دەکرێت

بڕیارە ئەمڕۆ یەکشەممە دەست بە وەرگرتنی گەنمی جووتیارانی سنووری پارێزگای هەولێر بکرێت و بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر رایگەیاند، بڕی 110هەزار تۆن گەنم وەردەگیرێت. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**



شاخەوان عەبدوڵڵا: پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک بە فەرمی نەبووەتە پارێزگاری کەرکووک

بڕیارە نایاساییەکانی راکان هەڵدەوەشێتەوە و هیچ بەهایەکی یاساییان نییە

شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ڕەتیدەکاتەوە، ڕاکان جبووری، پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک بە فەرمی بووبێتە پارێزگاری کەرکووک.

شاخەوان عەبدوڵڵا لە پەیجی تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووک)، ڕایگەیاندووە، هەواڵێک لە پەیجی ڕاکان سەعید بڵاوکراوەتەوە بەوەی کراوەتە پارێزگاری کەرکووک بە فەرمی، لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە پەیوەندییمان کرد بە نووسینگەی بەڕێز سەرۆکوەزیرانی عێراق و ئەمینداریەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەوەیان پشتڕاستکردەوە کە ئەو هەواڵە هیچ بنەمایەکی نییە و دوورە لە ڕاستییەوە.

شاخەوان عەبدوڵڵا دەشڵێت: دەمەوێت ئەوەش بڵێین کە ئێمە لە ڕابردووش دانمان بە ڕاکان سەعید نەناوە وەکو پارێزگاری بەوەکالەت و هەموو هەنگاوێکیش دەنێین بۆ ئەوەی باجی ئەو تاوانانە بداتەوە کە لەدوای16 ئۆکتۆبەر ئەنجامی داوە. دووپاتیشی دەکاتەوە، هەموو ئەو بڕیارە نایاساییانەی لەلایەن ناوبراو دراون هەڵدەوەشێنەوە و هیچ بەهایەکی یاساییان نییە. پێشتر لە پەیجی ڕاکان جبووری بڵاو کرایەوە، کە جبووری پۆستی پارێزگاری کەرکووکی وەرگرتووە.

جێی باسە دوای داگیرکردنی کەرکووک لە ئەنجامی خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 حەشدی شەعبی بەبێ ڕەزامەندیی پێکهاتەکانی کەرکووک، ڕاکان جبووری، کە عەرەبێکی شۆڤێنیی دژە کوردە، وەک پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت، دیاری کرد.

وەزارەتی دارایی:

لە 400 ملیارەکە بڕی تەنها 388 ملیار بۆ هەرێم مایەوە

لە 388 ملیارەکەش بڕی 165 ملیار بۆ قەرزی سەرمایەدارانی گەڕێندرایەوە

ئێستا بڕی 222 ملیار و 275 ملیۆن دینار لەو پارەیە ماوەتەوە



وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە 400 ملیار دینارەکە ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە، لە بەشێکی ڕوونکردنەوەکەدا ڕایگەیاندووە: ئەو400 ملیار دینارەی کە حکوومەتی فیدراڵ لەماوەی ڕابردوو خستیبە سەر ئەژماری بانکیی وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی پێشووی نێوان هەولێر و بەغدا بووە، کە پێشتر مانگانە 453 ملیار دینار بوو، بەڵام بەهۆکاری سیاسی و قەیرانی دارایی، نارەوە بڕە پارەیە بۆ ماوەیەک ڕاگیرا و پاش جەژنی ڕەمەزان بە بڕێکی کەمتر دەخرێتە سەر ئەژماری بانکیی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

لە بەشێکی دیکەی ڕوونکردنەوەکەدا وەزارەتی دارایی ڕاشیگەیاندووە: سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دابوو، بە هەر شێوەیەک بێت، مووچەی تەواوی فەرمانبەران پێش جەژن دابەش بکرێت، هەر بۆیە حکوومەت بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەی خۆی دانوستانی لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت کرد کە ماف و شایستە داراییەکانی خۆیان بۆ ماوەیەک دوا بخەن و بەوجۆرە توانیدرا375 ملیۆن دۆلار لە فرۆشتنی نەوت و دواخستنی ماف و شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکان کۆ بکرێتەوە، هەروەها 150 ملیۆن دۆلاری دیکە لە چەند کۆمپانیایەکی نەوتی قەرز کرا و وێڕای ئەمەش بڕی 138 ملیۆن دۆلار (کە بە دینار دەکاتە 165 ملیار و725 ملیۆن) لە سەرمایەدارانی ناوخۆ بۆ ماوەی مانگێک قەرز کرا و لەگەل 17 ملیۆنی هاوپەیمانان و 75 ملیۆن دۆلاری داهاتی ناوخۆ، تواندرا کۆی مووچەی مووچەخۆران لە پێش جەژن دابەش بکرێت.

وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکوومەتی هەرێم ڕاشیگەیاند: چەند ڕۆژێک دوای جەژن ئەو گۆڕەپەی بەغدا گەیشت. بانکی ناوەندیی عێراق بەر لە گواستنەوەی 400 ملیار دینارەکە بۆ سەر ئەژماری بانکیی وەزارەتی دارایی هەرێم، بڕی 12 ملیار دیناری بۆ قەرزی بانکە ئەهلییەکان بڕی و تەنها 388ملیار بۆ هەرێم مایەوە. لەو 388 ملیار دینارە بڕی 165 ملیار و 725 ملیۆن دینار قەرزی سەرمایەدارانی ناوخۆی گەڕێندرایەوە. ئێستا بڕی 222 ملیار و275 ملیۆن دینار لەو پارەیە ماوەتەوە، ئەوجا یان دەبێت لەگەڵ کۆکردنەوەی داهاتی ناوخۆ و پارەی فرۆشتنی نەوت بۆ مووچەی داهاتوو تەرخان بکرێت، کە هێشتا کورتهێنان هەیە و یاخود باقی قەرزەکانی مانگی ڕابردووی پێ بدرێتەوە.

دەنگۆی ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆ ڕەتدەکرێتەوە

هێمن قادر: هیچ پێشنیازێکمان بۆ ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆ لەناو شاری هەولێر نەکردووە

جێگری پارێزگاری هەولێر ڕایدەگەیەنێت، هیچ پێشنیازێکیان بۆ ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆ نەکردووە و ئەو دەنگۆیانە دوورن لە ڕاستییەوە.

هێمن قادر، جێگری پارێزگاری هەولێر و گوتەبێژی ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی پارێزگای هەولێر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا ڕایگەیاندووە: وەک پارێزگای هەولێر و ژووری ئۆپەراسیۆن هیچ پێشنیازێکمان بۆ ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆ لەناو شار نەکردووە، بۆ هەر بڕیارێکی لەو جۆرەش لە دەسەڵاتی لێژنەی بالای ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا دایە.

هێمن قادر گوتیشی: بەڵام ڕێکارەکانی خۆپارێزی فراوانتر دەکەین و لێژنەکان بەردەوامن لە چاودێریکردنی بازاڕ و شوێنە گشتییەکان.

جێگری پارێزگاری هەولێر ئەوەشی خستە ڕوو: لە هەفتەی ڕابردووەوە تا ئێستا 985 شوێن لە هەولێر بەهۆی پابەندنەبوونیان بە ڕێکارەکانی خۆپارێزی داخراون.

بەغدا دەنگۆی جموجۆڵی سەربازیی لە دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان ڕەتدەکاتەوە

هیچ هێزێکی فیدراڵ بۆ کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکان نەهاتوونەتە هەرێمی کوردستان

دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق ڕایگەیاند: ئەو دەنگۆییەی کە سەبارەت بە دەستپێکردنی جموجۆڵی سەربازیی بۆ کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام ڕەتیدەکەینەوە. دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق، ڕەتیکردەوە کە هیچ جموجۆڵێکی سەربازیی فیدرالی بۆ کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، دەستی پێکرا بێت.

پێشتر لە میدیاکانی خۆجێیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنگۆی ئەوە بڵاوکرابوویەوە کە لە چوارچێوەی هەنگاوەکانی بەغدا بۆ کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکان، هێزەکانی دژەتیرۆر بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکان، گەیشتوونەتە هەرێمی کوردستان. دەستەی ناوبراو لە ڕاگەیەندراوەکەدا، جەختیکردووەتەوە کە هیچ هێزێکی فیدراڵ بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکان، نەگەیشتووەتە هەرێمی کوردستان، عێراق خاوەن نۆ دەروازەی سنووریی وشکانییە لەگەڵ ولاتانی دراوسێ کە ئەوانیش زرباتییە، شەلامجە، مونزەرییە، شیب لەگەڵ ئێران، سەفوان لەگەڵ کوێت تربیڵ لەگەڵ ئوردن، وەلید لەگەڵ سووریا، عەرعەر و عەرعەری نوێ لەگەڵ سعوودیە.

پێشمەرگە و هێزەکانی هاوپەیمانان 15 داعشیان کوشت

پێویستە ئەو بۆشاییە ئەمنییەی هەیە بە هێزی پێشمەرگە پڕ بکرێتەوە



هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشیان لە ڕۆژهەڵاتی چیای قەرەچوغ ئەنجامداوە. بە پێی ئەو ڕاگەیەندراوە، لە ئاکامی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکەدا15 چەکداری تیرۆریستی داعش کوژران.

هەر لەم بارەیەوە لیوا زریان شێخ وەسانی فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە سنووری مەخمور ڕایگەیاند: هێزەکانی هاوپەیمانان بە هاوکاریی هێزی پێشمەرگە بەردەوامن لە بۆردوومانکردنی داعش و بەو هۆیەوە 15 داعش کوژران، بەڵام بۆ بنەبڕکردنی داعش، پێویستە ئۆپەراسیۆنی زەمینی ئەنجام بدرێت.

لیوا زریان شێخ وەسانی، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی پارتیی ڕاگەیاندووە: لە بەردەوامیی بۆردوومانەکانی هاوپەیمانان لە سنووری مەخمور و چیای قەرەچوغ بۆ سەر مۆڵگەکانی داعش، 15 چەکداری دیکەی داعش کوژران و زیانی زۆریش بە مۆڵگەکانیان گەیشتووە.

ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگە گوتیشی: ئەو بۆردوومانانە بە هاوکاری و زانیاریی هێزی پێشمەرگەیە، کە پێشمەرگەش هەموو هاوکارییەکیان دەکات و ئەوانیش داعش بۆردوومانەکانی دەکەن. ناوبراو باسی لەوەشکردووە: هێزی پێشمەرگە ئامادەیە بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆنی زەمینی ئەنجام بدرێت، چونکە داعش بە بۆردوومان کۆتایی نایەت، بۆیە پێویستە ئۆپەراسیۆنێک ئەنجام بدرێت و ئەو بۆشاییە ئەمنییەی هەیە بە هێزی پێشمەرگە پڕ بکرێتەوە، ئەگەرنا داعش بەردەوام دەبێت و کۆتایی نایەت.

بەغدا پێنج ملیار دۆلار لە دەرەوە و 15 ترلیۆن دیناریش لە ناوخۆ قەرز دەکات

بڕیاردەری لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت، حکوومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی، بڕیاری داوە کە 5 ملیار دۆلاری دەرەوە و 15 ترلیۆن دیناریش لە بانکە ناوخۆییەکان قەرز بکات، کە هەرێمی کوردستانیش بەپێی ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا پشکی خۆی وەردەگرێت.

د. ئەحمەد سەفار، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: حکوومەتی عێراق بڕیاری داوە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی، قەرزی دەرەکی و ناوخۆیی بکات، بۆ ئەو مەبەستەش 5 ملیار دۆلار لە دەرەوە قەرز دەکات و لە ناوخۆش لە بانکی ڕافیدەین و ڕەشید و بانکە ناوخۆییەکانی دیکە، 15 ترلیۆن دینار قەرز دەکات.

سەفار لەبارەی پشکی هەرێم لەو قەرزەی حکوومەتی عێراق دەیکات، گوتی: هەرێمی کوردستان هاوشێوەی عێراق بەشی لەو قەرزەدا هەیە، بەڵام پشکی هەرێمی کوردستان لەو قەرزەی حکوومەتی عێراق دەیکات، بەپێی ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا دەبێت، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت کاتێک شاندی هەرێم سەردانی بەغدا دەکات، ئەو پرسانە هەموو یەکلا بکاتەوە.

www.xebat.net
یەک شەمە 2020/6/14 ژمارە (5952)

محەمەدی حاجی مەحمود بۆ «خەبات»:

هەتا شاخەکانی کوردستان مابن کوردیش هەر دەمێنێت

کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا کێشەی خاک و تەعریبکردن و دژایەتی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە



خەبات- مەریوان نەقشبەندی

سکرتێری حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی خەبات باس لەئایندەی کورد لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات وە تەئکید دەکاتەوە کە تەنها شاخەکانی کوردستان دۆستی راستەقینە و هەمیشەیی گەلی کوردن و نابێ کوردستان دەڵێت: کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا کێشەی مووچە نییە و کێشەی مووچەش نەبووە، بەڵکو کێشەی سیاسی و مێژوویی و کێشەی خاک و تەعریبکردنی کوردستان و دژایەتی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە لەپتەوکردنی قەوارەی ئیداری و ئابووری خۆیدا.

سکرتێری حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان هەروەها شاخەکانمان لەبیربکەین.

محەمەدی حاجی محمود سکرتێری حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان کە یەکێکە لەسەرکردە سەربازییە قارەمان و خاوەن هەڵوێستە نەتەوەییەکانیش لەلێدوانێکی تایبەت بۆ رۆژنامەی خەبات لەبارەی کێشەی نێوان حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت: کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا کێشەی مووچە نییە و کێشەی مووچەش نەبووە، بەڵکو کێشەی سیاسی و مێژوویی و کێشەی خاک و تەعریبکردنی کوردستان و دژایەتی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە لەپتەوکردنی قەوارەی ئیداری و ئابووری خۆیدا.

سکرتێری حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان هەروەها دەڵێت: حکوومەتەکانی عێراق لەدوای ڕووخانی سەددامەوە بە هاوکاری وڵاتانی ئیقلیمی و ڕەزامەندی و بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یەک لەدوای یەک هەوڵی دروستکردنی درز و ئاژاوەیان لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و پەرتکردنی گەلی کورد داوە و لوتکەی هەوڵەکانیان گەلەکۆمەیان بوو دژی بیارە مێژوویەکەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی خەڵکی باشووری کوردستان کە تووشی شۆک بوون کاتێ سووربوونی سەرکردایەتی سیاسی گەلی کورد و 92%ی دەنگدەرانی کوردستان دەنگیان بەسەربەخۆیی دا، بڕیە لەوکاتەوە هاجسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان ئۆقرەی لە سیاسییەکانی عێراق بڕیوە و کێشەی ڕاگرتنی بودجە و مووچەی حکوومەت و خەڵکی کوردستانیش ئەم ترسەیە نەک مەوزوعی تەسلیم کردن یان تەسلیم نەکردنی نەوت.

محەمەدی حاجی مەحمود گوتیشی: حکوومەتی هەرێم کارتی زۆر بەهێز و کاریگەریی لەبەردەستدایە کە لەبەرامبەر بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەدژی بەغدا بەکاربێنێ، بەڵام ئەو کارتانە کاتێ بەسوود و کاریگەر دەبێت کە کورد لەناوخۆیدا یەک دەنگ و یەک دەست بێت و واز لەچەلەحانەی حزبایەتی بێنێن و کێشە ناوخۆییەکانمان چارەسەر بکەین یان وەلاوەی بنێین.

هەروەها لەبارەی ڕۆڵی سەرۆک بارزانییەوە لەم بارودۆخەی کوردستان سکرتێری حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: سەرۆک بارزانی دەنگی یەکلاکەرەوەی لەهەر کێشەیەکی سیاسی عێراق و ناوچەکە هەیە و پێگە و مێژووی خەبات و پێشمەرگایەتی و سیاسی هیچ کوردێک و تەنانەت دوژمنانی کوردیش ناتوانن لەبەرچاوی نەگرن.

کاکە حەمەی حاجی مەحمود داوا لەخەڵکی کوردستانیش دەکات لەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان و جیهان بگەڕێنەوە بۆ دەشت و باخ و ئاو و کارە دەستییە جوانەکانیان بۆ ئەوەی بتوانین پشت بەخۆمان ببەستین چونکە ئەگەر چاوەسەر بۆ ئەم پەتایە و ئەم بارودۆخە خراپە نەدۆزرێتەوە ئەوا نەوت چارەسەری دەردی گەلان ناکات. هەروەها گوتی: شاخەکانی کوردستان هۆکاری سەرەکی مانەوەی کورد بووە دوای ئەم هەموو ئەنفال و کیمیاباران و تەعریب و کۆمەڵکوژییە، بۆیە دەبێ هەمیشە شاخ و دەشت و ئاو و باخەکانی کوردستانمان لەیاد بێت و بەوەفا بین بۆیان.



د.فەرسەت سۆفی

قەیران

وەک دەرفەتێک بۆ ریفۆرم و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی

لە ساڵی 2018 کاتێک یاسای چاکسازی لە کەرتی وەزیفەی گشتی تێپەڕی هەڵمەتێکی ناڕەزایی دژی یاساکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستپێکرد، بە بەهانەی خانەنشینی پلە تایبەتەکان، هەر بۆیەش یاساکە لە لایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان واژووی لە سەر نەکراو گەڕێندرایەوە کە ئەو کات گەڕاندنەوەی یاساکان لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان بوو بە پێی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم. ئەو کات لە پەرلەمان بووم و یەکێک بووم لەوانەی زۆر هەوڵماندا یاساکە تێپەڕ بکەن و هەرچی زووە دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت، چونکە زانیاری دروستم هەبوو کەسانێک کە دەیان بندیوار و مووچەی نایاساییان هەبوو لۆبیان دەکرد بۆ تێپەڕنەبوونی یاساکەو مەکینەی پەیجە ساختەکانیان خستبووە گەڕ، لە کۆتاییشدا سەرکەوتن و دوو ساڵ پرۆسەکەیان دواخست.

کاتێک لە 2020 یاساکە تێپەڕبوو خۆ خانەنشینی پلە بالاکانی هەڵنەوەشاندەوە، بگرە زۆر نزیک بوو لە ئەو یاسایەی لە ساڵی 2018 قبوڵ نەکرا، بەڵام بەرژەوەندیخوازەکان زانیان دەرچوواندنی یاساکە ئەم جارە بووەتە واقیع و ناتوانن پێشی لێبگرن بۆیە تێپەڕی. ئەمجارە دەیانەوێت یارییەک بکەن لە جێبەجێکردنی یاساکە تۆز و خۆڵ و غوبارێک دروست ببێت تێڕوانینی خەڵک پەرت بکەن. ئەوان لە قۆناغی ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر هەست بە مەترسی دەکەن، چونکە ئەوەی بوونیاتیان ناوە لە سەر دزی و کاری ناڕەواو نا شەرعی و قاچاخچیەتی خەریکە لە دەستی دەدەن. بۆیە هیوادارم خەڵکی کوردستان پشتیوانی پرۆسەی چاکسازی بکات و پێم وایە نابێ ئەم دەرفەتە لە دەست بدەین.

ڕاستە بەرپرسیاریەتی هەڵەو کەموکوڕییەکان لە ئەستۆی ئێمە دایە (بە تایبەتی پارتی و یەکێتی)، بەڵام هەر خۆشمان دەبێ چاکی بکەین و رۆژێک زووتر هەنگاوی بۆ بنێین باشترەو دەست بکەین بە ریفۆرمێکی سەرتاسەری و گشتگیر و ئومێدیشم وایە بەڕێزان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت و جێگری سەرۆکی حکوومەت و وەزیری دارایی و هەموو کاراکتەرەکانی دیکەی حوکمرانی بەیەکەوە ڕووبەڕووی تەحەدیاتەکان ببنەوەو ئێمەش بە هەموو توانامانەوە لە گەڵتانین و دڵنیام ئەم دۆخە سەختە ئابووریەش تێدەپەڕێنین و کوردستان سەلامەت و پارێزراو دەبێت.

لە ماوەی نزیکەی نۆ مانگی کارکردنم لە پارێزگای هەولێر ئیرادەیەکی پاک و دڵسۆزانە لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێم بەدی دەکەم و هیوای گەورەم لە سەر هەڵچنیوە، ئەم ئیرادەیە پێویستی بە پشتیوانی هەموومانە تا داری خۆزگەی هەموو نیشتمانپەروەرێک بێتە بەر لە سایەی حوکمڕانییەکی ڕەشید و دادپەروەر کە تیایدا هاوواڵاتی میحوەر بێت و حوکمی قانون بالادەست بێت.

گەورە تیرۆریستێک و ژمارەیەک چەکداری داعش دەستگیرکران

وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاند: هەوالگری سەربازیی بەرپرسی تۆڕەکانی گواستنەوەی چەکدارانی داعشی لەنێوان عێراق و سووریا و چەندین وڵاتی عەرەبی و ئەوروپی، دەستگیرکردووە. وەزارەتی بەرگریی عێراق لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە کە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا سەر بە سوپای عێراق بە هەماهەنگی تیمەکانی هۆبەی هەوالگری سەربازیی، ترسناکترین کەسی داعشیان لە گەڕەکی ڕفاعی لەبەری ڕاستی شاری مووسڵ دەستگیرکردووە.

بەپێی ڕاگەیەنراوەکە، ئەو تیرۆریستە ناسراوە بە ئەبو نمر و کاری گواستنەوەی چەکدارانی داعش و ئەندامانی خێزانەکانیان بووە لە عێراق و سووریا و چەندین وڵاتی عەرەبی و ئەوروپی. هەر بەپێی ڕاگەیەنراوەکە، ئەو تیرۆریستە سەرپەرشتی چەندین تۆڕی کردووە بۆ گواستنەوەی چەکدارانی داعش و ئەندامانی خێزانەکانیان لە عێراق و سووریا و چەندین وڵاتی عەرەبی و ئەوروپی و پەیوەندییەکی فراوانیشی هەبووە بۆ کارئاسانی لەم کارەیدا.

هەروەها ئاژانسی هەوالگریی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕاشیگەیاندووە کە شەش تیرۆریستی دیکەی داعش و یەک داواکراو لە نەینەوا، دەستگیر کراون. ئاژانسی ناوبراو ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەداوە کە هێزەکانیان بەپێی ماددەی چوار لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا، شەش تیرۆریستی داعش و یەک داواکراویان بەپێی ماددەی 28 لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرەکان، لە چەند ناوچەیەکی پارێزگای نەینەوا، دەستگیرکردووە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، دوو لەو دەستگیرکراوانە لە بەناو ویلایەتی دیجلە کاریان کردووە و بەشداریان لە چەندین کردەی تیرۆریستی دژ بە هێزە ئەمنییەکان و هاووڵاتیان کردووە، سێیەمیان لە بەناو فرقەی زات سواری ناسراو بە ئەبو سومەیە و چوارەمیان لە بەناو سەربازگەی وافیدین ناسراو بە ئەبو موسا و پێنجەمیان لە بەناو لیوا خالید بن وەلید ناسراو بە ئەبو ئیسلام و شەشەمیان لە بەناو فورسان ئەلحەرب ناسراو بە ئەبو هومام کاریان کردووە. ئاماژە بەوێشدراوە کە هەروەها داواکراوێک بەپێی ماددەی 28 لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرەکان، لە نەینەوا دەستگیرکراوە.

تەندروستیی کەرکووک: ژمارەی تووشبوانی کۆرۆنا گەیشتووەتە 262 کەس

«تا ئێستا نۆ کەس بەهۆی ئەو پەتایەوە گیانیان لە دەست داوە»

گوتەبێژی فەرمانگەی تەندروستیی کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، لە شاری کەرکووک تا ئێستا ژمارەی تووشبوان بە پەتای کۆرۆنا گەیشتووەتە 262 کەس و لە ناویاندا نۆ کەسیان گیانیان لەدەست داوە. سامان یابە، گوتەبێژی فەرمانگەی تەندروستیی کەرکووک، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: لە کەرکووک تا ئێستا 262 کەس تووشی پەتای کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیەش 138 کەسیان لە نەخۆشخانەن و 115 کەسیان چاک بوونەتەوە و نەخۆشخانەیان بەجێ هێشتووە و نۆ کەسیش بەهۆی هەمان پەتاوە گیانیان لەدەست داوە. گوتیشی: ڕۆژی هەینی 33 کەس تووشی کۆرۆنا پەتای بوون و 20 کەسیش چاک بوونەتەوە و کەسێکیش گیانی لە دەست داوە. بەپێی زانیارییەکانیش لە شاری کەرکووک لە ماوەی سێ ڕۆژدا 66 کەس تووشی پەتای کۆرۆنا بوون.

هیشام داود: ئەمەریکا خواستی نییە بنکەی سەربازی هەمیشەیی لە عێراق دابمەزرێنێت

ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیرانی عێراق، هیشام داود ڕایگەیاند کە ئەمەریکا خواستی نییە بنکەی هەمیشەیی لە عێراق دابمەزرێنێت. هیشام داود لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا وردەکارییەکانی قۆناغی یەکەمی گفتوگۆی ستراتیجی نێوان بەغدا و واشنتۆنی ئاشکرا کرد کە نۆینەری کوردیش بەشداری گفتوگۆکە بوو، هیشام گوتی: قۆناغی یەکەمی گفتوگۆی ستراتیجی بۆ عێراق تارادەیەک بەرهەمدار و سەرکەوتووبوو. باسی لەوەشکردووە کە عێراق هیچ ڤیتۆی لەسەر هاوکارییکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا نییە و گوتیشی: لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی باش، عێراق مامەڵە و هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی جیهان ئەنجام دەدات بە تایبەتیش لەگەڵ ئەمەریکا. سەبارەت بە دامەزراندنی بنکەی سەربازی ئەمەریکا لە عێراق، گوتیشی: ئەمەریکا خواستی نییە بنکەی سەربازی هەمیشەیی لە عێراق دابمەزرێنێت.

عێراق.. ئاسانکاری لە قەدەغەی هاتوچۆ



وەزارەتی تەندروستیی عێراق ڕایگەیاند کە لەمڕۆ یەکشەممەوە، قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە پارێزگاکاندا ئاسانکاری تێدا دەکرێت و هەر کەسێک پابەند نەبێت بە ڕێنماییەکانی خۆپارێزی و بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، سزا دەدرێت.

لەوبارەوە بریکاری وەزارەتی تەندروستیی عێراق، حازم جومەیلی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند ئەو ڕاسپاردانەی کە سەبارەت بە ئاسانکاریی لە قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە لایەن وەزارەتی تەندروستییەوە ئامادەکرابوو و دواتر لە کۆبوونەوەی پێشووی لیژنەی باڵای تەندروستیی و سەلامەتی نیشتمانی خرابووە ڕوو، ڕەزامەندی لەسەر نیشاندراوە.

حازم جومەیلی گوتیشی: لە ڕۆژی یەکشەممەوە لە کاتژمێر 5ی بەیانی تا کاتژمێر 6ی ئێوارە بەشێک لە قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە پارێزگاکاندا سووک دەکرێت، بەڵام بەو مەرجەی دەبێت هاووڵاتیان پابەندبن بە ڕێنماییەکانی خۆپارێزی بە تایبەتیش لە بەکارهێنانی دەستکێش و ماسک.

باسی لەوەشکرد کە لەچوارچێوەی ڕێنماییەکاندا لەکاتی ئاسانکاریی لە قەدەغەکردنی هاتوچۆ، ڕێگە بە هیچ جۆرە گردبوونەوەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی نادرێت، هەروەها دەبێت دوورەپەرێزیی کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکرێت، جگە لەوەش خاوەن فرۆشگاکان و کڕیاران ناچار کراون لەوەی دەبێت دەستکێش و ماسک بەکاربهێنن.

ناوبراو جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی هەر کەسێک پابەند نەبێت بە ڕێنماییەکانی خۆپارێزی و بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئەوە بەپێی ماددەی 368لە یاسای سزاکانی عێراق سزای توند دەدرێت.

جێی باسە تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە لە عێراق 17 هەزار و 770 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، لەو ژمارەیە 496یان گیانیان لەدەستداوە و شەش هەزار و 868ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.



شەنگە هاوارکاکەیی*

تەعریبی بە نهێنی و ئاشکرا لە کەرکووک و مەخموور

سیاسەتی تەعریبکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و گۆڕینی تۆپۆگرافیای ئەم ناوچانە پەیڕەوی سیاسەتێکی شکستخواز و تاکڕەوی، بێبەشبوونی رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقە و هەردەم پاڵنەرێکی بەهێز بووە بۆ هەڵگیرساندنی فتیلی ئاگری ناڕەزایەتییەکان لەبەرپابوونی ڕەوشی نائارامی و ناسەقامگیری لەم ناوچانەدا، بۆیە دەکرێ بڵێین بژاردەی پەیڕەوی سیاسەتێکی بێ بنەما و پڕ لە تووندوتیژی و دیاگۆگییەت زەبابییەت بوونیادنراوە، وەکو لەمپەڕ لە ڕێگەی دۆزی نەتەوایەتیی کورد، بەهۆی هەیمەنەتی ململانێی هێز لە هاوکێشە سیاسییەکاندا، بۆیە ئەم ناکۆکییانە لەژێر رکێفی ریهانی بێ هۆشی عەقڵییەتی فاشیستی ئیفلیج و شکستخواز پەیڕەو کراوە، وەکو درێژەپێدەرێک لە بەردەوامیەتی حیقد و ئیرەییەکی شاراوە لە دۆڕانی واقیعێکی چەقبەستوو و لە ئاگرخۆشکردنی ناکۆکییەکان لەم ناوچە کێشەلەسەرانەدا و لە هەڵپەساردنی ئەم ناکۆکییانە لەنێوان هەولێر و بەغدا بەشێوەیەکی ناجێگیر لە شێوەی هەڵچوون ، چونکە تا ئێستا هیچ هەوڵێکی جیدی نەنراوە بۆ ئاساییکردنەوەو دەربڕینی نیازپاکی لەلایەن حکوومەتی ناوەند بۆ چارەسەری ئەم کێشانە لەپاش رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی 2003 تا وەکو ئەمڕۆ وەکو چۆن ئاشکرایە بە پێچەوانەوە ئەوەی رووید رووبەری ناڕەزایەتییەکان بەرفراوانتر بوون لە خولقاندنی دیان بەربەستی سیاسی کۆنکرێتی و دووبارەبوونەوەیان بە تایبەتی پاش شازدەی ئۆکتۆبەر دەستبەسەرداگرتنی ئەم ناوچانە لەلایەن حەشدی شیعییەوە، بە ئامرازی جیاواز و شێوازی جیاواز لەوانە پابەندبوون بە سیاسەتی تەعریبی ژێربەژێر بە نهێنی بۆ سڕکردنی حیسی قەومی و مەدی تەیاری بەعسی عەرەبی راسیسزم لە ڕێگای بەزۆرەملێکردنی ئاوەزوومەندانەی هاووڵاتییانی سڤیل بەجێهێشتنی ڕاگواستنیان لەم ناوچانەدا بە فڕێدانی کارتی تەماحی مادەی بەکڕینی خانوو و ئەرزەکان بەپارەیەکی خەیاڵی بە ئامانجی چۆڵکردنی ناوچەکە لە خەڵکی ڕەسەن بوونیاد ناوەی ئەم شێوازە ژێربەژێرییە بن سێبەرە وەکو نەهەجێک لە پەیڕەوبوونی سیاسەتی تەعریبی نهێنی بەرپایە، ڕاستییەکان ناشارێتەوە کە پێی ڕاپۆرتە هەواڵەکان لە مەخموور سەرووی بیست و پێنج ماڵ لە کوردانی ئەم شارە خانووەکانیان ئاوەزوومەندانە فرۆشتووینە بەعەرەب و بیست و پێنجی بەفەرمی تۆمارکراون لە فەرمانگە تاپۆکردنی خانووبەرە لە ناوچەی مەخموور ژمارەیەکیش لەژێر مامەڵەی کڕین و فرۆشتن، ئەم دەرهاوێشتانە کە زەق بووتەوە لە مەدی عەرەبی ڕاسیزم لەم ناوچانەدا لە ماڵوێرانکردنی بەدەر هیچ سوودێکی نییە ، چونکە واقیعێکی تاڵتر ڕووی لەم ناوچە کردووە لە گۆڕینی ئاراستەی تبۆگرافی ئەم ناوچانەدا، شێوازی دووەم شێوازێکی ئاشکرایە کە بەپێی دواهەمین نووسراوی فەرمی کە لەلایەن ڕاکان جبووری پارێزگاری کەرکووک کە بەئاشکرا داوا لە عەشیرەتی شەمەر دەکات بگەڕێنەوە کەرکووک کە لە ساڵی 2003 بەجێیان هێشتووە و زاتیشیان بە عەرەبی ڕەسەنی کەرکووک لە قەڵەمیان دەدات و ئەمەش وەکوو ڕوونە پیلانێکی دیکەی داگیرکەرانە بۆ زێدی باپیرانمان.

ئەمانە دەرخەری ئەو ڕاستییەن لە نەمانی متمانەیی ڕیشەیی لە نەبوونی نیازپاکی دەسەڵاتی سیاسی عەرەبی عێراقی و لە ناڕوونی دیدگای سیاسی هێزی باڵادەست دەرهەق بە میللەتی کورد چ بە پێشێلکردنی مادە دەستوورییەکان چ بە دروستبوونی ململانێ و ناسەقامگیری تەنگەژەکانن، لەم ناوچە ناکۆکی لەسەرانە، ئێستا ئەم ناوچانە ڕەوشێکی ناجێگیر و چەقبەستوویان هەیە لە شنگال بە بەردەوامی لێککەوتن هەیە و دۆخی خانەقین و کەرکووک لەو باشتر نییە ، لەم سەروبەندەدا، ئەوەی ماوە بڵێین لە ئیفلیج بوونی عەقڵی سیاسیی عەرەبی تاکە ئامراز و تاکە کلیلی چارەسەری ریفراندۆم و سەربەخۆیە پلانی سەرۆک بارزانییە.

* ماستەر لە یاسای گشتی-زانکۆی حیکمە بەیروت



پارتی لەرابردوو و ئێستا و ئایندەدا



ئاری نانەکەلی*

پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ دروستبوونی و لە سۆنگەی باوەڕبوونی بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و مافە دیموکراتییەکانی گەلانی عێراق، وێڕای باوەڕی تەواوی بە پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان و گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکوومەتی عێراق، لەهەمان کات بەئامانجی پاراستنی بنەماکانی پێشکەوتنی سروشتی مافە دیموکراسییەکان و سیاسی و بەهێزکردنی پرەنسیپەکانی برایەتی و یەکێتییەکی ئاڕەزوومەندانە لە نێوان پێکهاتەکانی کوردستان و عێراق، هەمیشە خوازیاری دروستکردنی کۆمارێکی دیموکراتی فیدرالی عێراقی بووە، بەجۆرێک ئەو قەوارە سیاسییە دووربێ لە هەموو شێوازەکانی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و دانپێدانانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و پێکهاتەکانی تر لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی. ئەو شێوازە لە بەڕێوەبردنەی کە گەلی کورد هەمیشە بانگەشەی بۆ کردووە، لەپێناو بەدیهێنانی مافەکانی لەڕووی خۆبەڕێوەبردنەوە. بەڵام خواستەکانی سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان هەروەک چۆن لەسەردەمی پادشایەتی فەرامۆشکران، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی 14ی تەمووزی 1958 وێڕای ئومێدی زۆری گەلی کورد بە بەدیهێنانی ئامانجەکانی، جارێکی دیکە چوونەوە قاڵبی بێ ئومێدی.

شۆڕشی ئەیلوول وەک شۆڕشێکی سەرتاسەری و نەتەوەیی بەرپابوو لە ئەنجامی بێ ئومێدی و بەرگریەک لە مافە زەوتکراوەکانی گەلی کوردستان لەساڵی 11ی ئەیلولی 1961 بەرابەرایەتی مستەفا بارزانی ڕێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان هەڵگیرسا. لەو سۆنگەشەوە هەنگاوی نا بۆ بەڕێوەبردنی شۆڕش بەشێوەیەکی ڕێکخراو و سیستەمی دامەزراوەیی، لەڕێگای دروستکردن و دامەزراندنی هەموو ئەو ئامرازانەی دەبنە پێشکەوتنی هەوڵەکانی.

دامەزراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا بە دوو قۆناغی جیا لەیەکتری تێپەڕیوە، لەسەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕش لەساڵی 1961 تاوەکو لێکترازانی و دابەشبوونی حزبەکە بۆ سەر دوو بەش و باڵ لەساڵی 1964 بەهۆی یاخیبوونی بەشێک لە کادیرە پێشکەوتووەکانی لەسەر دانوستانەکانی شوباتی 1963ی نێوان سەرکردایەتی کورد و حکوومەتی عێراق، کە دەتوانین پێناسەی بکەین بە قۆناغی دەسەڵاتداری حزب لەسەر دامەزراوەکانی سیاسی و سەربازی و کارگێڕی و بەڕێوەبردن، قۆناغی دووەمیش لەوکاتەوە دەستی پێ دەکات کە سەرکردایەتییەکی هەمیشەیی بۆ جۆلانەوەی رزگاریخوازی کوردستان لە تشرینی یەکەمی 1964وە تاکو ڕێککەوتنامەی 11ی ئاداری 1970 دامەزرا بەناوی (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق) بۆیە دوای دامەزراندنی ئەو دامەزراوەیە کە زۆربەی پێکهاتەکانی کوردستانی تێدا کۆبوونەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغی دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 باشووری کوردستانی عێراق پێداگیری کرد لەسەر دانان بە پرسی فیدرالی بۆ باشووری کوردستان، کە ئەمەش بەپێی دەروازەی یەکەم لە بنەما سەرەکییەکان کە مادەی 1 لە پڕۆژەدەستووری هەرێمی کوردستان ژ عێراق لە 24ی حوزەیرانی 2009 پەسەند کراوە کە تێیدا هاتووە (کوردستان - عێراق هەرێمێکە لەنێو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا، سیستەمە سیاسییەکەی پەرلەمانی، کۆماری و دیموکراتییە و پشت بە فەرمانڕەوایی سیاسی و بنەمای لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دەستاودەست کردنی ئاشتی خوازانەی دەسەڵات لەڕێگەی هەڵبژاردنی گشتی ڕاستەوخۆی نهێنی و دەوریپەوە دەبەستێ)×.

لە قۆناغی دوایی ڕوخانی ڕژێمی حکوومەتی عێراق لەساڵی 2003 سەرکردایەتی کورد بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەشداربوو لە حکوومەتێکی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵ، مافەکانی گەلی کوردستان لە دەستووری عێراق چەسپێندرا، ئەویش بە فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان. بەپێی دەروازەی پێنجەم، دەسەڵاتی هەرێمەکان، بەشی یەکەم، هەرێمەکان، ماددەی117 خاڵی یەکەم، کە تێیدا هاتووە: (لە جێبەجێ کردنی ئەم دەستوورەدا دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی یەکگرتوو دەبێت).

لەم قۆناغەشدا پارتی دیموکراتی کوردستان پێداگیری کرد بو ئەنجام دانی ریفراندم بۆ سەربەخۆی کوردستان واتە بە دەوڵەت بوونی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕێگای گشت پرسی (ریفراندۆم) بۆ گەیشتنی بە مافەکانی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی یەکجارەکی.

لە 7ی حوزیرانی 2017 بە سەرپەشتی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە بارەگای بارزانی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بڕیاریان دا ڕۆژی 25 ئەیلوول 2017 گشت پرسی لە باشووری کوردستان ئەنجام بدریت، ئەوە بوو بەشێوەیەکی دیموکراسی و ئازادی وەک کەرنەڤال سەدا نۆرت و سێ هاونیشتمانیان دەنگیان بە بەڵێ دا

لە ئێستاشدا ڕێڕەوی کاروانی خەباتی پارتی بەردەوامی هەیە بە سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ بەرگری کردن لە خاکی پیرۆزی نیشتیمان و بەهێزکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و پشتگیری کردن و پاراستنی دەسکەوتەکان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و خزمەت کردنی هاوڵاتیان .

داهاتوو گەشە پارتی بۆ ئایندە بە جوانی دەڕوانی بڕیارە گرنگەکەش هەر پارتی داوایەتی بۆ کوردستانێکی بەهێز و گەیشتن بە ئاواتەکانی گەلی کوردستان و سەربەخۆیی.

* کارگێڕی لقی دوو (پ.د.ک).

تۆمارکردنی 119 حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە کۆرۆنا لە دوو پارێزگای عێراق

لە پارێزگاکانی نەجەف و زیقار باشووری عێراق، 119 حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، تۆمارکران. لەوبارەوە فەرمانگەی تەندروستیی نەجەف لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە کە لە تاقیگەکاندا، 51 حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) دەستنیشانکراون. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، تووشبووە نوێیەکان ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون. لە لایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی پزیشکی لە زیقار ڕایگەیاند کە 68 حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە کۆرۆنا لەو پارێزگایە تۆمارکراوە. ئەو سەرچاوەیە بە میدیاکانی خۆجێیی ڕایگەیاندووە کە 68 کەسی دیکە لە زیقار تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و لە نەخۆشخانە لە ژێر چاودێری پزیشکی دان. ئەمەیش لە کاتێکدایە، ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە عێراق تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، گەیشتووەتە 17 هەزار و 770 کەس و لەو ژمارەیە 496یان گیانیان لەدەستداوە شەش هەزار و 868ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

لە تورکیا لە هەشت مانگدا نزیکەی 1000 سکاڵا دژی پەرلەمانتارانی HDP تۆمارکراون



ڕووداو/ لە ماوەی هەشت مانگی ڕابردوودا نزیکەی هەزار سکاڵا لەلایەن داواکاری گشتیی پارێزگاکانەوە لە دژی پەرلەمانتارانی هەدەپە بۆ پەرلەمانی تورکیا بەرز کراونەتەوە. زۆرترینیان دژی سەزایی تەمەڵلی، هاوسەۆکی پێشووی هەدەپە و عومەر ئۆجەلان، نوێنەری پارێزگای ڕوهان. هەدەپە پێی وایە ئەوە بڕیارێکی سیاسییە، بەڵام بەرپرسانی ئاکپارتی دەڵێن سکاڵاکان تەنیا دژی پەرلەمانتارانی هەدەپە نین، بەڵکو لە دژی پەرلەمانتارانی ئاکپارتی و جەهەپە و ئی پارتیشن، پەرلەمانتار مافی ئەوەی نییە تاوان بکات.

ئەو سکاڵایانەی لەلایەن سکاڵاکەرانەوە ئامادەکراون، لە ڕێگەی وەزارەتی دادەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پارێزبەندی لە پەرلەمانتاران بۆ پەرلەمانی تورکیا نێردراوە. ئەگەر ئەنجوومەنەکە بە گونجاوی بزانێت، ئەوا دەتوانێت ئەو سکاڵایانە بۆ لێژنەی گشتیی پەرلەمان بنێرێت و بە دەنگدان پارێزبەندی لەسەر ئەو پەرلەمانتارانە هەڵبگیردرێت کە سکاڵایان لە دژ تۆمارکراوە.

میرال دانیش بەشتاش، یاریدەدەری هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە ڕایگەیاند: هەر ڕۆژەی بابەتێک دروستدەکەن. هەر قسەیەکی ئێمە، هەر کۆبوونەوەیەکمان دەکەنە تاوان. هیچ تاوانێکیشمان نییە. ئەوەیش بە بڕیارێکی سیاسی ئەو بابەتانە دروستدەکرێن. بە گوتەی بەرپرسانی ئەکەپە هیچ ئامانجێکی قەستی لەبارەی پەرلەمانتارانی هەدەپەوە نییە، تورکیا ولاتێکی یاساییە و هیچ کەسێک ناتوانێت لە دەرەوەی یاسا تاوان بکات.

تاوەکو ئێستا زۆرترین سکاڵا لەسەر سەزایی تەمەلی، هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە تۆمارکراوە. نزیکەی 50 سکاڵا لەسەر ئەو ڕەوانەی پەرلەمان کراون. دوای ئەویش زۆرترین سکاڵا لەسەر عومەر ئۆجالانی پەرلەمانتاری هەدەپە لە پارێزگای ڕوها تۆمارکراوە.

www.xebat.net
یەک شەمە 2020/6/14 ژمارە (5952) | خەبات

زانایانی ئەمەریکی: باشترین ڕێگە بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا بەکارهێنانی دەمامکە



تۆێژینەوەیەکی نوێی زانایانی ئەمەریکی دەریدەخات بەکارهێنانی دەمامک لە شوێنە گشتییەکاندا کاریگەرترین ڕێگەیە بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

تۆێژینەوەکە لە گۆڤاری "ڕێکارەکانی ئەکادیمیای نیشتمانیی زانست"ی ئەمەریکا بڵاوکراوەتەوە و ئەنجامەکەیشی ڕوونی دەکاتەوە کە سەرەکیترین ڕێگەی گواستنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەوایە.

ئەو کەسانەی ڕاپۆرتەکەیان ئامادەکردووە ژمارەیەک زانای کیمیا و پێکهاتە گازییەکان بوون و لە شێوازی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لە سێ شێوێن وردبوونەتەوە، ئەوانیش ووهان لە چین، باکووری ئیتاڵیا و شاری نیویۆرکن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

زانایان لە تۆێژینەوەکەیاندا سەرنجیان لەسەر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەو سێ شوێنە داوە. ئەوەیش پێش دەرچوونی فەرمانی بەکارهێنانی دەمامک لەلایەن خەڵکییەوە و دوای دەرچوونی فەرمانەکە و جێبەجێکردنی ئەو ڕێکارە خۆپارێزییە.

لێکۆڵەرەوەکان شیکارییەکی وردیان بۆ قۆناخەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لەو سێ شوێنە لەنێوان 23ی کانوونی دووەمی 2020 و 9ی ئایاردا کردووە. ئەوان هەندێک شتی سەرەکییان لە بەرچاو گرتووە و لێیان وردبوونەتەوە. لەوانەش ڕێنماییەکانی تایبەت بە مانەوە لە ماڵەوە، دووركەوتنەوە لە یەکدی، داخستنی قوتابخانە، ڕێستورانت و چالاکییە وەرزشییەکان، ڕێنماییەکان بۆ زۆر شۆڕینی دست و هەروەها فەرمانکردن بۆ بەکارهێنانی دەمامک.

بەرپرسانی چین لە ووهان بەشێوەیەکی سەرەکی هەندێک ڕێکاریان جێبەجێ کرد، لەوانە دوورکەوتنەوەی خەڵک لە یەکدی، کەمکردنەوەی قەرەباڵغی، قەدەغەی هاتووچۆ و پاشانیش فەرمانی بەکارهێنانی دەمامک لە کۆتایی کانوونی دووەمدا. لە ڕۆژی 9ی ئاداریشدا لە باکووری ئیتاڵیا و لە 22ی ئاداریشدا لە شاری نیویۆرک دوورکەوتنەوەی خەڵک لە یەکدی و قەدەغەی هاتووچۆ جێبەجێکران.

لە سەرەتای نیساندا بەرپرسانی باکووری ئیتاڵیا بڕیاریان دا کە دەبێت خەڵکی ئەو ناوچەیە لە 6ی نیسانەوە و خەڵکی ناوچەکانی دیکەی وڵاتیش لە 4ی ئایارەوە دەمامک بەکاربهێنن. هەر لە مانگی نیساندا بەرپرسانی نیویۆرک بڕیاریان دا کە دەبێت لە ڕۆژی 17ی ئەو مانگەوە خەڵکی نیویۆرک دەمامک بەکاربهێنن.

دوای وردبوونەوەیەکی زۆر لە ئەنجامی هەوڵەکەیان، زاناکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە بەکارهێنانی دەمامک وایکردووە لە ڕۆژانی 6ی نیسان تاوەکو 9ی ئایار زیاتر لە 78 هەزار کەس لە ئیتاڵیا تووشی کۆرۆنا نەبن و هاوکات لەنێوان 17ی نیسان تاوەکو 9ی ئایار زیاتر لە 66 هەزار کەس لە نیویۆرک تووشی نەخۆشییەکە نەبن. لە ڕێکەوتی 9ی ئایاردا 220 هەزار تووشبووی کۆرۆنا لە ئیتاڵیا و نزیکەی 185 هەزار تووشبوو لە نیویۆرک تۆمارکران.

زاناکان بەراوردێکیان کردووە لەنێوان ئاماری تووشبووەن بە ڤایرۆسەکە لەنێوان نیویۆرک لەو ڕۆژانەدا کە بەکارهێنانی دەمامک ناچاری بووە لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئەمەریکا کە بەکارهێنانی دەمامک ناچاری نەبووە. تۆێژەران بڕیان ڕوونبوەتەوە کە بەکارهێنانی پابەندبوون بە دەمامکەوە وایکردووە تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕۆژانە نزیکەی 3 لە نیویۆرک کەمبێتەوە، بەڵام لە شوێنەکانی دیکەی وڵات بە ڕێژەی 0.3ی ڕۆژانە بەرزبوونەتەوە.

زاناکان لە ڕێگەی تۆێژینەوەکەیانەوە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە دەستشۆرین گرنگە، بەڵام تەنیا بۆ ئەوەی ڤایرۆسەکە لە ڕێگەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆوە نەگوازرێتەوە، بۆ نموونە لە مێزێکەوە بۆ کەسێک. زاناکان ڕایانگەیاند، دەستشۆرین و ڕێنماییەکانی دیکە باش و گرنگن، بەڵام بۆیان ڕوونبوونەوە کە باشترین و سەرکەوتووترین ڕێگە بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لە هەوادا لە ڕێگەی دەمامکەوەیە، چونکە دەمامک وادەکات کەسێک تووشی ڤایرۆسەکە نەبێت کاتێک تووشبوویەک قسەی بۆ دەکات، لە نزیکی دەکۆکێت یان دەڕژمێت و کەسی تووشنەبوویش نەخۆشییەکە نەگرێت کاتێک هەناسە دەدات. زاناکان دەڵێن، کەواتە پێش ئەوەی پێکوتە بەردەستبێت، بەکارهێنانی دەمامک زۆر پێویستە، بەڵام لە هەمانکاتدا پشکنینی زۆر و کەرەنتینکردن و ڕێکارەکانی دیکەیش گرنگن.

سەرچاوە/ ڕووداو



تویتەر هەزاران ئەکاونتی سەر بە ئاکەپە و ئەردۆغانی داخست

ڕوانگەی ستانفۆرد: ئەو ئەکاونتانە پڕوپاگەندەیان لە دژی هێزە کورد‌ییەکان بڵاوکردووەتەوە

کۆمپانیای تویتەر ڕایگەیاند: 32,242 ئەکاونتی داخستووە بەهۆی پێشێلکردنی یاسا و ڕێساکانی بەکارهێنانی ماڵپەڕەکەیان، لەوانە 7340 ئەکاونتی سەر بە ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا و پارتی ئاکەپەی دەسەڵاتدار بوون.

بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا کۆمپانیای تویتەر ڕۆژی هەینی لە هەواڵێکیدا لەسەر بڵاگەکەی نووسیبەتی ئەو ئەکاونتانەی دایخستوون کە گرێدراون بە چین و ڕووسیا و تورکیا، دەشڵێت ئەوانەی چین 23,750 ئەکاونتن و ئەوانەی ڕووسیاش 1,152 ئەکاونت.

تویتەر ڕاشیگەیاند: لە سەرەتای ئەمساڵەوە بەم ئەکاونتە ساختانەی تورکیای زانیوە کە بە هەماهەنگی کاریان دەکرد و ئامانجی سەرەکییان خەڵکی ناو تورکیا بووە. بەپێی تویتەر، ئەکاونتەکان بە شانوباڵی ئاکەپەیاندا هەڵدەاوە و پشتیوانییەکی زۆریان لە سەرۆکی تورکیا کردووە. کۆمانیاکە باسی لەوەشکردووە، زانیارییەکانی ئەو ئەکاونتانەی نەسڕیوەتەوە و هەموویانی هەڵگرتووە و هەروەها داونی بە ئینستیتیوتی سیاسەتی ستراتیژیی ئوسترالیاASPI و بە ڕوانگەی ستانفۆردی ئینتەرنێت SIO تاوەکو تۆێژینەوەی خۆیانی لەسەر بکەن. هاوکات ڕوانگەی ستانفۆرد ڕاپۆرتێکی23 لاپەڕەیی لەم بارەیەوە بڵاوکردووەتەوە و دەڵێت: ئەو 7340 ئەکاونتەی تورکیا 36,948,524 جار تویتیان کردووە، ستانفۆرد لەلاپەڕەی 12ی ڕاپۆرتەکەی باس لەوە دەکات چۆن ئەو ئەکاونتە ساختانە لە کاتی هێرشی تورکیا بۆ سەر ناوچەکانی باکووری سووریا لە مانگی دەی ساڵی 2019 هەستاون بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە لە دژی هێزە کوردییەکان.

عێراق.. بە تۆمەتی بەشداریکردن لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانی ناسرییە

فەرمانی دەستگیرکردن بۆ دوو ئەفسەر و نۆ پۆلیس دەرکرا



بە تۆمەتی بەشداریکردن لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانی ناسرییە، سەنتەری پاریزگای زیقار باشووری عێراق، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ دوو ئەفسەر و نۆ پۆلیس دەرکرا. لەوبارەوە فەرماندەی پۆلیسی زیقار، حازم محەمەد ڕەزاق لە ڕاگەیەندراوێکدا، ڕایگەیاندووە کە فەرمانی دەستگیرکردن بۆ بۆ دوو ئەفسەر و نۆ پۆلیس لەو پاریزگایەن دەرکراوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، ئەو دوو ئەفسەر و نۆ پۆلیسە، بە تۆمەتی بەشداریکردنیان لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانی ناسرییە، فەرمانی دەستگیرکردنەکەیان بۆ دەرکراوە. لە ڕاگەیەندراوەکە داوا لە لایەنە پەیوەندارەکان کراوە کە ئەو دوو ئەفسەر و نۆ پۆلیسە دەستگیر بکرێن و ڕەوانەی دادوەریی بکرێت بۆ ئەوەی لە ڕووداوی خۆپیشاندانەکانی ناسرییە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

لە میانی مانگی تشرینی یەکەم تا مانگی کانونی یەکەمی ڕابردوو لەسەر پردی زیەتون ناوەڕاستی شاری ناسرییە، بەهۆی تەقەی هێزە ئەمنییەکانەوە، 45 خۆپیشاندەر کوژران و 100ی دیکەیش بریندارببوون. لە ماوەکانی ڕابردوودا، بۆ چەندین جار کەسوکاری ئەو خۆپیشاندەرانەی کە لە شاری ناسرییە کوژراون، داوایان کردووە، بکوژانی ڕۆڵەکانیان دادگایی بکرێن.

بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێیدا

سعوودیە تاتوێی هەڵوەشاندنەوەی ڕێوڕەسمی حەجی ئەمساڵ دەکات



دەسەڵاتدارانی سعوودیە تاوتوێی هەڵوەشاندنەوەی ڕێوڕەسمی حەجی ئەمساڵ دەکەن، ئەمەش یەکەمجارە لە مێژووی نوێی ئەو وڵاتەدا بڕیارێکی لەو شێوەیە بدرێت. ڕۆژنامەیەکی بەریتانی لە بەرپرسێکی باڵا لە وەزارەتی حەج و عەمرەی سعوودیەی گواستووەتەوە، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە تاوتوێی هەڵوەشاندنەوەی ڕێوڕەسمی حەجی ئەمساڵ دەکەن، ئەمەش یەکەمجارە لە تایمز"ی بەریتانی لە بەرپرسێکی باڵای سعوودی بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ناوەکەی بکات گواستوویەتییەوە بەوەی ڕیاز بە بایەخەوە تاوتوێی ئەم بابەتە دەکات، و بۆ ئەمەش چەند سیناریۆیەکی جیاوازی لەبەردەستدایە، لە میانی هەفتەی داهاتوودا بڕیاری پێویست لەمبارەیەوە دەدات.

بە گوتەی بەرپرسە سعوودیە، هەموو ئەگەرەکان کراوەن و کاری لەپێشینەی ئەوان تەندروستی و سەلامەتی حاجیانە.

ئەگەر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەچوونی حەجی ئەمساڵ بدرێت، ئەوا بەیەکەم بڕیاری لەو شێوەیە دادەنرێت لەوەتەی دامەزراندنی شانشینی سعوودیە لە ساڵی 1932ەوە.

میژووی نوێی ئەو وڵاتەدا بڕیارێکی لەو شێوەیە بدرێت، دوای ئەوەی ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سعوودیە گەیشتە 199 هەزار کەس.

ڕۆژنامەی "فاینانشیاڵ تاوەکو ئێوارەی ڕۆژی هەینی، لە سعوودیە، ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گەیشتووەتە 119 هەزار و 942 کەس، لەنێویاندا 893 گیانلەدەستدان هەبووە و 81 هەزار و 29 نەخۆشیش دوای چارەسەری پزیشکیی، چاکبوونەتەوە. لە میانی مانگی حوزەیراندا، هەریەک لە ئیندۆنێزیا کە گەورەترین وڵاتی ئیسلامییە لەڕووی ژمارەی دانیشتووان، هەروەها مالیزیا ڕایانگەیاند، وەک هەنگاوێکی خۆپارێزی لە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ ئەمساڵ، چوونی حاجیانیان لە وڵاتەکانیانەوە بۆ سعوودیە ڕاگرتووە.

تەنها لە بیست و چوار کاتژمێردا

909 کەس لە بەرازیل و 504 کەسی دیکەش لە مەکسیک گیانیان لەدەست دا

لە بەرازیل لە میانی تەنها ڕۆژی شەممەدا، 909 کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) گیانیان لەدەستداوە و بەوەیش کۆی گشتیی ئەو کەسانەی کە بەهۆی ئەو ڤایرۆسەوە لەو وڵاتە گیانیان لەدەستداوە، بۆ 41 هەزار و 828 کەس بەرزبووەتەوە. وەزارەتی تەندروستیی بەڕازیل دوایین ئاماری تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی بڵاوکردەوە. بەپێی ئامارەکە لە میانی 24 کاتژمێردا، 909 کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە و بەوەیش کۆی گشتیی ئەو کەسانەی کە بەهۆی ئەو ڤایرۆسەوە لەو وڵاتە گیانیان لەدەستداوە، بۆ 41 هەزار و 828 کەس بەرزبووەتەوە. وەزارەتی تەندروستیی بەڕازیل دوایین ئاماری تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی بڵاوکردەوە. بەپێی ئامارەکە لە میانی 24 کاتژمێردا، 909 کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە و بەوەیش کۆی گشتیی ئەو کەسانەی کە بەهۆی ئەو ڤایرۆسەوە لەو وڵاتە گیانیان لەدەستداوە، بۆ 41 هەزار و 828 کەس بەرزبووەتەوە. وەزارەتی تەندروستیی مەکسیک، لە 24 کاتژمێردا504 کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە مەکسیک گیانیان لەدەست داوە، بەمەش ژمارەی ئەوانەی بەهۆی ئەو پەتایەوە گیانیان لەدەست داوە گەیشتۆتە 16 هەزار448 کەس. هەروەها پێنج هەزار و 222 کەسی دیکەیش تووشی کۆرۆنا بوون، بەمەش ژمارەی حاڵەتە تۆمارکراوەکان گەیشتۆتە 139 هەزار و 196حاڵەت. بۆ یەکەم جارە لە 27ی ئایار ژمارەی ئەوانەی لە ڕۆژێکدا بەهۆی کۆرۆنا لە مەکسیک گیان لەدەست دەدەن، 500 کەسی تێپەڕاند.

پارتی و بزووتنەوەی تورکمانی بێلایەن و بزوتنەوەی دیموکراسیی تورکمان تەئکید لە هەماهەنگییەکان دەکەنەوە



عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبونی بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانییەکان و ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە کەنعان شاکر سەرۆکی بزوتنەوەی بێلایەنی تورکمان و کەرخی ئالتی بەرماغ سەرۆکی بزوتنەوەی دیموکراتی تورکمان کرد. لە دیدارێکدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی لەگەل سەرۆکی هەردوو بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن و بزوتنەوەی دیموکراسی تورکمان، باسیان لە پاراستنی یەکریزی و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوەژیانی نەتەوەی کوردو تورکمان لە پێناو خزمەتکردن بە ئەزموونی دیموکراسی و پێشکەوتنی سیستەمی حکومرانی لەکوردستان کردەوە، هەروەها بارودۆخی خۆپارێزی و کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆناو تەندروستی ناوچەکە بەگشتی و پرسە سیاسیەکانی ئەمڕۆی عێراق و پێکهێنانی کابینەی نوێ و بەشداری تەواوی پێکهاتەکان لە عێراق و کوردستان کرا، لەهەمبەر هەموو ئەم پرسانە تەئکیدیان لە هەماهەنگی و یەکگوتاری زیاتری لایەنە سیاسیەکان و تەواوی پێکهاتەکان کردەوە بۆ پاڵپشتی مافە دەستوریەکانی خەڵکی کوردستان. پاشان هەریەک لە کەنعان شاکر و کەرخی ئالتی بەرماغ ستایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد کە هەمیشە مافەکانی پێکهاتەی تورکمان لە پێشکەوتنی تەواوی کایەکانی ژیانی تورکمانیان لەبەرچاو گرتووە.



وێستگەی هەڵمیی خەبات بۆ کارکردن ئامادەیە

بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای هەولێر گوتی، بڕیارە وێستگەی کارەبای هەڵمی خەبات لە چەند رۆژی داهاتوودا بکەوێتە کار، کە 300مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنێت. حوسێن حەمەد، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند: تیمێکی کۆریایی سەرپەرشتیی دروستکردنی وێستگەی هەڵمی خەبات دەکەن، کە ئێستا گەڕاونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان و وێستگەکەش تەواو بووە، تەنها ماوە بکەوێتە کار، بۆیە ئێستا ئەو تیمە ئامادەکاری دەکەن بۆ ئەوەی تا 20ی ئەم مانگە بخرێتە کار، چونکە ئامادەیە بۆ کارکردن. حەمەد گوتیشی: زیادبوون و بەرهەمهێنانی 300مێگاواتی دیکەی کارەبا، دەبێتە هۆی ئەوەی سەعاتەکانی پێدانی کارەباش زیاتر بن، بۆیە لە هەوڵدابن لە وەرزی هاویندا بە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر کارەبا، بەرهەمهێنانی کارەبا زیاتر بکەین.

لە هەولێر و سلێمانی دەست بە وەرگرتنی گەنمی جووتیاران دەکرێت



بڕیارە ئەمڕۆ یەکشەمە دەست بە وەرگرتنی گەنمی جووتیارانی سنووری پارێزگای هەولێر بکرێت و بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر رایگەیاند، بڕی 110هەزار تۆن گەنم وەردەگیرێت.

هێمن سەید مورات، بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی و بەڕێوەبەری سایلۆی هەولێر بە وەکالەت بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند، رۆژی یەکشەمە 14ی حوزەیران، دەرگای سایلۆی هەولێر بۆ وەرگرتنی گەنمی جووتیاران دەکرێتەوە، کە سەرەتا لە جووتیارانی سنووری قوشتەپەوە دەستپێدەکەن و دواتریش بەگوێرەی رۆژی دروێنە، گەنمی ناوچەکانی دیکە وەردەگرن کە بە گشتی 110 هەزار تۆن وەردەگیرێت.

پرۆسەی وەرگرتنی گەنم، 40 بۆ 45رۆژ دەخایەنێت. هێمن سەید مورات گوتی: ناوچەکانیش دابەشکراون لەبەرئەوەی لەبەردەم سایلۆدا قەرەباڵخی دروستنەبێت و بەشێک لە جووتیاران بەهۆی زۆر ماندوەیان کرێیان لەسەر نەکەوێت.

لە سنووری سلێمانیش 165 هەزار تۆن گەنم وەردەگیرێت، سلێمانی و ئیدارەی راپەڕین 110هەزار تۆن، ئیدارەی گەرمیان 35 هەزار تۆن و هەڵەبجەش 20 هەزار تۆن. بەگوتەی نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی، 12 شوێن لە تەواوی هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنی گەنم ئامادەکراون شەش شوێن لە سلێمانی ?چوار لە دهۆک و دوو شوێنیش لە هەولێر.

هاوکات لیژنەی باڵای وەرگرتنی گەنمی جووتیاران لە پارێزگای هەولێر رایگەیاند، یەکەم شوێن جووتیارانی سنووری شاڕۆچکەی قوشتەپە دەتوانن گەنمەکانیان رادەستی سایلۆی هەولێر بکەن.

ئەمسااڵ حکومەتی عێراق بڕیاریداوە 390 هەزار تۆن گەنم لە جووتیارانی کوردستان بە نرخی پاڵپشتیکراو وەربگرێت، بۆ هەر تۆنێکی پلە یەک 560 هەزار دینار و پلە دوو 480 هەزار دینار و پلە سێیش 420 هەزار دینار دانراوە.

رۆژی چوارشەمەی رابردوو، لە پارێزگای دهۆک دەست بە وەرگرتنی گەنمی جووتیاران کرا. لەو پارێزگایە زۆرترین بڕی گەنم وەردەگیرێ کە115 هەزار تۆنە، لە سلێمانی و هەولێریش بۆ هەریەکەیان بڕی 110هەزار تۆن و لە گەرمیان 35هەزار تۆن و لە پارێزگای هەڵەبجەش 20 هەزار تۆن گەنم وەردەگیرێت.

سۆران... لە ئەمڕۆوە هاووڵاتیان دەتوانن دەست بە مامەڵەی تاپۆکردنی خانووەکانیان بکەن



عەبدولقادر ئیسماعیل، بەرپرسی راگەیاندنی قایمقامیەتی قەزای سۆران، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی راگەیاند: ئاگاداری تەواوی هاووڵاتیانی سنووری شارەوانیی سۆران دەکەینەوە، کە لەلایەن لیژنەکانی باڵای تاپۆکردنی خانووە زیدەڕۆکانەوە بڕیار دراوە خانووە زیدەڕۆکان تاپۆبکرێن، بۆیە بەپێی یاسای ژمارە 3ی ساڵی ?2019لە رۆژی یەکشەمەوە رێکەوتی 14-6-2020دەتوانن داواکارییەکانیان بهێنن بۆ قایمقامیەتی قەزای سۆران بە مەبەستی دەستپێکردنی رێکارەکانی تەملیککردن.

بەرپرسی راگەیاندنی قایمقامیەتی قەزای سۆران ئەوەشی خستە ڕوو: ئەمە هەنگاوێکی گرینگە بۆ سوودگەیاندن بە هاووڵاتیان کە ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبێت، تاوەکو هاووڵاتیان بتوانن خانووەکانیان تاپۆ بکەن.

تەندروستیی هەرێم رێگایەکی نوێ لەگەڵ بەشێک لە تووشبووانی کۆرۆنا بەکاردەهێنێت

د. دلۆڤان محەمەد، بەڕێوەبەری تەندروستیی هەولێر بە کوردستان 24ی راگەیاند، بەگوێرەی رێنماییەکانی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ئەو نەخۆشخانەی بۆ ماوەی 11 رۆژ لە نەخۆشخانە مانەوە و هیچ نیشانەیەکییان نەبوو، وەکو چارەسەرکراو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی هەولێر بڕیاریداوە هەمان رێگا بەکاربهێنن، ئەو جۆرە نەخۆشخانە بۆ مالەوە رەوانە بکەنەوە و لەوێ خۆیان کەرەنتین بکەن. راشیگەیاند، 265نەخۆش لە ژێر چاودێرین و لە ئەگەری زیادبوونی ژمارەکان، نەخۆشخانەکان زیاد دەکەین.

لەبارەی بەکارهێنانی بەشە بەرپرسانی تەندروستی هەرێمی کوردستانیش بڕیاریانداوە هەمان رێگا بەکاربهێنن، ئەو جۆرە نەخۆشخانە بۆ مالەوە رەوانە بکەنەوە و لەوێ خۆیان کەرەنتین بکەن. راشیگەیاند، 265نەخۆش لە ژێر چاودێرین و لە ئەگەری زیادبوونی ژمارەکان، نەخۆشخانەکان زیاد دەکەین.

لەبارەی بەکارهێنانی بەشە ناوخۆییەکان، د. دلۆڤان گوتی، دوای بەکارهێنانیان بەجۆرێک پاکدەکرێنەوە کە هیچ ئاسەوارێکی ڤایرۆسەکەیان تێدا نامێنێت. هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد، تەنها سێ نەخۆش لە هەولێر لە ژێر هەناسەی دەستکردن، ئەگەر پێویست بکات پلازمای خوێنی چاکبووەوەکانیش بۆ نەخۆشەکان بەکاردەهێنن.

تەندروستیی هەڵەبجە: خەریکە بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا لە کۆنترۆڵ دەردەچێت



لیژنەی رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە هەڵەبجە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا رایگەیاند، 16تووشبووی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەکانی پارێزگای هەڵەبجەن و تەندروستیی دوو لە تووشبووەکان ناجێگیرە. هۆشداریش دەدات ئەگەر ڤایرۆسەکە لەم دۆخەی ئێستای نەوەستێنن کارەساتی گەورە رووبدات. د. جیهاد ئیبراهیم، سەرۆکی تیمی کۆرۆنا لە هەڵەبجە لە کۆنگرە رۆژنامەڤانییەکەدا قسەی کرد و رایگەیاند، ئەگەر کۆرۆنا نەوەستێنین، کارەساتی گەورەی تەندروستی لە هەڵەبجە رووبدات. د. جیهاد ئیبراهیم لە پەیامێکیدا بۆ هاونیشتمانیانی هەڵەبجە ئامارژەی بەوە کرد، ناکرێت چاو لە راستییەک دابخەین و رازیبین بەوەی بگوترێت کۆرۆنا نییە، کۆرۆنا جیددییە و نەیوەستێنین کارەساتێکی گەورە رووبدات. لە هەڵەبجە یەک نەخۆشخانە بۆ تووشبووانی کۆرۆنا تەرخانکراوە، سەرۆکی تیمی رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا دەڵێت، ئێستا توانای وەرگرتنی کەمتر لە 50 تووشبوویان هەیە. ئەگەر نەخۆشخانەی دووەمیش بکرێتەوە، بە هەموو ئەو توانا مرۆییەی لەبەردەستیانە ناتوانن لە100 نەخۆش زیاتر وەربگرن. بە گوتەی د. جیهاد ئیبراهیم، تەندروستیی هەڵەبجە توانای سنووردارە، بۆیە داوا لە هاونیشتمانیانی ئەو پارێزگایە دەکات خۆیان بپارێزن و پابەندی رێنماییە تەندروستییەکان بن. تیمی رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، بە دەم تەندروستیی هەڵەبجەوە بچێت و پێداویستییە پزیشکییەکانیان بۆ دابین بکات، دەڵێت ئێمە توانای خۆمان دەزانین، دۆخەکە یەک تۆزی دیکە لەمە ناڕەحەتترببێت، توانای وەستاندنیمان نییە.

مێرگەسوور... پێداویستیی تایبەت بە خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەسەر قوتابیان دابەشکران

مسلم دزلەمەری- پارزان: لەدەرێژەی کاروچالاکییەکانی خۆیانداوخزمەتکردن بە تووێژی قوتابیان لقی مێرگەسووری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە سنووری قەزای مێرگەسوور بۆ پاراستنی گیانی ئەو قوتابیانەی کە بەشداری تاقیکردنەوەکانییان کردووە لە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەستان بە دابەشکردنی دەستەوانەو دەمامک بە سەر ژمارەیەک لە قوتابخانەکانی ئامادەیی سنووری پەروەردەی مێرگەسور بەمەش کارئاسانی ودڵخۆشی ئیدارەکانی قوتابخانەکان و قوتابیانی لێکەوتەوە.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز؛ کاک حەمەلاو شوانی

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(نەفیسا محەمەد سالح)دایکی بەڕێزتانمان ئێگەیشت.

پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین دایکی کۆچکردووتان بەر دلۆڤانی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان خانەوادەی شەهید سەعدون سەید غەریب جەباری

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی حاجی سانیە حەمە حوسێن ئاغای هەمەوەندی دایکی شەهیدی سەرکردە سەعدون سەید غەریب جەباری و شەهیدان خەبات، نەزاد، سەرکەوت و ئیسماعیل. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە تێکۆشەرە و کوردپەروەرەکەتان و تەواوی خزم و ئاشنایانتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. داواکارین لە خودای گەورە سەبر و ئارامی بە هەموولایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

www.xebat.net
یەک شەمە 2020/6/14 ژمارە (5952)

تادێت ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان بەرزدەبێتەوە

لەڕووی زۆریی ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا ئەمریکا لە پلەی یەکەمدا دێت



ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە جیهاندا گەیشتە نزیکەی هەشت ملیۆن کەس

خەبات: عەلی بانیشاری

ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەرتاسەری جیهاندا تادێت ڕوو لەزیادبوون دەکات. بەپێی ئامارە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی (وۆرڵد ئۆ میتەر) تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە لەتەواوی جیهاندا حەوت ملیۆن و 739هەزار و 831کەس تووشی ڤایرۆسەکە بوون. لەڕووی ژمارەی توشبووان بە کۆرۆنا ئەمریکا لە پلەی یەکەمدا دێت کە تائێستا لەو وڵاتە دوو ملیۆن و 116هەزار و 922 کەس تووشی ڤایرۆسەکە بوون و 116هەزار و 825 کەسیش بەو هۆیەوە گیانیان لەدەستداوە. پزیشکێکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی سنگ و بۆری هەوا دەڵێ: تاکەمترین بەریەککەوتن هەبێت، کەمتر خەڵک تووشی ڤایرۆسەکە دەبن.

وۆرلد ئۆ میتەر بڵاویکردووەتەوە، لەسەر ئاستی جیهاندا تا ڕۆژی شەمە 428هەزار و 337کەس کە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون هەزار و 902کەس تووشی ڤایرۆسەکە بوون و 41هەزار و 901کەسیش گیانیان لەدەستداوە.

هەرچی سەبارەت بە وڵاتی ڕووسیاشە لەسەر ئاستی جیهان لە پلەی سێیەمی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دێت، لەو وڵاتە 511هەزار و 423کەس تووشی ڤایرۆسەکە بوون و شەش هەزار و 715 کەسیش گیانیان لەدەستداوە. وڵاتی عێراقیش لەڕووی زۆری ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لەسەر ئاستی جیهاندا تا ڕۆژی شەمە لە پلەی 46دا هاتووە، بەشێوەیەک لەعێراق 17هەزار و 770کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 715 کەسیان گیانیان لەدەستداوە.

وەزارەتی تەندروستی ڕووسیا 10ی ئەم مانگە بڵاویکردەوە لەم هەفتەیدا دەرمانی(ئەڤیفاڤیر) بەخۆڕایی دەگاتە نەخۆشخانەکانی وڵاتەکەی و دەتوانن بۆ چارەسەری تووشبووانی کۆرۆنا بەکاربهێنن. وەزارەتی تەندروستی عێراق ڕایگەیاندووە دەرمانی ئەڤیفاڤیر لە ڕووسیا دەکڕێت. بۆ یەکەمجار لە 24ی شوباتی ئەمساڵ یەکەم حاڵەتی تووشبوون بەڤایرۆسی کۆرۆنا لەعێراق تۆمارکرا. وەزارەتی تەندروستی تورکیا ڕۆژی هەینی ڕایگەیاند دەرمانی (Favicovir)ی دروستکردووە کە بۆ چارەسەری تووشبووانی کۆرۆنا بەکاردێت.

هەریەک لە وڵاتانی ئەمریکا و ئەڵمانیا و فەڕەنسا و بەریتانیا و چەند وڵاتێکی دیکە لە هەوڵی بەردەوامدان تا پێکوتەی ڤاکسینی تایبەت بە کۆرۆنا بدۆزنەوە. زانایانی زانکۆی ئۆکسفۆردی بەریتانی ڕایگەیاندووە لەدۆزینەوەی پێکوتەیەک بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا نزیکبوونەتەوە. هەواڵەکانی زانایانی زانکۆی ئۆکسفۆرد بووە مانێشتی بەشێک لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. لەنوێترین لێدوانیدا تێدرۆس ئەدهانۆم، بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕایگەیاند: لەسەرتاسەری جیهاندا کۆرۆنا بەرەو خراپتر دەڕوات.



جووتیارێک: هێشتا پارەی گەنمی ساڵانی 2014و 2015م وەرنەگرتووە، کەچی ڕەنج و ماندووبوونی ئەمساڵیش بەهەدەرچوو

لەماوەی یەک هەفتەدا نزیکەی 5 هەزار دۆنم گەنم و پووش و پاوان لە سنووری هەڵەبجە و شارەزوور سووتاون

خەبات: عەلی بانیشاری

بەپێی چەند ئامارێکی نافەرمی لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە و دەشتی شارەزوور لە ماوەی یەک هەفتەدا نزیکەی 5هەزار دۆنم گەنمی جووتیاران و پووش و پاوان سووتاوە. بەوتەی جووتیارانی سنوورەکە هۆکاری سەرەکی ئاگرکەوتنەوەکان فڕیدانی "جگەرە"یە. یەکێک لەو جووتیارانەی 7دۆنم گەنمی سووتاوە دەڵێت: هێشتا پارەی گەنمی ساڵانی 2014و 2015م وەرنەگرتووە کە چەچی ڕەنج و ماندووبوونی ئەمساڵیش بەهەدەرچوو. جووتیارێکی دیکەش داوا لە حکوومەتی هەرێم دەکات قەرەبووی زیانەکانیان بکاتەوە. وتەبێژی بەرگری شارستانی هەڵەبجە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو نادیارن.

بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی هەڵەبجە ڕایگەیاند: 9ی ئەم مانگە توانیوویانە ئاگرێک لە شاخی بەمۆکە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیان نەبووە کۆنترۆڵ بکەن کە بۆ ماوەی 3 ڕۆژ بوو ئاگرەکە بەردەوام هەبوو. بەڕێوەبەرایەتییەکە بڵاویکردووەتەوە بۆ ماوەی 6 کاتژمێر تیمەکانییان بە بەردەوامی سەرقاڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکەی شاخی بەمۆ بوون. شاخی بەمۆ دەکەوێتە نێوان ناحیەی مەیدان لە سنووری ئیدارەی گەرمیان و ناحیەی بەمۆی سەر بەپارێزگای هەڵەبجە.

کێشەی زوو کۆنترۆڵ نەکردنی بەشێک لەو ئاگرانەی لە ناوچە شاخاوییەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە دەکەنەوە بۆ بوونی "مین و تەقەمەنی" دەگەڕێتەوە. 2ی ئەم مانگەش بەهۆی کەوتنەی دوو ئاگری گەورە لە گوندەکانی(خێڵی حەمە، بانیشار، عامورە، تەپەکۆرە، دەرەشیش) لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە زیاتر لە 3هەزار دۆنم گەنمی جوتیاران و پووش و پاوان سووتا. زانیار عومەر، وتەبێژی بەرگری شارستانی هەڵەبجە ڕاگەیاند: ئاگرکەوتنەوەکان بەهۆکاریکی نادیار نەبوون.

عەلی حەمەلاو، یەکێک لەو جووتیارانەی چەندین بەهۆی ئاگرکەوتنەوەکەی 2ی مانگی گوندی بانیشاری سەر بە پارێزگای هەڵەبجە زیانێکی زۆری بەرکەوتووە. ئەو دەڵێت: بەشێک لە ئاگرکەوتنەوەکان بەهۆی فڕیدانی جگەرەوەیە، جگەرەکێش دوای کێشانی جگەرەکەی بە تەواوی ناکوژێنێتەوە و دەبێتە هۆی ئاگرکەوتنەوە. دەشڵێت: بڕیار بوو دوای چەند ڕۆژێکی تر دەڕاسە گەنمەکەم بۆ بدوورێتەوە، بەڵام ئاگر هیچی بۆ نەهێشتمەوە. ناوبراو سوپاسی تیمەکانی بەرگری شارستانی و پۆلیسی دارستان دەکات کە هەوڵێکی زۆریان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە داوە. عەلی حەمەلاو داوا لە حکوومەتی هەرێم دەکات قەرەبووی جووتیارە زیان لێکەوتووەکان بکاتەوە.

هەر بەهۆی ئاگرکەوتنەوە 6و 7ی مانگ لە گوندەکانی(بێڕەشکە، کانی سپیکە) لە سنووری شارەزوور نزیکەی 2هەزار دۆنم گەنم و پووش سووتا، پاش هەوڵێکی زۆر تیمەکانی بەرگری شارستانی سەیدسادق توانیان ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن. کەریم مەحمود، جووتیارێکی نیشتەجێی قەزای سەیدسادقە، ئەو دەڵێت: بەهۆی ئاگرکەوتنەوە 7 دۆنم گەنم سووتاوە و زیانێکی زۆرم بەرکەوتووە. ئەو جووتیارە گوتیشی: هێشتا پارەی گەنمی ساڵانی 2014و 2015م وەرنەگرتووە کە زیاتر لە 5ملیۆن دینارە. کەریم مەمحمود کە ماوەی 28ساڵە جووتیارە دەشڵێت: دەبێت ئەو کەسانە سزای توند بدرێن کە دەبنە هۆی ئاگرکەوتنەوە و مالوێرانکردنی خەڵک. ئەوەشی گوت: ئەگەر سزای توند دانەندرێت بۆ ئەو کەسانەی ئاگر دەخەنەوە، هەموو ساڵێک جووتیار تەنها ماندووبوونی بۆ دەمێنێتەوە.


قوتابیەکی پۆلی 12

قوتابیانی پۆلی 12 تاکە قۆناغی خوێندنن لە هەرێمی کوردستان تاقیکردنەوەی وەرزی دووەمیان ئەنجامدا




خەبات/ ڕۆشنا عەلی

تەنها بۆ ئەمسالّی خوێندنی 2019-2020بەشێک لە قوتابیانی پۆلی 12ی ئامادەیی تاکە قۆناغی خوێندن بوون کە بەشداری تاقیکردنەوەکانی وەرزی دووەمیان کرد تەنها ئەمسالّیش 10ئمرەی بڕیاریان پێدرا و بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە هەر قوتابییەک تا سێ وانە کەوتبێت تاقیکردنەوە ئەنجام نادات و بەشداری تاقیکردنەوەی وزاری دەکات. بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە هەر قوتابییەک تا سێ وانە کەوتبێت تاقیکردنەوە ئەنجام نادات و بەشداری تاقیکردنەوەی وزاری دەکات.

بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پرۆسەی خوێندن لە جیهان دروستکردو ئەم کاریگەرییە هەرێمی کوردستانیشی لێ بەدەر نەبوو بەهۆی زۆری ژمارەی قوتابیان و سەلامەتی تەندروستییان لە ڕێکەوتی 26-2-2020پڕۆسەی خوێندن ڕاگیرا لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن، دوای دوو مانگ دابڕانی قوتابی ئەستەم بوو گەڕانەوە بۆ خوێندن و تاقیکردنەوەکان، هەرچەندە وادەکەی دیاریکرا کە تاقیکردنەوەکانی وەرزی دووەمی هەموو قۆناغەکان ئەنجامبدرێت، بەڵام دیسان سەری نەگرت و بڕیاردرا کە وەرزی یەکەمی خوێندن بکرێتە بنەمای دەچوون بۆ وەرزی دووەمیش، بەمجۆرە کۆتایی بەسالّی خوێندن هات، بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردەش کە لە 30-5-2020دەچووە ئامادە بەوە دەدات کە قەرەبووی خوێندن لەسالّی ئایندە دەکرێتەوە داواش لە پسپۆڕان و سەرپەرشتیاران وشارەزایان و مامۆستایانی بواری پەروەردە لەڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکان کراوە کە ڕاو پێشنیارەکانی خۆیان بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو تا 1-8-2020بنێرن بەمەبەستی سوود وەرگرتن لێیان، بەمجۆرە تاکە قۆناغیش کە بەشێکیان تاقیکردنەوەیان ئەنجامدا پۆلی 12بوو کە ئەوانیش بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە تەنها ئەو قوتابییانەی گرتەوە کەلە 3وانە زیاتر کەوتوون دوای 10ئمرەی بڕیاریش کەتەنها بۆ ئەمسالّ بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی تەندروستی بە قوتابییان درا واتە پاش سوود مەند بوون لە 10ئمرەی بڕیار ئەو قوتابیانەی لەسێ وانە زیاتر دەرنەچوونێتێ لەوەرزی یەکەم و چوار وانە زیاتری هەبێت لە ڕێکەوتی 7-2020-6تاقیکردنەوەیان ئەنجامداو بەردەوامە تا ئێستا، کە قوتابیان مەرجە ڕێنماییە تەندروستییەکان جێبەجێ بکەن و پابەند بن، بەمجۆرەش بەشێکی کەمی قوتابیانی پۆلی 12ی ئامادەیی بەشداری تاقیکردنەوەکان بوو.

خۆپاراستن و کارامەییەکانی ژیان


بەکر کەریم حەسەن*

فەیلەسوفی ئەمریکی جۆرج هربرت دەڵێ: (متمانە بەخۆبوون و هەبوونی کارامەیی، سوپایەکە نا بەزێندرێ).

گومانی تێدانییە (کارامەییەکانی ژیان) بۆ هەموو تاکێک زۆر گرنگە و بەشێکە لەژیانی ڕۆژانە پێویستە پەرەی پێ بدرێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە پێویستە لە قوتابخانەکان بخوێندرێ، چونکە لە زووەوە لە سەرتاسەری جیهان گرنگی و بایەخی زۆر بەو بابەتە دەدرێ لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی ڕێکخراوی یونیسێف کە لە ڕاپۆرتی خۆیدا ئاماژەی پێداوە کە لە (164)سەدوشەست و چوار وواڵات کارامەییەکان لە قوتابخانەکانیان دەخوێندرێ بۆ چاک کردن و باشترکردنی خووڕەوشت وڕەفتاری تاکەکان، هەروەها یونیسێف داوا دەکات کە چۆن خۆمان فێری خۆپارێزی تەندروستی بکەین لە کارامەییەکانی ژیان، کە چۆن کارامەییەکانمان پەرەی پێ بدەین لەلای گەنجەکان و تاکەکان کە بەرپرسیارانە ڕەفتار بکەن، هەست بەلێپرسراویەتی بکەن لە ژیانیاندا و پراکتیزەی ڕەفتاری تەندروستی بکەن، هەر لە سەر ئەو بنەمایە هەردوو وواڵاتی (زیمبابوێ و تایلەند) بەرنامەی فێرکردنی تەندروستی لە سەر کارامەییەکانی ژیان جێ بەجێ دەکەن بۆ خۆ پاراستن لە ڤایرۆسەکان و بەهێزکردنی بەرگری لەش، بۆیە گرنگە خۆپاراستن وخۆپارێزی لە ڤایرۆس و نەخۆشییەکان یەکەیەک بێت لە یەکەکانی بەرنامەی کارامەییەکانی ژیان لە قۆناغی بنەڕەتی کە قوتابی فێر بکرێ چۆن خۆی دەپارێزێ و خۆی پاک و خاوێن ڕادەگرێ و پارێزگاری لە جەستە ولەشی دەکات، جل وبەرگ و پێداویستییەکان بە پاکی ڕادەگرێت، جگە لەوانەش گرنگە هەر لە کارامەییەکانەوە قوتابی فێر بکرێ کە گرنگی وچاودێری ژوور و ماڵ وکەلوپەلەکانی بکات، چۆن پێداویستییەکانی جێ بەجێ دەکات، هەروەها لە دەرەوە چۆن ڕەفتار دەکات لە شوێنە گشتییەکان چۆن خۆ پارێزی لە نەخۆشییەکان و ڤایرۆسەکان دەکات، ئەوانە هەمووی دەچێتە چوارچێوەی ووشیارکردنەوەی قوتابی لە قوتابخانە لە ڕێگای پرۆگرام و پەرتووکی قوتابخانە بەتایبەتی بابەتی کارامەییەکانی ژیان کە لە سەرتاسەری جیهان لە زووە وە گرنگی زۆر بەو بابەتە دراوە. لە هەرێمی کوردستانیش چەند مانگێک بەر لە ئێستا ئەو بابەتە وەکو تاقی کردنەوە لە (200)قوتابخانە دەخوێندرێ لە هەموو هەرێمی کوردستان، بەڵام وەکو پێویست زانیاریم نییە کە ناوەڕۆکی پەرتووکەکان باسی چی دەکەن، ئایا بابەتەکان وەرگێردراون یانیش ئەزموونی ووڵاتانە و هێناوەتە کوردستان، یانیش لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بابەتەکانی نوسراونەتەوە؟ زانیاری ناوەڕۆک و ئامانجی بابەتەکانم نییە، بەڵام جەخت لەمە دەکەمەوە گرنگە لە کارامەییەکان قوتابی فێری خۆ پارێزی بکەن لە ڤایرۆسەکان و نەخۆشی واتە لە قوتابخانەوە زانیاری تەواوی هەبێت چۆن و چ کاتێک خۆی دەپارێزێ و گرنگی بەخۆی دەدات، چۆن ئێستا زۆربەی ووڵاتانی جیهان خەریکی ئەوەن چۆن خۆیان بپارێزن لە پەتای ڤایرۆسی (کۆرۆنا). بۆیە وشیارکردنەوەی تاکەکان بە تایبەتی قوتابییە خۆشەویستەکانمان لە ڤایرۆس و نەخۆشییەکان دەچێتە چوارچێوەی پرۆگرامی کارامەییەکانی ژیان کە پێویستە زۆر گرنگی پێ بدرێ لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی.

* بەڕێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر

پەروەردەیەکی دروست، نەوەیەکی تەندروست


ڕەسوڵ حەمەدەمین

ئیکتزەژکۆ دەڵێت: لەگەڵ کردنەوەی دەرگای هەر قوتابخانەیەک دەرگای زیندانێ دادەخرێ.

پەروەردە: ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی داهێنان و ئەفراندن و دۆزینەوەو ڕاڤەکردن و لێکۆڵینەوەو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە.

پەروەردە: کردەیەکی پەروەردەیی و چاککردنی ئاکار و پوختکردنە بە ئامانجی پێگەیشتن و گەشەکردنی مندالّ وفێرخواز بەپێگەیشت و گەشەکردنکی کۆمەڵایەتی دروست و بونیادنانی تاکێکی دروست بۆیە ناتوانرێ ڕۆڵی پەروەردە لەکۆمەڵگاو لەپرۆسەی خوێندندا نادیدە بگیرێت، چونکە ئاستی وشیاری و هزری و مەعریفی و زانستی خەڵک و بەها ئەخلاقی وئاینی و کەلتووریی و فەرهەنگییەکانی پەروەردەن کاریگەریان لەسەر بونیادنانی کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵگاهەیە. هەربۆیەش لەم ڕووەوە جیاوازیەکی زۆر لەنێوان کۆمەڵگەکراوە پەروەردەییەکان و کۆمەڵگە داخراوە ناپەروەردەییەکان بەدی دەکرێت، کۆمەڵگە داخراوەکان لەڕووی زانستی و مەعریفیەوە زۆر دواکەوتوون و سیستەمی خوێندن تیایدا کۆنباو (تقلید) یەو بەشێوەیەکی کلاسیکی بەڕێوەدەچێت، بەڵام پەروەردە لەکۆمەڵگاکانی کراوەدا لەئاستێکی هەرەبەرز و مۆدێرن دایە و ڕۆژانە بەدەیان و سەدان داهێنانی زانستی و نوێ بەهۆی ئەو سیستەمەوە دێنە ئاراوە و سیستەم لەسەر بنەما زانستیەکان داڕێژراوە و سالانە گۆڕانی ڕیشەیی بەسەر پرۆگرامەکان دێت.

لێرەدا دەردەکەوێت بۆمان هەرکۆمەڵگایەک بۆچین و تۆڕ و ئەندام و تاکەکانی خۆی قوتابخانەیەکی گەورەیە بەواتایەکی تر تاکەکان کۆپی پەروەردەی کۆمەڵگایەکانیانن بۆ نمونە : کۆمەڵگای پەروەردە ڕۆشنبیر و وشیار و زانستیەروەر کەسانی ڕۆشنبیر و وشیار و زانستیەروەردروست دەکات، بەڵام کۆمەڵگای پەروەردە نارۆشنبیر و نەفام و تەمبەڵ کەسانی نارۆشنبیر دروست دەکات. بێگومان ژێرخانی پەروەردەیی و زانستی هەرگەل و وڵاتێکیش لەسەر بناغەی سیستەمی خوێندندا بونیادنراوە و ئەگەرسیستەمی خوێندن سیستەمێکی پەروەردەیی نوێ و زانستی و بابەتی واقعی بێت و دەرهاوێشتەی واقیعی کۆمەڵگا و پێداویستیەکانی ژیانی ئەو سەردەمەبێت بێگومان زەمینەیەکی لەبار و گونجاو بۆ تێگەیاندن و پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروست و کەسانێکی زانا و دانا و شارەزا و بلیمەت دەرخسێنێ و دەبێتە هۆی ڕزگارکردنی کۆمەڵگە لەچەقبەستووی و بەستەڵەکی هزری و مەعریفی بەڵام، ئەگەڕ سیستەمی پەروەردە سیستەمێکی نارێک و ناتەواو بوو بێ و کەم وکوری تێدابێت و لەسەرنەمای زانستی دانەڕێژرابێت ناتوانێ ببێتە خاڵی وەچەرخان بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و دروستکردنی نەوەیەکی تەندروست. ئالێرەدا حکومەت و میری، لەدارشتنی ستراتیژیەتی بەپەروەردەکردنی کۆمەڵگا بۆ دروستکردنی نەوەیەکی تەندروست بەرپرسیاریەتی گەورەی لەئەستۆدایە، بۆیە چەندە حکومەت بەتەنگ پەروەردە و زانست و مەعریفەوە و خوێندنەوەبێت ئەوەندە کاروانی پەروەردە و زانست و زانیاری بەئاراستەیەکی دروست دادەڕوات و خوێندن ڕێچکەی ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێ و توانا هزری و جەستەییەکانی چین و تۆژەکانی کۆمەڵگە دەخاتەگەر بۆجوانکردنی دیمەنەکانی شارستانی بەڵام ئەگەر حکومەت بەجددی کارنەکان بۆ زیندووکردنەوە و پایەدارکردن و چەسپاندنی سیستەمی پەروەردە ناتوانێ هەنگاوی کرداری بۆ بنەبرکردن و نەهێشتنی نەفامی و نەزانین و پاشاگەردانی و دواکەوتوویی بهاوێژێ و ڕابەرایەتی کۆمەڵگایەکی وشیاربکات و سەروەریی و شکۆمەندی یاساکان و زانست بپارێزێ. بۆیە لەم سۆنگەیەوە ناکرێ ڕۆڵ و پێگەی پەروەردە لەکۆمەڵگا لەبەرچاو نەگیرێت و فەرامۆش بکرێت بەڵکۆ پێویستە کار بۆگەشەکردنی پەروەردەیەکی دروستبکرێت بۆ ئەوەی نەوەیەکی دروست بهێنێتە کایەوە لەکۆمەڵگا لەڕووی مرۆڤایەتی و زانستی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بازرگانی و هزری .... تاد تاکو لەڕێگەی پەروەردەیەکی دروستەوە بتوانین نەوەیەکی تەندروست و زانا و دانا و وشیار و ڕۆشنبیر و بەئاگا و داهێنەر و ئاستبەرز بونیادبنێین و خزمەتێکی شایستە پێشکەش بەکۆمەڵگە و جیهانی مرۆڤایەتی بکەین.

چەند سەرنجێک لەسەر ڕێپۆرتاژێکی لاپەڕەی پەروەردەی ڕۆژنامەی خەبات



سەدیق سەعید ڕواندزی

لەژمارە(5938)ڕۆژی 23/2ڕۆژنامەی خەباتدا،لەلاپەڕەی پەروەردە، ڕیپۆرتاژێک لەبارەی قوتابخانەیەکی سنووری پەروەردەی ڕواندز لەلایەن (ڕۆشنا علی) ئامادەکراوە. بێگومان وێڕای دەستخۆشیم بۆ مامۆستا ڕۆشنا و نرخاندنی ماندووبوون و خەمخۆرییەکانی لە بواری پەروەردەدا، کە بەرپرسی لاپەڕەی پەروەردەیە لە ڕۆژنامەی خەبات، هاوکات بە پێویستم زانی، چەند سەرنج و ڕاستکردنەوەیەک لە بارەی ڕیپۆرتاژەکە بخەمە ڕوو.

بەو پێیەی خۆم نۆ سالّ بەرپرسی ڕاگەیاندنی پەروەردەی ڕواندز بوومە و لە نزیکەوە ئاگاداری گرفت و کێشەی قوتابخانەکان و پرسی پەروەردە لە سنووری پەروەردەی ڕواندز بەگشتی بووم.**یەکەم:** لە ڕیپۆرتاژەکەدا، باس لەوە کراوە کە گوایا ئەو قوتابخانەیە پێشتر بەندیخانە بووە، نازانم سەرچاوەی ئەو زانیاریە هەڵە و نادروستەکێیە ؟. ئەم باڵەخانەیە، دەسکەوتێکی ڕێککەوتننامەی یانزەی ئازاری میژوویی و لە سالّی 1972،هاوکات لەگەڵ کارگەی مافووری ڕواندز،بە یەکەوە دروست کراون.ئێستاش ئەو باڵەخانەیە، دووقوتابخانەی تێدایە و لە هەفتاکاندا، تاکە قوتابخانەی ئامادەیی کچان بووە. بۆیە پێشتر بەندیخانە نەبووە و ئەمە هەڵەیە .

دووەم: ئامادەیی شەمامی کچان، یەکێکە لە ئەکتیڤترین قوتابخانەکانی سنووری پەروەردەی ڕواندز، چ لە ڕووی ڕێژەی دەرچوون بێت لە ئەزموونە گشتییەکان،چ لە ڕووی چالاکییە ڕۆشنبیری و پەروەردەییەکان بێت.بۆ نمونە:لە کۆی دە سالّی تەمەنی پەروەردەی ڕواندز،قوتابیانی ئامادەیی شەمام،نۆ سالّ یەکەمی سەر ئاستی پەروەردە بوونە لە ئەزموونەگشتییەکانی پۆلی دوانزە.دیارە ئەمەش بە هەوڵی بەڕێوەبەرەکەی مامۆستا (هێرۆ)و ستافی مامۆستایانە.بۆیە شایستەی ئەوەن جوانترین قوتابخانەیان بۆ بکرێت .

سێیەم: ئەم باڵەخانەیە، بە هیچ شێوەیەک بۆ خوێندن گونجاو نییە ،بەڵام لە بێ شوێنی باشترە.

چوارەم: چەندین جار،یاداشتمان لەبەڕێوەبەری ئێستای پەروەردە، جارێکی تر، بێ هەبوونی هیچ پلانێک و بەبێ ئەوەی پێویست بێت، قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە،بە داخەوە گوازرانەوە شوێنی پێشوویان. لە بری ئەوان، دوانەوەندییەک لەو شوێنە کرایەوە، کە تەنها پۆلی هەفتەمی بنەڕەتی هەبوو. واتا بەداخەوە، قوتابیانی ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە،کە ئەم باڵەخانە کۆنە تێک بدرێت ولە سەر زەوییەکەی باڵەخانەیەکی نوێ دروست بکرێت.بەداخەوە بەهۆی قەیرانی دارایییەوە نەتوانراوە پڕۆژەکە بکرێت.چونکە تێچووی یەک قوتابخانەی هەژدە پۆلی سەرووی یەک ملیار دیناڕە .

پێنجەم: لە سەردەمی دووەمین بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕواندز، واتە(سەعیدشێخ ڕەقیب)کە یەکێک بوو لە نمونەییترین بەڕێوەبەرەکانی پەروەردەی ڕواندز، بڕیاردرا کە قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە واتا ئامادەیی شەمام، بگوازرێنەوە بالەخانەیەکی هەژدە پۆلی لە گەڕەکی بانەزێوک.کە ئەمە تاڕادەیەکی زۆر گرفتی ئەو قوتابخانەیەی چارەسەر کرد. وەلێ دوای دەست بە کاربوونی قوتابخانەیەکی ئەکتیڤ، کرانە قوربانی چەند قوتابییەک کە وەک لە ڕیپۆرتاژەکەش ئاماژەی پێ کراوە.هەر چەندە ئێمە ئەوکات تێبینیمان هەبوو، کە چۆن دەبێت قوتابخانەیەک بە ناوی دواناوەندییەک لەو شوێنە کرایەوە، کە تەنها پۆل و چەند قوتابییەکی هەبێت. کەچی بە بڕیاری بەڕێوەبەری ئێستای پەروەردە، قوتابخانەکە لەوێ کرایەوە.بۆیە لەکۆتاییدا وەک مامۆستایەک، پێشنیار دەکەم قوتابخانەیەکی شیاو و گونجاو بۆ ئەو قوتابخانەیە دروست بکرێت، چونکە شایستەن و پەروەردەی گشتی هەوڵیریش خۆی بەدواداچوون بۆ گرفتەکانی ئەو قوتابخانەیە بکات.

* بەڕێوەبەری پێشووی ڕاگەیاندنی پەروەردەی ڕواندز




شەهید عوسمان قالە منەوەر

لە 26ەمین ساڵیادی شەهیدی دووجار شەهید عوسمانی قالەمنەوەر ناسراو بە (خالّە عەفان)

پارتی و خەڵکی شاری سلێمانی ڕووحێکن لە یەک جەستەدا



کاروان محەمەد سینو

تۆمار و مێژوو و خەباتی پارتی سەراوسەر پڕە لە خەبات و تێکۆشان و شەهید و خەبات و قوربانیدان لە پێناوی سەربەخۆیی و ئازادی خاک و خەڵکی کوردستان بەهەموو نەتەوە و ئاین و ئاینزاکانییەوە، تۆمار و خەباتی پارتی سەراوسەر پڕە لەنیشتیمان پەروەری و دەستکەوت و سەرکەوتن و سەرفرازی، قوربانیدان و بەرخودان و سەرکەوتنەکانی پارتی هەرلە سەرەتای دامەزراندنییەوە (16ی ئابی 1946لە مهابادی ڕۆژهەلاتی کوردستان) لەسەردەستی مستەفابارزانی نەمر دەستی پێکردووە تاکو دەگاتە ئەمڕۆی کوردستان لەلایەن سەرۆک مسعود بارزانی و نێچیرڤان و مەسرور بارزانییەوە هەر بەردەوامە.

کێیە لەبیری نییە؟! کەپارتی بەرێبەرایەتی مستەفابارزانی چۆن بەرگری لە کۆماری کوردستان کرد لە مهاباد (1947) .کێیە لەبیری نییە؟! کە چۆن ڕابەری کورد مستەفا بارزانی لەپێناو پاراستن و بەردەوام بوونی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد خۆی و 500 لە هەڤاڵانی 12ساڵ ئاوارە و پەنابەری ڕوسیا (یەکێتی سۆڤیەتی جاران) بوون. کێیە کە نازانێ مستەفا بارزانی کەلە ڕوسیا سەربەرزانە گەڕایەوە چۆن؟! سەرلەنوێ شۆڕشی 11ی ئەیلوولی 1961بەرپا کرد پاش ئەوەی ڕژێمی عێراق شەراکەت و نیشتیمانی بوونی کوردی لە عێراقدا قبوڵ نەکرد. کێیە کە نازانێ چۆن؟! مستەفا بارزانی چۆکی بەر ڕژێمی عێراق دانا و ناچاری کرد کە دان بەمافی خەڵکی کوردستان بنێ و ڕێکەوتنی 11ی ئازاری 1971ئیمزا بکات. کێیە کە نازانێ بەرێنمانی و چاودێری جەنابی مستەفابارزانی لە ژیلەمۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە چۆن؟! لە 10ی کانوونی یەکەمی 1975گەڕی شۆڕشی 26ی گوڵان لە لایەنی سەرۆک مەسعود بارزانی و شەهیدی هەرلەیاد ئیدریس بارزانییەوە ڕاگەینرا. کێیە کەنازانێ؟! ڕۆڵی پارتی لەشۆڕشی گوڵان و ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991چیبووە و چۆن بووە؟!. کێیە نازانێ؟! کە سەرۆک بارزانی هەرلەگەڵ ڕاپەڕاپەرینی میللەت لە شاری کۆیە(لە14ی ئازاری)1991داوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەت و دامودەزگای مەدەنی و شەرعیەتی دیموکراسی کردووە. کێیە نازانێ؟! کە جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی بوو نەفرەتی لە براکوژ کرد و فەرمووی "بۆخاتری خوێنی شەهیدان ئەم شەڕە نەکرێ".

لەمەیدانی بزاڤی ڕزگاری خوازی کوردستان خەبات و بەرخودانەکانی پارتی و سەرۆک بارزانی لە هەژمار ناهێن،داستانی خواکورک و ڕزگارکردنی شنگار و شەڕی شکاندنی دێوزمەی (داعش) و پڕۆسەی ڕیفراندۆم و پاراستن و بەرگری و داستانی پردێ و سحێلا و مەحموودیە و زوومار و ....هتد، هەموو ئەمانە و چەندان داستان و قارەمانی دیکە تاجی گوڵینەی خەباتی پارتی و سەرۆک بارزانییە و ڕۆژدوای ڕۆژ ئەندام و کادیرانی پارتی و سەرۆک بارزانی لەخەبات و قوربانی فیداکاریدان لەپێناو ئازادی و ڕزگاری و شەرعیەتی سیاسی و یاسایی و چاکسازی و خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان. بۆیە هەردەم ڕێبازی بارزانی و پارتی و سەرۆک بارزانی لەنێو ناخ و دڵی هەموو کوردێکی بەشەرەف و نیشتیمان پەروەردایە لەهەرچوارپارچەی کوردستان بەتایبەت شاری ئەمەکداری سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی. ئەگەر لە بارودۆخێکی نائاسایی و لەژێر ئەجێنداو فشار و دەستوەردانی ئەقلیمی لە شاری سلێمانی یاخود دەڤەرێکدا گوشار و ئیرهابی فیکری و جەستەیی لە ئەندام و کادیرانی پارتی بکرێ، بەڵام (مێژوو شاهیدە) کە هەرگیز نەتوانراوە خۆشەویستی و ئەمەکداری بۆ پارتی لەنێو ناخی خەڵکی بەشەرەف و نیشتیمان پەروەردایەڕاوێز بخرێ، نموونەش زۆرن.

دوای شۆڕشی یەکەمی بارزان لە ساڵی 1939 ڕژێمی بەغدا بنەماڵەی بارزانی زۆرەملێ ڕاگواستەوە بۆ شاری سلێمانی،دەمودەست خەڵکی تێکۆشەر و ئەمەکداری شاری سلێمانی بەپەڕلی نیشتیمان پەروەرییەوە باوەشی بەسۆز و بەئەمەکی خۆیان بۆ بنەماڵەی بارزانی کردەوە و وەکو قارەمانی نەتەوەیی پێشوازی لێکردن و لەو سەردەمەوە ڕزگار کرا و لە ڕێگای ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە مستەفا بارزانی بەرەو بارزان گەڕایەوە و دەستکرایەوە بە شۆڕش.

ساڵی 1958کاتێک مستەفابارزانی لە ڕوسیا (یەکێتی سۆڤیەتی جاران) گەڕایەوە وەکو ئەمەک و وەفاداری سەردانی شاری سلێمانی کرد و خەڵکی شاری سلێمانی دیسان وەکو قارەمانێکی نیشتیمان پەروەر و بەئەمەک پێشوازییان لە جەنابی مستەفابارزانی کرد.

لە 9ی حوزەیرانی 1963لەبەر ئەوەی خەڵکی سلێمانی تەنانەت ئامادەنەبوون کە قسەی نەشیاو بە مستەفابارزانی بڵێن، زیاتر لە 100کەس لە ڕۆڵەی شارەکە لەسەر دەستی تاوانبار (زەعیم سدیق شارەزا بە (خالّە عەفان ناسراوە).

لە 8/6/1994خالّە عەفان و هەڤاڵەکانی (عەلی مام عەبدوڵڵا و ئیبراهیم بێ تەل و هیوا غەفور سەعید و سەرهەنگ فەتحوڵڵا و فەریدون بەهادین محەمەد) لە میانەی شەڕی نەگریسی (براکوژیدا) لە پێنجوێن شەهید دەبن، لەکاتێکدا کەلە 10/5/1994 سەرۆک مەسعود بارزانی و خوالێخۆشبوو جەلال تالەبانی ئەمەکداری پارتی و بارزانی لەمزگەوتی کانێسکان ئامادەبوون بۆ بەشداری کردن لە مەراسیمەکە. ئینجا پاش شوشتنی شەهید و کفن کردنی، وەکو نەریتێکی کۆمەڵگای کوردەواری دەبوایە تەرمی پیرۆزی ببرێتە ماڵەکەی وەک دوادیدار و ماڵئاوایی بەرلەوەی بەخاک بسپێردرێ. ئینجا لە ئاپۆرایێکی هێمن و ئارام و شایستە بە تازیانەی شەهید، کەسوکار و هەڤاڵ و هاوڕێکان تەرمی پیرۆزی (خالّە عەفان) یان خستە سەرشان و لە مزگەوتی کانێسکانەوە بەرەو ماڵی شەهید بەرێکەوتن بەردەم پارێزگا و حەسیب سالّح و جادەی مەولەوی و بەردەرکی سەرا و فولکەی کاوە کە نزیک ماڵی خالّە عەفان بوو. بەڵام بەرلەوەی تەرمی پیرۆزی شەهید بگاتە ماڵی خۆیان، تاقمێکی کالّفامی سیاسی فرشککراو بە ئەجێندای دووئیدارەیی و پارچەپارچەکردنی خاکی کوردستان (هاوشێوەی زەعیم سدیق) لە چوارلاوە ئاپۆرای خەڵکی شاری سلێمانی کە بەشداربوون لە کەژاوە تەرمی پیرۆزی شەهید (خالّە عەفان)نیان دایە بەر دەستڕێژی گوللەی کلاشینکۆڤ و بیکەیسی و ڕومانە و دۆشکە و دەمانجە، تەنانەت گولە بەر لاشەی پیرۆزی شەهید خالّە عەفان کەوتبوو (بۆیە شەهید خالّە عەفان ناسناوی شەهیدی دووجار شەهیدکراو پێ بەخشرا). لە ئەنجامدا 21 ڕۆڵەی ئەمەکدار و نیشتیمان پەروەری شاری سلێمانی شەهید کران، ئەمەش ناوەکانیانە (کەریم سۆفی ناسراو بە عەریف کەریم و ئەحمەد سابیرمحەمەد و ئاراس قادر ئەحمەد نەسیم و نەریمان مستەفا دەرۆیش مەحمود و بەهرۆز ئەحمەد عەبدوڵڵا و نوری عەلی حەسەن و ئیبراهیم حەسەن ئەحمەد و نەجمەدین عەبدول و کامەرانی شێخ مەحمود و جەمال عەزیز حیکمەت و کەمال نوری بابەشێخ و سەردار مەحمود مەعروف و حاجی نوری عەلی و عومەرلەتیف و حەمەفایەق عەلی حەمە و هاوار ڕەسوڵ و حەمە ئەمین حەسەن ڕەشید و زاهیر ئەحمەد سالّح و بەکرعەبدوڵڵا سوڵتان و هاوار لەتیف عەزیز و زەینەب محەمەد). هەروەها زیاتر لە 51ڕۆڵەی بەشەرەفی شاری سلێمانی لەم گوللەبارانەدا بریندار بوون، سەرەڕای ئەم گوللەبارانە تەرمی پیرۆزی شەهید عوسمانی قالە منەوەری دووجار شەهیدکراو لە سەر شاری ڕۆڵەی ئەمەکداری شاری سلێمانی نەهاتەخوارەوە و تەرمی پیرۆزیان گەیاندە ماڵی خۆیان و بۆ دواجار ماڵئاوایی لێکرا و دواتر کەژاوەکە بەرەو گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەرێکەوت، ئینجا لەم گۆڕستانە لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بەخاک سپێردرا. بەمشێوەیە خۆینی پیرۆزی شەهید و بریندارانی (سێزدەی حوزەیران) تێکەڵاوی خۆینی شەهیدان و بریندارانی ڕێبازی بارزانی بوو. بۆیە هەردەم پارتی و خەڵکی شاری سلێمانی ڕووحێکن لە یەک جەستەدا و هەرگیز لەیەکدی ناترازێن.

لە 26ساڵیادی شەهیدانی (سێزدەی حوزەیرانی سلێمانی) و شەهیدی دووجار شەهید خالّە عەفان و هەڤاڵ و هاوڕێکانی، هەزار سلاّو لەگۆڕی پاک و ڕووحی بەرزەفڕیان و تەواوی شەهیدانی ڕێبازی بارزانی، ڕووڕەشی و شەرمەزاری بۆ تاقمی کالّفام و خاکفرۆش و بکوژانی شەهیدانی ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی.


ئاپۆرای بەخاکسپاردنی شەهیدی دووجار شەهید عوسمانی قالە منەوەر، ناسراو بە(خالّە عەفان)

وون بوون

مەنەفێست ئۆتۆمبێل بەناوی کۆمپانیای هیبە جۆری ئۆتۆمبێل رافعە شوکیە JCB حجم کبیر ڕەنگی: زەرد و ڕەش مۆدێل ٢٠١٦ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٤١٥٨ ژمارەی لاشە (شاصی) JCB٥AFSGV٠٢٣٥٥٧٢٠ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

* * *

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسوولە ٧٢١٨٥١ بەروار ٢٠١٨/٩/١٠ بەبڕی ٢٥٠٠٠٠ بەناوی شاخوان خلیل حسن وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

* * *

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٦٨٦٣٩٢ بەروارى ٢٠١٨/٨/٢٨ بەبڕی ٥٥١٢٥٠ بەناوی کاروان قرەنی مولود وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

* * *

مديرية تنفيذ زاخو

العدد/ ١٠٣٤/تنفيذ/٢٠١٩

التاريخ/ ٢٠٢٠/٥/٣١

تبليغ بمذكرة الاخبار بالتنفيذ

الى/ المدينان:- سكفان احمد

طه و نشوان احمد طه

العنوان السابق/ زاخو –محلة خبات لكون المدينين كل من (سكفان احمد طه) و (نشوان احمد طه) مجهولي محل الاقامة حسب اشعار مختار محلة (خبات) فى ٢٠٢٠/٢/٢٤ و كتاب مركز شرطة زاخو المرقم ٦٥٢ فى ٢٠٢٠/٢/٢٤ و عليه قررت تبليغهما فى صحيفتين محليتين الاقلم كوردستان العراق للحضور امام هذه المديرية او من ينوب عنهما و ذلك عن الدين المتعلق بذمتهما فى الاضبارة التنفيذية المرقمة ١٠٣٤/تنفيذ/٢٠١٩ مبلغ و قدره (٥٧٠٠٦٨٧٥) سبعة و خمسون مليون و ستة الاف و ثمانمائة و خمسة و سبعون دينار لصالح الدائنين الورثة كل من (مريم و افين و محمد و نبيل عامر و شڤان و جوان و مردان و رمضان و عياد و نشوان اولاد احمد موسى) و بعكسه سوف تتخذ هذه المديرية الاجراءات التنفيذية بحقكما بعد مرور الفترة القانونية البالغة (١٥) خمسة عشرة يوم من اليوم التالى لنشر هذل التبليغ.

جێبەجێکاری دادی زاخو/

خضر محمد حسن

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ شەقلاوە

ژمارە٢/ئانبە/٢٠٢٠

ڕێکەوت١/٦/٢٠٢٠

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی شەقلاوە مولکی ژمارە ٣٧ ك ٤٠ مامە جەلکە کە کەوتوەتە کەرتی مامە جەلکە دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار سیروان اسماعیل احمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی نجاة توفیق حسین بەبڕی/ ١٨,٧٦١,٥٠٠ هەژدە ملیۆن و حەوت سەدو شەست و یەك هەزار و پێنج سەد دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی هەبێت و ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە. جێبەجێکاری داد / عبدالله جرجیس السقا

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٣٧ ك ٤٠ مامە جەلکە شەقلاوە/ مامە جەلکە

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی میری

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ زەوی

٥ – ڕووبەرەکەی/١٨ دۆنم ١٥ ئۆلك

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/ نییە

٧- نیشتەجێکەی/ نییە

٨ – نرخی قرساو/ ٥,٦٨٧,٤٩٦ پێنج ملیۆن و شەش سەدو هەشتا و حەوت هەزارو چوار سەدوو نەوەت و شەش هەزار دینار.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە

ژمارە: ١٣٣٤/٧

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١١

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار: (پارێزەر زانا محمد شاکر بریکار محمد شاکر عثمان)

هۆشدار لێکراو: (محمد امین اسعد مصطفی)

بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر زانا محمد شاکر بریکار محمد شاکر عثمان) بە ژمارە (١٠٠/١٩٩٠٢) لە ٢٠٢٠/٦/٨ بەمەبەستی هۆشداری کردنت ئامادەبوونت لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دەشتی هەولێر لەبەرواری ٢٠٢٠/٦/٢٨ کاتژمێر ١٠ی بەیانی بۆ تۆمارکردنی مولکی ژمارە ١/٢٨٧٥ لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی سێبەردان ، لەشاری هەولێر لە ٢٠٢٠/٦/٨ بۆیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەیی بۆت بڵاوەکەینەوە.

شوان فوزی زکی

ل. دادنووسی یەکەمی هەولێر

* * *

دادگای باری کەسی عەنکاوە

ژمارە: ١١ / ش / ٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٩

جاڕدان

بۆ داوالێکراو/ منیر عباس صبحی

شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.

داواکار (نهایە دوش جاسم) داوایەکی لەسەرت تۆمارکردبوو بە ژمارە (١١ / ش / ٢٠٢٠) تێدا داوای جیابوونەوە/ تفریق للهجر لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گوندی لبنانی بۆیە دادگا بریاریدا پێڕاگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٨ کاتژمێر ١٠:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ ظاهر محمد مصطفی

* * *

دادگای بەرایی خەبات

ژمارە:١٣٩/ب/٢٠١٩

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٦/٩

جاردان بەبریار

ئاماژە بە داوای ژمارە (١٣٩/ب/٢٠١٩) کە تایبەتە بە داواکار (کاکە زیادسدین محمد) و داوالێکراو (همین مصطفی عبدالله) ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/٢٧ بریاریدا بەتملیك کردنی مولکی ژمارە ١/١٣٧٢ کەرتی ٦٣) هنجیروك لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هنجیرۆك بۆیە دادگا بریاری دا بەپێی راگەیاندنتان بەڕێگای دوو ڕۆژنامە و لەکاتی تانە لێ نەدانت لەبریارەکە لەماوەی یاسایی پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادوەری یەکەم/ سمکو روستم سمین

* * *

دادگەها کاروبارێ کەسایەتی زاخو

ژمارە / ١١/کاروبار/ ٢٠٢٠

میژوو / ٢٠٢٠/٦/١١

ئاگەهداری

بۆ داوالێکراو (زیدان خدر اسماعیل) جهێ ئاکنجیبینا بەرێ شیخان / ناحیە باعدری , جهێ ئاکنجیبینا نوکە نە دیارە .

داواکار (یابانە زیاد رشو) داوا ژمارە (١١/کاروبار/٢٠٢٠) ل سەر تە تومار کریە وتێدا داخازا پەسەندکرنا ژێك جودابینا دەرەکی دکت , ژبەرکو جهێ ئاکنجیبینا تە نە دیارە لدیڤ نڤیسارا بەشی پولیسین قەزا شیخان ژمارە (٢٨٦) ل ڕێکەفتی (٢٠٢٠/٢/٢٤) , وهەڤپێچ دگەل ڕوونکرنا هەلبژیری گەرەکا گوندی کۆ تێدا هاتیە دیارکرن ((ناڤێ وی تومار کریە د تومارا مەدا بەلێ نوکە ئەم نزانین لکیفە یە وجهی ئاکنجێبینا وی نە دیارە)) , و ژبەر نە دیاربینا جهێ ئاکنجیبینا تە دادگەهێ ل ڕۆژا (٢٠٢٠/٦/١١) بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو ڕۆژنامە یێت نافخویی و ڕۆژانە دا پالپشت ب مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبینا تە یان نوێنەرێ تە یێ یاسایی ل ڕۆژا دادبینیێ ڕێکەفتی (٢٠٢٠/٦/٢٥) ل دەمژمێر (٩:٣٠) ێ سپێدێ و بەروڤاژی دادبینی دێ ب شێوێ باشملە ئێتە ئەنجام دان .

دادوەر/ یوسف الیاس سدن

* * *

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە

ژمارە: ١٠١١/٧

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٣/١

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار: (پارێزەران ئاری حمید صالح و ئاسۆ فاروق حسین بریکاری گشتی صالح خدر معروف و محمد رشید مصطفی)

هۆشدار لێکراو (کمال اکرم جعفر)

بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (ئاری حمید صالح و ئاسۆ فاروق حسین بریکاری گشتی صالح خدر معروف و محمد رشید مصطفی) بە ژمارە (٦٩/١٣٦٨٥) لە ٢٠٢٠/٢/١٩ بەمەبەستی هۆشداری کردنت و دانی کرێی مانگانەی مارکێتی پێکهاتوو لە دوکان و ژێرزەمین دروستکراو لەسەر مولکی بریکاردارم بە ژمارە (١٩/٤٠٢) کەرتی ٤٦ وارش) بەکرێی مانگانە بەبڕی ($١٣٠٠) هەزار و سێ سەد دۆلاری ئەمریکی بۆ مانگەکانی (حوزەیران ، تەممووز ، ئاب، ئەیلول، تشرینی یەکەم و تشرینی دووەم و کانونی یەکەم) بۆ ساڵی ٢٠١٩ وە مانگەکانی (کانووی دووەم و شوبات بۆ ساڵی ٢٠٢٠) لە ماوەی (٨) هەشت ڕۆژ لەدوای پێڕاگەیاندنت بەم هۆشداریە وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری دووەمی گەرەکی (شۆرش – ٢) لەشاری هەولێر لە ٢٠٢٠/٣/١ بۆیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.

مریوان قرنی ابراهیم/ دادنووسی یەکەمی هەولێر

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢

ژمارە: ١٤٨/ج/٢٠٢٠

ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٥/١٢

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ ابراهیم محمد صالح ابراهیم

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٤٨/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا بەردەرەش ب هژمار ٢٠١٨/٥٦ ل سەر مادێ ٣٩٣ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٨/١٣ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم

سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢

ژمارە: ٧٣/ج/٢٠٢٠

ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٥/١٣

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێن ڕەڤی/ محمد ئایگون و ازاد شینگول و هجر ئەرن و امره تان و ماروان کونور

دەمێ هوون د تومەتبار ب کێشا ژمارە ٧٣/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا خابور ب هژمار ٢٠١٨/٤٦ ل سەر مادێ ٤٤١ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا هەوە نەیێ دیارە بریار هاتە دان هوون بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٨/١٣ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا هەوە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم

سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢

ژمارە: ١٠٣/ج/٢٠٢٠

ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٥/١٣

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ صادق حجی احمد

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٠٣/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا برایەتی ب هژمار ٢٠١٩/٩٥ ل سەر مادێ ٤٥٢ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٨/١٢ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا هەوە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم

سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢

ژمارە: ٩٩/ج/٢٠٢٠

ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٥/١٣

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ دژوار علی عمر

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٩٩/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا بەردەرەش ب هژمار ٢٠١٨/٥٦ ل سەر مادێ ٣٩٣ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٨/١٣ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم

سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢

ژمارە: ١١٣/ج/٢٠٢٠

ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٥/١٣

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێن ڕەڤی/ بکر محمد امین کریم خان و طه محمد شعبان و میرزا بیرو نعمان

دەمێ هوون د تومەتبار ب کێشا ژمارە ١١٣/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا ئاکرێ ب هژمار ٢٠١٩/٩٠ ل سەر مادێ ٢٤٢ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا هەوە نەیێ دیارە بریار هاتە دان هوون بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٨/١٢ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا هەوە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم

سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢

ژمارە: ٧٤/ج/٢٠٢٠

ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٥/١٢

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ محمد هیاس احمد و خالد هیاس احمد و شاه زاد سعید احمد و یقین شاه زاد احمد و و هوار ڕؤوف عبدالکریم

دەمێ هوون د تومەتبار ب کێشا ژمارە ٧٥/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن کەلەکچی ب هژمار ٢٠١٨/١٠٣ ل سەر مادێ ٣١٥ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٨/١٢ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا هەوە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم

سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢

ژمارە: ٧٥/ج/٢٠٢٠

ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٥/١٢

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێن ڕەڤی/ هیرش رشید شوکت

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٣٦/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا شیلادزێ ب هژمار ٢٠١٨/٣٣ ل سەر مادێ ٤٢٢ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٨/١٠ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم

سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢

ژمارە: ١٤٤/ج/٢٠٢٠

ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٥/١٢

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ احمد باسم محمد

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٤٤/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا بەردەرەش ب هژمار ٢٠١٨/٣٨ ل سەر مادێ ٣٩٣ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٨/١٣ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا هەوە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم

سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢

ژمارە: ١٤٥/ج/٢٠٢٠

ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٥/١٢

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێن ڕەڤی/ ئاسۆ فاروق حسین و ئاسۆ ئەحمەد ئەحمەد و ئاسۆ ئەحمەد ئەحمەد

دەمێ هوون د تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٤٥/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا بەردەرەش ب هژمار ٢٠١٨/٣٨ ل سەر مادێ ٣٩٣ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٨/١٣ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا هەوە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم

سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمێل

ژمارە: ١٥٣١/ت/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٣/٨

ئاگەهداری

ڕێقەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکین قەرزدار (حسن رشید حسن) ژ مافی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکین لخاری دیارکری، ئەفجا هەر کەسێ بقێت بکریت دقێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت د ماوێ (٣٠) سیە ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ و دقێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دینە ١٠٪ ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسنامە عیراقی و بو زانین ڕەسمێ لێسەندنی و دەلالیێ لسەر بکری نە.

١- ژمارا مولکی/ ١٣/١ کەرتی ٦٢ باطرشة ل سیمیلی ڕووبەر/ ٢٥٢ دونم و ٢٠ اولك و ٦م٢ کوژمێ سەهان/ ٦٣٢٠٠٦ بشکا قەرزار سەهان/ ٩٩١٤ بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری/ ٢٣,٧٩٣,٦٠٠ بیست و سێ ملیون و حەفت سەدو نوت سی هزار و شەش سەد دینار.

٢- ژمارا مولکی/ ١٤/١ کەرتی ٦٢ باطرشة ل سیمیلی ڕووبەر/ ٤٠٤ دونم و ٩ اولك و ١٠م٢ کوژمێ سەهان/ ١٠١٠٩١٠ بشکا قەرزار سەهان/ ١٥٨٥٧ بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری/ ٤٧,١٩٠,٤٣٢ چل و حەفت ملیون و سەدو نوت هزار و چوار سەد و سیە و دوو دینار.

٣- ژمارا مولکی/ ١٥/١ کەرتی ٦٢ باطرشة ل سیمیلی ڕووبەر/ ٤٥ دونم و ٦ اولك و ١٠م٢ کوژمێ سەهان/ ١١٣١١٠ بشکا قەرزار سەهان/ ١٧٧٤ بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری/ ٨,٥١٥,٢٠٠ هەشت ملیون و پێنج سەدو بازدە هزار و دوو سەد دینار.

٤- ژمارا مولکی/ ١٦/١ کەرتی ٦٢ باطرشة ل سیمیلی ڕووبەر/ ٣١٥ دونم و ٧ اولك و ٢٠م٢ کوژمێ سەهان/ ٧٨٨٢٢٠ بشکا قەرزار سەهان/ ١٢٣٦٤ بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری/ ٣٩,١٦٩,١٥٢ سیە و نەهێ ملیون و سەد و شیست و نەهێ هزار سەدو پێنچی و دوو دینار.

٥- ژمارا مولکی/ ١٨/١ کەرتی ٦٢ باطرشة ل سیمیلی ڕووبەر/ ١٥٧ دونم و ٨اولك و ١٣م٢ کوژمێ سەهان/ ٣٩٣٣١٣ بشکا قەرزار سەهان/ ٦١٦٩ بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری/ ٧٤,٠٢٨,٠٠٠ حەفتی و چوار ملیون و بیست هەشت هەزار دینار.

٦- ژمارا مولکی/ ١٩/١ کەرتی ٦٢ باطرشة ل سیمیلی ڕووبەر/ ٣٥ دونم و ٧ اولك و ١م٢ کوژمێ سەهان/ ٨٨٢١٠ بشکا قەرزار سەهان/ ١٣٨٤ بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری/ ١٦,٦٠٨,٠٠٠ شازدە ملیون و شەش سەد و هەشت هزار دینار.

* * *

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (ئافروس) بۆ (بازرگانی گشتی - هێنان وبردن وبازرگانی ئوتومبێل/ سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا دەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / ڤیان سامی ابراهیم

ناڤ ونیشان / دهوك - ایتوت

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٩٩٩٨٤

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (دوسکی) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا دەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / گارە رشید حاجی

ناڤ ونیشان / دهوك - گری باصی

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٦٩٦٦٣٢

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهوك
ژمارە/ ٢٠١٩/٣٢٩٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٥/١٨
پێراگەیاندن
بۆ/ قەردار: مصلح صالح ابراهیم
ژبەر نەزانین و نەدیاریا جهێ ئاکنجیبوونا تە لەورا لدیف ماددەیا ٢٧ یاسایا جێبەجێکرنێ بریار هاتە دان ب ڕێیا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین کە بۆ ماوێ (١٥/پازدە) ڕۆژا، ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەیی لێڤەبەریا مە ژبۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێبەجێکرنێ (الاجراءات التنفیذیة) و بەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی پێن (الاجراءات القانونیة الجبریة)بین.
هلات عبدالکریم محمد / جێبەجێکاری داد
* * *
ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان من پارێزەر (فریق کاکەبرا حمەحسن) کە بەپێی کۆنوسی بریاری دامەزرێنەری (کۆمپانیای شوان صادق مصطفی بۆ بازرگانی گشتی/ پڕۆژەی تاکەکەس) کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٣١ بریار دراوە بە دانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا . ئاگادارتان دەکەینەوە کە کۆمپانیای ناوبراو پاکتاو دەکرێت و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە، ئەوا لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە .
پاکتاوکاری کۆمپانیا
پارێزەر/ فریق کاکەبرا حمەحسن
٠٧٧٠١٥٧٢٢٦٧
* * *
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی بەڕێوەبەرایەتی سلێمانی
بەشی یاسا
ژمارە: ٢١٣٩
بەروار: ٢٠٢٠/٦/٨
بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا
لەسەر داوای بەڕێز بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (شوان صادق مصطفی) لە کۆمپانیای (شوان صادق مصطفی بۆ بازرگانی گشتی/ پڕۆژەی تاکەکەس) وە ئاماژە بە کۆنووسی بریاری کۆمپانیا لە (٢٠٢٠/٥/٣١) کە تیایدا بریار دراوە بە:
* پاکتاوکرنی کۆمپانیای (شوان صادق مصطفی بۆ بازرگانی گشتی/ پڕۆژەی تاکەکەس)
* دامەزراندنی بەڕێز (فریق کاکە برا حمەحسن) وەك پاکتاوکرنی کۆمپانیای
تا بەپێی مادەی ٢٠٦ لە هەمان یاسای ئاماژە پێ کراوی سەرەوە بڵاوبکرێتەوە.
سۆران احمد اسماعیل
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی سلێمانی
٢٠٢٠/٦/٨
* * *
دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ٨٩/ج/٢٠٢٠
ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٥/١٢
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ ادم خورشید علی
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٨٩/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا زاخو ب هژمار ٢٠١٩/٦١ ل سەر ماددێ ٢٨١ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا بەلافکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕۆژا ٢٠٢٠/٨/١١ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.
دادەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو
* * *
دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ٧٦/ج/٢٠٢٠
ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٥/١٢
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/
عدنان دانیال یعقوب
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٧٦/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها ڤەکولینا زاخو یا دەستەیا دەستپاکی ب هژمار ٣٣/ق ك/٢٠١٦/٣ ل سەر ماددێ ٣١٦ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا بەلافکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕۆژا ٢٠٢٠/٨/١١ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.
دادەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو
* * *

DNO
EST - 1971

Job Title	Senior Supply Chain Liaison Specialist
Work Location	Tawke

Additional Details and requirements

Job Summary:
Being the first point of contact for the field-based organization on all Supply Chain matters. Ensuring full compliance with the Kurdistan approved Procurement Procedures. Liaise with the DNO Supply Chain organization in Erbil on the day-to-day procurement & contracting activities in support of the field-based organization. Leading a supply chain optimization program, including development of supporting dashboards, targets, reports and procedures / processes.

Please read more details on the key responsibilities of this job in our website

Required Qualifications & Experience:

- Degree or equivalent in e.g. Supply Chain Management, Oil and Gas Law or other relevant degree; 15+ years relevant experience;
- Demonstrable experience in procurement of goods and services (preferably within a large International Upstream Oil & Gas organization);
- Ability to draft governance submission papers for Management Committee approval;
- Skills level of International Procurement Governance;
- Awareness of Best Practices in Supply Chain procedures;
- Min 5 years working knowledge in more senior Supply Chain engineering positions;
- Preference for CIPS (or equivalent) certification.

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

Job Title	Supply Chain Analyst
Work Location	Erbil Office

Additional Details and requirements

Job Summary:
Leading a supply chain functional optimization program, including development of supporting dashboards, targets, benchmarks, spend analysis and reports.

Key Responsibilities:

- Working across the complete end to end supply chain to drive in efficiencies, working alongside the operational teams/functions to diagnose root causes, extract insights, troubleshoot and optimise the processes and value for the customer;
- Defining and monitoring supply chain performance, identifying key customer relevant parameters, continuous improvement opportunities;
- Propose new Key Performance Indicators to better monitoring Supply Chain Operations;
- Analyses of complex situations with proposed improvements / solutions and understanding the Key Performance Indicators (KPIs);
- Work with projects on an integrated planning model to ensure realistic completion dates, reflecting market conditions;
- Run / lead root cause analysis and define together with the different operational functions mitigation / improvement actions and follow them up until sustainable implementation;
- Introduce category management & benchmarking for key materials and services;
- Liaise and work with other parts of supply chain organization to implement the adequate measures to improve operations and hence customer satisfaction;
- Launch, track and follow up improvement projects / actions;

Required Qualifications & Experience:

- 6+ years of experience

Relevant degree or equivalent in e.g. Supply Chain Management, Finance, or other relevant degree;
- Skills level of International Governance processes;
- Awareness of Best Practices in Supply Chain or equivalent analyses;

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

Job Title	Supply Chain Liaison Officer
Work Location	Tawke

Additional Details and requirements

Job Summary:
Support the DNO Supply Chain Liaison Specialist in the day-to-day site contract & procurement activities. Assist in reaching out to local field-based staff, contractors & suppliers on contract & procurement activities.

Key Responsibilities:

- Working across the complete end to end supply chain to support the operational teams/functions to ensure the procurement processes are followed;
- Support clarify and optimize the SC processes and value for the customer;
- Assist the SC Liaison Specialist in communications with field-based staff, contractors & suppliers;
- Assist in follow-up of requisitions, technical evaluations, quotations and contracts / purchase orders;
- Prepare weekly status overview on all outstanding requisitions, SO's and PO's;
- Support in the evaluates and analyzes of received tenders / bids / quotations / proposals / offers;
- Perform tasks associated with assigning / executing SC activities in EPICOR;
- Validate completed work to ensure documentation trail is accurate.
- Safeguard a high level of compliance with DNO anti-bribery, anti-corruption and money laundering policies
- Development of local contractors to work within DNO policies and procedures.
- Establish and maintain a high level of communication with functional disciplines throughout the lifecycle of the contract
- Build strong relations with internal and external stakeholders, contractors and suppliers

Required Qualifications & Experience:

- HNC and/or BTEC, 5+ years relevant experience;
- Preferably knowledge & experience in Supply Chain activities;
- Min 4 years working knowledge in Oil & Gas, preferably in an operations function.

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1900:
دوورگەکانی هاوای بوون بە بەشێک لە خاکی ئەمەریکا.



ساڵی 1934:
بۆ یەکەم جار ئادۆلف هیتلەر و بینیتو موسۆلینی سەرکردەی ئیتاڵی کۆبوونەوە و هەردوولا هاوپەیمانیەکی ستراتیژیان راگەیاند.



ساڵی 1940:
فرانکلین رۆزفلتی سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا بڕیاری بلۆککردنی پارەی هەردووک حکوومەتی فەرەنسا و ئەڵمانیای دا.



ساڵی 1982:
شەڕی نێوان بەریتانیا و ئەرژەنتین سەبارەت بە دووروگەکانی فۆکلاند کۆتایی هات.



ساڵی 2013:
لافاوێکی بەهێز لە ویلایەتی ئۆتاراخەندی هیند بووە هۆی کوژرانی 5700کەس و شوێنبزربوونی زیاتر لە 20هەزار کەسی دیکە.



ساڵی 2018:
لە ئوردن حکوومەتێکی تازە بە سەرۆکایەتی عومەر ڕەزاز ڕاگەیەنرا.

ڕووسیا و ئاڵوگۆڕییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بەرژەوەندییە ستراتیژیەکانی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



خۆشەوی مەلا بڕایم

هەڵوێستی فەرمی ڕووسیا لە هەمبەر کۆبوونەوەی قەتەر:

وەزیری دەرەوەی ڕووسیا سرگێ لاڤرۆڤ لە سەردانی وڵاتی قەتەردا لە 3-8-2015دا باسی دوایین هەڵوێستی نوێی سەرۆک کۆماری ڕووسیای فیدراڵ ڤلادیمێر پوتینی کرد و وتی ئێمە لەگەڵ هاوپەیمانییەکی هاوبەشی نێوان سوپایی عێراق - سووریا و کوردایین، دیارە مەبەست لە کوردانی هەردوو پارچەی سووریا و عێراقە. ڕووسیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەردوو ڕژێمی سووریا و عێراقی چەکدار کردووە پێوەندی لەگەڵ کوردانیش زیاتر بە شێوەی دیپلۆماتی و بەشداریکردنیان لە گفتوگۆکان و سەردانەکانی دیپلۆماتی و دەربڕینی هاوەردی بە دژی تیرۆریزمە، لەو ڕووەوە سەرۆکی ناوەندی بەشی تێهەڵچوونەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەر بە ئینستیتوتی ئەمەریکا و کەنەدا ئەلیکسەندەر شومێلین و چەندان پسپۆری دیکە لە ڕادیۆی ئازادی بە زمانی ڕووسیایی باسی ئەو هەڵوێستە نوێیەی ڕووسیایان کرد و دەڵێن کە:

* سووریا دابەشکراوە و نێزیکترین بیرۆکە پێکهێنانی جۆرە فیدراڵییەتێکە بە شێوەی نافەرمی باسی دابەشکردنی سووریا کراوە و بڕیارە، کە چەندان هەرێمی جۆراوجۆر بۆ پێکهاتەکانی کورد، دروز، سوننە و عەلەوی دروست بکرێن، حکوومەتی سوریاش لەسەر ئەو بیرۆکەیە ڕەزامەندی خۆی پیشانداوە.

* ئەگەر مەبەستی ڕووسیا پشتگیری لە کوردانی ڕۆژئاوای سەر بە ئۆجەلان بێت ڕووبەڕووی ناڕەزایەتییەکانی تورکیا دەبێتەوە، تورکیاش دژی ئیئتیلاف لەگەڵ کوردانی عێراقی دیموکراتیخواز نییە، بۆیە دوو شێوە کوردی زۆر جیاواز هەن. بە هەر شێوەیەک بێت دەربڕینی ئەو هەڵوێستە جۆرە نەرمی و بایەخدان بە کێشەی کوردی دەگەێنێت.

بۆچوونی دوو پسپۆری ڕووسیایی لەسەر بارزانی نەمر و ستالین 2015-7-13

کەی پرۆژەکەی ستالین بۆ کوردان جێبەجێ دەکرێت:

بەو ناوەوە دوو نووسەری ڕووسیایی بەناوبانگ ستانیسلاڤ تاراسۆڤ و ستانیسلاڤ ستڕێمیدلۆڤسکی لە - regnum.ru باسی ئەو پرۆژەیە دەکەن: لەگەڵ گوزەری کات و ڕووداوەکاندا بەڵگەنامەی مێژوویی زیاتر لەسەر کوردان ئاشکراتر دەبن، هەندێ ناداریش زیاتر ڕووی ڕاستییان بۆ دەردەکەوێت هەردوو نووسەر دەبێژن: کە ستالین پێی خۆش نەبووە، کە کەمەربەندی تورک زمانەکان و ئازەربایجانی گەورە لە باشووری سنوورەکانی یەکێتیی سۆڤیەتدا دروست بکرێت و ئەو لایەنانە بکەونە ژێر کاریگەری تورکیا، کە لەو هەلومەرجەدا قەفقاز و ڕووسیا دەکەوتە ژێر ئابلۆقەی گەلانی تورک، ئازەربایجان، تورکمەنستان و ئۆزبەکستان، بۆیە وای بە پێویست دەزانی، کە دەوڵەتێکی کوردی پێکهاتوو لە کوردانی ئێران و تورکیا دروست بکرێت، هەروەها بارزانیش باش لەو پلانانە تێگەیشتبوو، دەیویست کە لە ناکۆکی ئەو زلهێزانە سوود ببینێت، بارزانی دەیویست، کە لە هەمبەر جێبەجێکردنی بەشێک لە پلانەکانی یەکێتیی سۆڤیەتدا دەوڵەتی کوردیش دروست ببێت. پاش ئەوەی کە پلانی کوردستانی گەورە جێبەجێ نەکرا ستالین دەیویست، کە ئۆتۆنۆمییەک لەناو ئازەربایجانی سۆڤیەتدا بۆ کوردان چێ بکات (کە بە کوردستانی سوور) ناسراوە. سەرۆک کۆماری ئازەربایجان باگیرۆڤ لەو پلانە دەترسا، کە بە هاوکاری بارزانی جێبەجێ بکرێت، بۆیە باگیرۆڤ سکرتێری یەکەمی پارتی کۆمۆنیستی ئازەربایجان، بارزانی و یاوەرانی هەناردەی ئۆزبەکستان کرد و ئەو پلانەیان تێکدا. لە کۆتایدا هەردوو نووسەر دەڵێن: کە ئێستەش لەوانەیە پلانی پێکهێنانی کوردستانی گەورەی ستالین سەرنجڕاکێش و ئەکتوێل بێت.

گرینگی ئاپووری کوردستان:

گۆڤاری topneftegaz سەربە ناوەندەکانی نەوتی ڕووسیا باسی بواری نەوتی هەرێمی کوردستان دەکات، کە دەتوانێت بە ملیاردەها $ سوود بەدەست بهێندرێت. گۆڤاری ناوبراو دەڵێت: کە کۆمپانیای تورکی Genel Energy، کە سەر بە میحمێد ئەمینە نێزیکەی 2 ملیارد $ سەرمایەگوزاری کردووە ئەگەر هەناردەی نەوتی کوردستان بگاتە 1ملیۆن بەرمیل و کێشەی داعش بەکۆتا بێت و کوردستانیش بەهاوکاری ئەمەریکا بتوانێت، کە بە فەرمی لە عێراق جیا ببێتەوە کۆی سەرمایەی دەتوانێت، کە دوو بەرابەر ببێت، ئەگەر کوردستان بکارێت بە ڕێگەی سوریاشدا بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەستی بگاتە دەریای ناوەڕاست، واتە جگە لە تاکە ئەلتەرناتیڤی تورکیا بەکار بهێنێت نەوتی خۆی هەناردە بکات دەتوانێت، کە جێگەی لیبیا بگرێتەوە.

جگە لەو کۆمپانیایە کۆمپانیای فەرەنسایی Oryxبە سەرۆکایەتی ژان کلۆد گاندۆر بایی زیاتر لە 2 ملیارد دۆلار سەرمایەگوزاری کردووە، هەروەها کۆمپانیای ویسترن زاگڕووسیایی کەنەدایی سەرمایەگوزاری زۆری کردووە، کە بە خۆشی بابەتی دارایی لێگەڕان دابین دەکات و بە سەدان ملیۆن دۆلاریش قەرزی داوە. بەشێکی هەرە زۆری سەرمایەی ئەو کۆمپانیایە بەهۆی دراوی بانکی ئافشورەکانی ڕووسیاوە دابین دەکرێت. هەر لەو وتارەدا هاتووە، کە زۆرترین سوودی بەدەستهاتووی، کە ملیاردێرەکان سەرمایەگوزاریان تێدا کردووە بریتی بووە لە بوارەکانی بە پلەی یەکەم (1لە بەشی high-Tech. 2) لە خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت. 3) دەرهێنان و لێگەڕانی هایدرۆکاربۆن لە ناوچە مەترسیدارەکاندا. (4 چێکردنی بااڵخانە و خانووبەرە لەناو شارەکاندا.بەپێی مەزندەکانی فۆربێس لە ساڵی 2009دا زۆرترین سوود لە بواری ئەڵماسی ڕەنگیندا بووە، کە سوودەکەی بە ڕادەی لە 360%بووە.

لە پێشمەرگەوە بۆ پنتاگۆن - کێ دەتوانێ بەسەر داعش و تونددڕیدا سەربکەوێت:

ڕۆژنامەنووسی پسپۆڕ لەسەر تیرۆریزم (ئیڤان یاکۆڤینا) بۆ lenta.ru وslon.ru، کە گەورەترین سایتی ڕووسەکانە دەنووسێت: لە ئەنجامی کردەوەکانی تیرۆریدا گوشارەکانی ناوەخۆی و نێودەوڵەتی بۆ سەر ئۆباما زیاد دەبن، کە ویلایەتە یەکگرتووەکان ناچارە یارمەتی کورد بدات و کوردانیش دەتوانن، کە هەرێمی کوردی دابڕاو لە سوریا بگەینە یەک و لە عێراقیش موسڵ بخەنە ناو ئابلۆقە و بەو شێوەیە کەمەربەندێکی یەکگرتوو چێ بکەن، کە لەداهاتوودا دەستیان بگاتە دەریای ناوەڕاست و داعش لە سەرچاوە سەرەکییەکەی تورکیا دادەبڕن و ڕێگە لە یەکێتیی ئێران، حکومەتی سوریا و حزبوڵای لوبنانیش دابخەن. شیعەکان بەو بێهێزی و لاوازییەی خۆیان هەوڵ دەدەن، کە بە شەڕ ناوچەکانی کۆنترۆڵی کێشەلەسەر بگەڕێننەوە، بەڵام ئێستە کێشەی سەرەکیی لەسەر داعشە، بۆیە ئەو پرسە بۆ داهاتووی دوور دەمێنێتەوە. تاکە هێز، کە بتوانێ بەکردەنی ڕووبەڕووی داعش ببێتەوە کوردانن بە 160هەزار پێشمەرگە و چەند هەزار شەڕڤانی کوردی سوریاشەوە توانای شەڕیان بە کردەنی لە هەمبەر 150هەزار شەڕکەری داعش، کە بەسەر بەرە جۆراوجۆرەکان و دوور لە یەکدیی بڵاوکراوەن هەیە. ئەگەر بەشار ئەسەد و حیزبوڵاش بە هاوشێوەی کوردان بتوانن بەرەی ڕۆژئاوا رابگرن دەتوانن، کە داعش لەو سنوورانەدا ئابلۆقە بدەن، کە لەو کاتەدا تەنگژەیێکی ناوەخۆی ئایدیۆلۆجی لەناو داعشدا چێ دەبێت. ڕۆژنامەنووسی ناوبراو ئەو بابەتەیەی لە ڕۆژی 6-11-2015دا لەچاپ داوە، کە ناوچەی سەرێکانی و کۆبانی بەیەک نەگەیشتبوو، بەڵام پێشبینی ئەو تاکتیکە سەربازییەی کردبوو.

لیبیا..

سەرکێشی تورکیا و ئامانجەکانی ڕوسیا

ئا/ عەبدولقادر کەڵهۆڕ

لە ماوەی کەمتر لە مانگێک هێزەکانی نیشتمانی لیبیا بە سەرۆکایەتی ژەنەراڵ خەلیفە حەفتەر لە چواردەوەری تەرابلوسی پایتەختی لیبیا تێکشکان و ڕوویان کردە شاری «سرت». ئەو هێزە ئەوەی بە چەندین مانگ لە شەڕ و کوشتار بە دەستی هێنابوو بە بەرگرییەکی ئەوتۆ لەدەستی دا.

شکست و تێکشکانی هێزەکانی خەلیفە حەفتەر ڕۆڵی هێزەکانی ڕۆژئاوای لە هاوسەنگی هێزەکان لەسەر ئەرزی واقیع گۆڕی، هاوکات هەڵوێستی ڕۆژئاوای لە هەمبەر شەڕکارە بیانیەکان لە نێوان هەردوو لایەنی نێو ململانێکان لە لیبیا زیاتر ڕوونکردەوە، کە بڕیتین لە حکوومەتی ویفاقی نیشتمانی بە ڕابەرایەتی فائز ئەلسەراج و هێزەکانی نیشتمانی لیبیا بە ڕابەرایەتی خەلیفە حەفتەر.



لەو ماوەی دواییدا ڕۆڵی هەریەک لە ڕووسیا و تورکیا زیاتر دەرکەوت چ لەو ناوچانە بێت کە لە ژێرکۆنترۆڵی ئۆپۆزیسیۆن بێت یا لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی حکوومەتی ویفاقی نیشتمانی بێت. بۆیە دەتوانین بڵێین کۆنترۆڵی زۆربەی کارتەکانی ململانێ لە لیبیا بەدەستی تورکیا و ڕوسیاوەیە. لەلایەکی دیکەوەش هێزەکانی ناوچەکە بە ڕۆڵێکی بچووک بەردەوامن لە نێو چوارچێوەی ململانێکەدا.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە هەروا دێت ڕۆڵی شەڕکارە بیانیەکانە بە تایبەتیش سوریاییەکان ، هەروا دێت کێڕڤەکەیان ڕوو لە بەرزبوونەوەیە، کە لەگەڵ دەستوەردانی سەربازی تورکیا لە تەنگژەی لیبیا دەستی پێکردووە بۆ پاڵپشتی حکوومەتی ویفاقی لەو ماوەی دواییدا ڕۆڵی هەریەک لە ڕووسیا و تورکیا زیاتر دەرکەوت چ لەو ناوچانە بێت کە لە ژێرکۆنترۆڵی ئۆپۆزیسیۆن بێت یا لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی حکوومەتی ویفاقی نیشتمانی بێت. بۆیە دەتوانین بڵێین کۆنترۆڵی زۆربەی کارتەکانی ململانێ لە لیبیا بەدەستی تورکیا و ڕوسیاوەیە. لەلایەکی دیکەوەش هێزەکانی ناوچەکە بە ڕۆڵێکی بچووک بەردەوامن لە نێو چوارچێوەی ململانێکەدا.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە هەروا دێت ڕۆڵی شەڕکارە بیانیەکانە بە تایبەتیش سوریاییەکان ، هەروا دێت کێڕڤەکەیان ڕوو لە بەرزبوونەوەیە، کە لەگەڵ دەستوەردانی سەربازی تورکیا لە تەنگژەی لیبیا دەستی پێکردووە بۆ پاڵپشتی حکوومەتی ویفاقی نیشتمانی.. لەو دواییانەش چەندین ڕاپۆرت دەرکەوتن کە ئاماژە بەوە دەدەن.. ڕوسیا بە سەدان شەڕکاری سوریا بە پێی بۆندیکی کۆمپانیای ڤاگنەری بواری ئەمنی ڕوسیا کار دەکەن و پاڵشتی لە حکومەتی ویفاقی نیشتمانی دەکەن و بەرگری لێدەکەن .

خەڵکی سوریا ، ئەوانەی لەو ناوچانە دەژین کە لە ژێرکۆنترۆڵی حکومەتدایە یا لەو ناوچانەی کە لە ژێرکۆنترۆڵی ئۆپۆزیسیۆن دایە بار و گوزەرانی ژیانیان زۆر خراپە و توانای ئابوریان زۆر خراپترە تەنانەت لەو سەردەمانەش کە شەڕی نێو خۆیی سوریا لە گەرمەیدابوو.

کاتێک تورکیا هەڵی بۆ ڕەخسا تاکو جێ پێی خۆی بکاتەوە لە لیبیا ، دەستبەجێ هەزاران چەکداری شەڕکاری سوریای گواستەوە نێو خاکی لیبیا بە تایبەتی ئەو گەنجە سوریاییانەی کە لە تورکیا دەژین و ڕەوشی ژیانیان لەو پەڕی خراپیدایە، ئەویش بە لە ڕێگەی پێدانی پارەو پول . تاکو ئێستا ژمارەی ئەو شەڕکارە سووریانە کە لە نێوخاکی دەجەنگن 10هەزار کەسی تێپەڕاندووە.

لەو بارەوە گۆڤاری فۆرین پۆلیسی" ئەمەریکا لە دیدارێکی لەگەڵ یەکێک لەو شەڕکارە سوریاییانە لە زاری شەڕکارەکە کە خەڵکی شاری حمس"ە بڵاویکردووەتەوە و دەڵێ، چیرۆکی من هاوشێوەی بەشی هەرە زۆری ئەو جەنگاوەرە سوریاییانەی کە لە لیبیا شەڕ دەکەن. من لە حمس" لەگەڵ هاوسەرەکەم و چوار منداڵەکەم داهاتی مانگانەمان تەنیا 70دۆلار بوو ،کە بەشی بچووکترین پێداویستییەکانی ژیانی نەدەکرد، دواتر چوومە حەلەب و لەوێش بۆ نێو تورکیا و چوومە پاڵ گروپە چەکدارەکانی سوریای سەربە حکوومەتی تورکیا، ئێستا تەنیا بە بەشداریم لەو هێزانە مانگانە 2هەزار دۆلار داهاتی مانگانەمە . هەموو جەنگاوەرە سوریاییەکان کە لە لیبیا شەڕ دەکەن لە پێناو پارە و دەسکەوتی مادەی نەهاتوونەتە نێو خاکی لیبیا ، هەندێکیان تێڕوانینی فیکری ئیسلامیان هەیە بەو بیرۆکەیە لە وێدا دەجەنگن.هەندێکی دیکەیان بە ئەسڵ تورکمانن و جێگەی متمانەی حکومەتی تورکیان لە ڕوانگەی قەومیەوە لە هەموو شوێنێک ئامادەن بجەنگن.

لەلایەکی دیکەوە ، هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سوریا ئاشکرایان کردووە، لەوەتەی ساڵی 2019وە ڕووسیەکان ، چەکدارە سوریاییەکان ناونووس دەکەن لەچوارچێوەی کۆمپانیا ڤاگنەری ئەمنی کە لە لیبیا کاردەکەن بۆ بەرگریکردن لە حکومەتی ویفاقی نیشتمانی.لەلایەکی دیکەوە، وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا ڕایگەیاند، دەستپێشخەری ئاشتی لە لیبیا کە میسر ڕایگەیاندووە، پێویستە بێتە بەرنامەی سەرەکی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی لیبیا.هەر لەو بارەوە مۆسکۆ ئاشکرای کرد، دەستپێشخەرییەکەی قاهیرە فراوانە و دەکرێت بێتە بنچینەی دانوستانی نێوان لایەنە ناکۆکەکان.

سەرۆکی میسر عەبدولفەتاح سیسی لە 6حوزەیران دوای شکستی هێزەکانی ژەنەرال خەلیفە حەفتەر کە هەریەک لە ڕوسیا و ئیمارات و میسر پاڵپشتیان لێدەکەن دەستپێشخەرییەکی ئاگر بەست و دانوستانی نێوان لایەنە ناکۆکانی بۆ تەنگژەی لیبیا ڕاگەیاند.

جێی باسە ، پێشی نزیکەی ساڵێک هێزەکانی ژەنەراڵ خەلیفە حەفتەر هێرشێکی گەورەیان بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی تەرابلوس پایتەختی لیبیا دەستپێکرد بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. لە بەرانبەردا حکومەتی ویفاقی نیشتمانی کە لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێت ڕایگەیاند کە کۆنترۆڵی تەواوی تەرابلوسی پایتەختی لیبیا دەستپێکرد بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. لە بەرانبەردا حکومەتی ویفاقی نیشتمانی کە لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێت ڕایگەیاند کە کۆنترۆڵی تەواوی تەرابلوسی پایتەختی کردووە و هێزەکانی ژەنەراڵ خەلیفە حەفتەریان تێکشاندووە و بەنیازیشن ئەو هێزانە لە ناوچەکانی تریش بەدەرنێن. بەو هۆیەوەش بە هەزاران دانیشتووی ئەو ناوچانە ئاوارە بون و ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە، لەو بارەوەش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداری داوە لە ڕوودانی کارەساتی مرۆیی.

فێیسبووک.. پێداچوونەوە بە سیاسەت



یونس حەمەد - ئۆسلۆ

لە سەردەمانی جەنگەکانی یەک و دووی جیهانی سەرتا و ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ، ئەڵمانەکان زۆریان هەوڵدا بە پڕوپاگەندەی هەمەجۆری ئەوانەی بەرانبەریان شکست پێ بێنن ، بۆ ئەم مەبەستە ئەڵمانیای نازی پڕۆژەیەکی مەزنی پڕوپاگەندەی میدیای خستەگەڕ تاوەکو هەم خۆیان متمانەیان پێ بەرز بێتەوە و هەمیش بەرانبەرەکەیان بێ ئومێد و دەستەوەستان بن و نەتوانن بەرەو پێش بچن ،لێردا چەندین هەواڵ و وتار و بابەتی ئەوتۆیان بڵاو دەکردەوە بێ ئەوەی ڕاستیەک لە دروستی ئەو هەواڵانەدا هەبێت ، ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە ئەڵمانیا دووچاری گەورەترین شکستی میژوویی بوو کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت باجەکەی دەدات ،چ متمانەیی یاخوود دارایی ، لە ڕووی متمانەدا تا ئێستاش هەر چییەک ڕوو بدات لە کردەوەی ڕەگەزپەرستی لە جیهاندا ئەوە یەکەو سەر پڕوپاگەندەی نازییەکان دێنە سەرباس و قسەی لێوە دەکرێت ، لە ئاستی داراییشدا تائێستا قەرەبووی جەنگەکانی پێشووی دەداتەوە بێ ئەوەی یەک (یۆرۆ)ی لێخۆش بن .. لە سەردەمی جیهانگیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بە تایبەت تۆڕە کۆمەلایەتیەکاندا دەبینرێت لە کوردستاندا چەندین ملیۆن دۆلار بۆ پڕوپاگەندەی سیاسی بەکاردێت یان ڕوونتر بڵێین بەهەدر دەدرێت لەکاتێکدایە کە گەل و نیشتیمان بەهۆی چەندین دەردی سیاسی و ئابووری و تەندروستی دەنالێنێت ، لە تازەترین ئاماری گەورەترین تۆڕی کۆمەلایەتی (فێسبووک) ئامادە بەوە کراوە کە لەلایەن لایەنێکی دیاریکراوی کوردستاندا ئەو بڕە (دراوە زۆرە) بە هەدەر دراوە بۆ شکاندنی لایەنەکانی بەرانبەر کە ئەوانیش لەهەمان نیشتیمان دەژین و هەمان زمانیان هەیە واتا هەر هەموویان لەناو یەک کەشتیداین واتا گەلی کوردستان ، بە سیاسەتکردنی تۆڕە کۆمەلایەتیەکان بەئەندازەیەک زیان بەخشە بۆ ئەوانەی لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتیدا ڕۆژانە بەکاری دێنن تا دەگاتە ئەو قۆناخەی کە نە متمانە دەمێنێت ،یان ڕووی گەشی کۆمەلایەتی و شارستانی لە ناو کۆمەڵگادا جێگای دەبێتەوە .. بەهەدەردانی (ملیۆنان دۆلار) بۆ پڕوپاگەندە و دروستکردنی پەیج و ئەکاونتی ساختە و ناشرینکردنی ڕووی جوانی کوردستان ئەوە بە نەوەکانی ئایندە و دواڕۆژ دەڵێت کە متمانە لەو خاک و نیشتیمانەدا بوونیان نەماوە و ئەوەی بوونی نیە سیاسەتە ،بەڵکو ئەوەی هەیە تەنیا بەلاڕێدابردنی ئەو هەموو دەستکەوتانەن کە کوردستان لە سەرەتای نەوەتەکاندا تا ئێستا بەدەستی هێناون یاخوود ناشیرینکردنی ئەزموونی سیاسی و کۆمەلایەتی وپێکەوەژیانە یان ئەوەتا نەمانی متمانە لە نێوان هاوڵاتی و دەسەلاتدا کە ئەمەش یەکێکە لە خاڵە هەرە نێگەتیڤەکان کە کاری لەسەر دەکرێت بۆ ئەوەی ئەو قەوارە دەستوورییە نەمێنێت کە بە خوێنی سەدەها هەزار شەهید و بریندار و بێ سەروشوێن بنیات نراوە ، وێڕای گوند کاول بوون و زیندەبەچاڵ و زیندانی . دواتر بە دەنگەوە هاتنی ئیدارەی گشتی (فێیسبووک) لەو کردەوە ساختانە نابێت بە بێ بایەخ وبێ ئەرزش وەری بگرین ، چونکە ئەم ڕاپۆرتە ئامادەکرا و تێروتەسەلە بە دیقەتەوە ئەنجام دراوە ، ئەوان واتا ئیدارەی گشتی (فێیسبووک) کارێک ناکەن ئەگەر نەزانن چەند زیان بەخشە بۆ کۆمەڵگا .. پڕوپاگەندەی میدیای سیاسی لە کوردستاندا پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە ، یان هەر بەگشتی سیاسەت پێویستی بە ڕێکخستن و باشترکردن هەیە ،هەروەها سیاسەتی ئابووری و کۆمەلایەتیش بە هەمان شێوە پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی دڕووست و تەندروست هەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردەواری دووبارە متمانەی بۆ بگەڕێتەوە ، لەملاشەوە لایەنە سیاسیەکان سیاسەت لە ژوورێ دیالۆگ و گفتوگۆ ئەنجام بدەن ،نەوەک (فێیسبووک) بێتە ژوورێک بۆ پڕوپاگەندەی بێ سوود و ناشیرنکردنی یەکتر ، ئەگەر وا نەکەین میژووێکی نا شەرعی و ناشایستەی پڕ لە (ڕق و قین و درۆ) بۆ خۆمان تۆمار دەکەین .

مانشێت



ئیندیپێندێنت:
کۆریای باکوور رایگەیاند ئەمەریکا بۆی نیە دەست لە کاروباری هەردووک کۆریا وەربدات ئەگینا ئەویش هەمان هەڵوێستی دەبێ بەرامبەر هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا.



سکای نیوز:
دوای دەرکەوتنی چەند حالەتێکی دیکەی توشبوون بە ڤایرۆسی کورۆنا ، حکوومەتی چین چەند گەڕەکێکی پەکینی پایتەختی کەرەنتین کردەوە.



ئەی ئێف پی:
لە فڕۆکەخانەی لۆس ئەنجلس تویژەرێکی چینی بە تۆمەتی سیخوڕیکردن دەستگیر کرا.



ڕۆیتەرز:
حکوومەتی فەرەنسا داوای لە کۆشکی سپی کرد لەو ڕیوشەیتانە پاشگەز بێتەوە کە بەرامبەر دادگای تاوانی نێودەوڵەتی گرتوویەتیەبەر.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
تەقینەوەیەک لە مزگەوتێکی کابوڵی پایتەختی ئەفغانستان ڕوویدا و بووە هۆی کوژرانی چوار کەس.



فرانس 24:
کۆمپانیای تویتەر هەزاران ئەکاونتی تایبەت بە ڕووسیا و تورکیا و چینی لابرد.

ئەبێ...
دڕکێک لە بڕبڕەی پشتدا

ئا: هەندرێن شێرزاد

لە گوندی کلومی ناوچەی ئەبێی سەر سنووری نێوان هەردووک دەوڵەتی باکور و باشووری سوودان کوژرانی **32**کەس لە هێرشێکدا جارێکی دیکە ناسەقامگیریی گێڕایەوە بۆ ناوچەکە. دەنگی تەقە هەردووک هۆزی مەسیری بە ڕەچەڵەک عەرەب و هۆزی دینکای بە ڕەچەڵەک ئەفریقی لەیەک گەڕم کردەوە و هەریەکەیان بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە دەستدرێژیی کراوەتە سەر و سەرجەم ئەو ڕێککەوتننامانەش کە تا ئێستا لەنێوانیان مۆر کراون وەلا نران ، بەجۆرێک ئێستا ناوچەی ئەبێ زیاتر وەک ناوچەیەکی شەڕ دێتە بەرچاو.

دەربارەی ناوچەی ئەبێ

دەکەوێتە نێوان کوردۆفان و ناوچەی دەریای غەزال.
دەکەوێتە سەر پشتێنەی ساڤانای دەوڵەمەند بە گیاوگۆل و خاکێکی بەپیت و ئاوی زۆر.
لە ماوەی یەک ساڵدا هەشت مانگ بارانی لێ دەبارێ.
خاکێکی بەرفراوان و بەپیتی هەیە و بۆ کشتوکاڵ زۆر گونجاوە .
بە درێژایی ساڵ کەشوهەوا تیایدا مامناوەندە.
بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان نزیکەی **70%**ئەوتی سودان لە ناوچەی ئەبێ و دەوروبەرە.

هۆزەکانی ئەبێ

کەشوهەوای لەبار و بارانبارینی بەردەوام و شیاویی خاک هەمیشە هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی شوانکار و جوتیار و هۆزەکان لە زۆر ناوچەوە ڕوو بکەنە ئەبێ و لەوێ بگیرسێنەوە . یەکێک لەو نموونانە هۆزی داجۆیە کە لە ترسی سوڵتانەکانی دارفۆر شوێنی خۆی بەجێ هێشتووە ، هەمان شت دەربارەی هۆزەکانی مسێری کە پێشتر لە وڵاتی چادەوە ڕوویان کردۆتە ڕۆژئاوای ناوچەی کوردۆفان و ئێستا خۆیان بە کۆنترین هۆزەکانی ناوچەکە دەزانن.لەوڵاشەوە هۆزی دینکا ئینقۆکیش یەکێکە لە هۆزە گەورەکانی ئەم ناوچەیە. بە هەرحاڵ ، بە درێژایی ماوەی ڕابردوو ناوچەی ئەبێ ئارامیەکی کەموێنەی بەخۆیەوە بینیوە و هۆزەکان لەنێوان خۆیاندا چەندین ڕێککەوتننامەیان مۆر کردووە و پێبانەوە پابەند بوون.

کرۆکی کێشەکە

دەکرێ بڵێین کرۆکی کێشەی ناوچەی ئەبێ بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە کە تیایدا سودان لەژێر دەسەلاتی ئینگلیز دابوو ، ئەوەبوو لە کۆتایی سیەکانی سەدەی ڕابردوو بەریتانیەکان ڕاپرسیەکیان بۆ هۆزی دینکا ئەنجام دا کە ئەو کاتە کوال ئەروب سەرکردایەتی 1953و 1954و 1955 ژمارەیەک ڕاپرسی دیکەیان ئەنجام دا بەڵام دیسان سەرکەوتوو نەبوون ، دواتر لە ساڵی 1956ئینگلیز بە یەکجاریی سودانیان بەجێ هێشت

ڕێککەوتننامەی نیڤاشا

دوای هێرشەکانی سێپتەمبەری **2001** ئەمەریکا هەوڵی یەکلاکردنەوەی کێشەی باشووری سودانی دا ، ئەو وەختە کێشەی ئەبێ بووبوو مایەی ناکۆکیەکی تووند لە نێوان حکوومەت و بزووتنەوە یاخییەکان و دۆسیەکەش لە خولێکەوە بۆ خولێکی تر دوا دەخرا ، تا ئەو کاتەی قەشە جۆن دانفۆرسی نێردراوی ئەمەریکا لە ئاداری 2004 لێکدانەوەیەکی سەبارەت بە دۆسیەکە خستە ڕوو و هەڕەشەی لە هەردوولای کێشەکە کرد و وتی: لە کاتی دارمانی گفتوگۆکاندا، ئەمەریکا بەرپرسیاریەتی دەخاتە ئەستۆی هەر لایەک کە ڕێگر بێ لەبەردەم پڕۆسەی ئاشتی. دواتر ئەمە بووە بەشێک لە ڕێککەوتنی نیڤاشا.

ئەبێ سەر بە کامە دەوڵەتە؟

تا ئێستاش یەکلا نەبۆتەوە ئاخۆ ئەبێ سەر بە دەوڵەتی سودانە یان باشووری سودان ، یان مولکدارێتی بۆ هۆزی مەسیری یان دینکا دەگەڕێتەوە. دانیشتوانی ئەم ناوچەیە کە بە نەوت دەوڵەمەندە و بڕبڕەی پشتی سودانی کۆن بووە و ئەمڕۆش دەکەوێتە سەر سنووری نێوان سودان و باشووری سودان ،بەسەر دوو هۆزی سەرەکی دابەش بوون ، یەکەمیان هۆزی مەسیری بە ڕەچەڵەک عەرەب و ئەوەی تر هۆزی دینکایە کە لەلایەن حکوومەتی باشووری سودانەوە پشتگیری لێ دەکرێ. لەلایەن دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لاهایەوە ناوچەکە وا پێناسە کراوە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کۆلۆنیالی لە ساڵ 1905یەکلایەنە لە باشوورەوە خراوەتە سەر باکور، واتە خراوەتە سەر هەرێمی کوردۆفان ، بەو پێیەش هۆزی مەسیری دەڵێ ئەمە بەڵگەیە و ناوچەکە سەر بە باکوورە ، لە بەرامبەردا هۆزی دینکا بە پشتبەستن بە نووسینی یەکێک لە گەڕۆکە بیانیەکان وای بۆ دەچن کە ئەبێ سەر بە باشوورە . بەڵام وێڕای ئەم ناکۆکیە ،هەردووک هۆز هەمیشە هەوڵیان داوە هەموو شتێک بە یەکسانی لەنێوان خۆیان بەش بکەن و هەرگیز بیر لەوە نەکەنەوە پەنا بۆ چەک و شەڕ ببەن.



سولتانەکانی دارفۆر

هۆزەکەی دەکرد و بژاردەی ئەوەیان خستە بەردەم کە ئاخۆ دەخوازێ هۆزەکەی ببێتە بەشێک لە باشووری سودان یان وەک خۆی لە باکوور بمێنێتەوە. هەر ئەو کاتە ئینگلیزەکان بە نهێنی لەگەڵ ژمارەیەک لە پیاوماقوڵانی دیناک کۆبوونەوە و داوایان کرد ئەروب ڕازی بکەن بەوەی ببێتە بەشێک لە دەریای غەزال و دەستبەرداری باکوور بێ، ئەم هەوڵانە چەند جارێک دووبارە بوونەوە بەڵام لە کۆتاییدا شکستیان هێنا.
ساڵی 1943سولتان ئەروب کۆچی دوایی کرد و دینق مجوکی کوڕی شوێنی گرتەوە، لە هەمان ساڵدا بەریتانیەکان دیسان هەوڵیان دا هەمان داواکاری ئاراستەی سولتانی تازە بکەن ، بەڵام ئەویش وەک باوکی ڕازی نەبوو و بڕیاری دا لەگەڵ باکوور بمێنێتەوە. بەریتانیەکان بەردەوام بوون لە هەوڵەکانیان و بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵانی 1950و 1951و

هونەرمەند غەفور عەبدوڵڵا: داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەم خۆیان لەم ڤایروسە کوشندەیە بپارێزن



دیانە: پەریهان عومەر

هونەرمەند غەفور عەبدوللا لە ساڵی (1957)لە سلێمانی لە دایکبووە خوێندنی سەرەتایی وناوەندی و ئامادەیی تەواوکردووە، دواتر چۆتە ناو دونیای هونەرەوە یەکەم کاری هونەریی لە ساڵی (1972)لە شانۆیی (دولاوی سەر لێشێواو) بەشداری کردووە لە دەهێنانی غازی بامەرنی. هەروەها یەکەم کاری تەلەفزیونی تەمسیلی(ژیان) بووە. لە دەهێنانی جەلیل زەنگەنە بووە و زیاتر لە 70 کاری هونەری بەشداریی کردووە چ وەک دراماو شانۆ فیلم لە لەفیستیڤاڵەکانیش بەشداریی کردووە لە شاری تاران و ئەسفەهان و سەقز مەریوان لە وڵاتی ئێران، تاکو ئێستا خاوەنی3 خەڵاتی ئاڵتوونی وەرگرتووە لە فیستیڤاڵی ئەسفەهان لە ئێران و بەرێوەبەرێتی شانوی سلێمانی و خەڵاتی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی هەرسێکی خەڵاتی ئاڵتونی بوون.هەروەها هونەرمەند غەفورعەبدوللە تا ئێستا خاوەنی" دوو کتێبەبە ناوی (بیبلۆگرافیایی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان) (بیبلۆگرافیای یوبیلی زێڕینی کومەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد لیمانیم) بووە. لە فیستیفاڵی وڵاتی کەنەدا بەشداریی کردووە. لە ئێستادا فەرمانبەرە لە بەرێوەبەرایەتی شانوی سلێمانی وە بەرێوەبەری هونەری کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان. هونەرمەند غەفور عەبدوڵڵا: بۆ خەبات گوتی: داوا لە خەڵکی کوردستان ئەکەم خۆیان لەم ڤایروسە کوشندەیە بپارێزن" کە هەموو جیهانی گرتۆتەوە دوور بن لە شوێنی قەڵەبالغی پابەندی رێنمایە تەندروستیەکان بن چونکە خۆپاراستن چارەسەرە بۆ ئەم ڤایرۆسە. باسی لەکاری تازەی کرد بۆ خەبات گوتی: کارێکی تازەم هەیە لە خۆ ئامادە کردنین بۆ زنجیرە دراماى کرێ چییەکان" کە لە چەند ڕۆژێکی کەمدا دەست ئەکرێ بە وێنە گرتن و ئەگەر نەخۆشی کۆرۆنا بهێڵێت ئامادەین.

لەمیس بۆ یەکەم جار بۆ میدیای کوردی دەدوێت

لە نێو 67 وڵاتی جیهاندا نازناوی شازادەی دراماکانم پێیەخشرا

شیڤان شێرزاد

یەکێک لە ناوە هەر دیار و بەرچاوەکانی نێو دراما تورکیەکان (توبا بویوکستون)ـە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەرێمی کوردستانیش بە لەمیس ناسراوە، ئەو هونەرمەندە لە دایکبووی 1982 لە شاری ئیستەنبوڵ و دەرچووی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانە و لە یەکەم وێستگەی کاری هونەریشیدا بەشداری لە زنجیرە دراماى (مەقامی سوڵتان) کرد و بوو بە مایەی سەرنجی میدیاکانی وڵاتەکەی و پاشان بەشداری لە چەند کارێکی دیکەی هونەری دەکات و دەبێتە ئەستێرەیەکی گەورە لە تورکیا و وەک دەرهێنەرێکیش بانگهێشتی چەندین فێستیڤاڵی جیهانی دەکرێت و دەبێتە خاوەنی زۆرترین خەڵات بە بەرهەمە سینەماییەکانی.

لەم دیانەی"خەبات"یشدا تیشک دەخاتە سەر هەندێک لە کارە هونەرییەکانی خۆی و دۆستایەتی لەگەڵ دەرهێنەرە کوردەکانی وڵاتەکەی و جوانی کلتوور و فەرهەنگی کوردی.

*** ئەو بەرهەمەی کە بوو بە یەکەم کاری هونەری تۆ چی بوو؟**

دوای تەواوکردنی خوێندنی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بەشداریم لە کارێکی درامی کرد بە ناوی (مەقامی سوڵتان)، کە ڕۆڵی کچە سوڵتانێکم تێدیدا بەرجەستە کرد، ئەمەیش بوو بە سەرەتایەکی جوان لە نێو کارە هونەرییەکانی منداا، پاشان بەشداریم لە کارێکی دیکەدا کرد لە ساڵی 2003دا بە ناوی (زەریفە) و لە کەنالی دی تورکیا نمایش کرا و دواتر بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدرا، لەو بەرهەمەشدا چەندین ئەکتەری نێوداری وڵاتەکەم بەشدارببون و بوو بە کلیلی دەرگا داخراوەکان لە ژیانی منداا.

*** دەگوترێت بەهۆی بەرهەمێکی کوردییەوە خەڵاتی باشترین ئەکتەری ئافرەتت پێبەخشراوە ئەمەیان ڕاستە؟**

بێگومان ڕاستە، کاتێک کە بەشداری فیلمی گولیزارم کرد، کە باسی لە چیرۆکێکی کوردی دەکرد و لە کەنالە ئاسمانیەکان نیشان درا و بەشداری فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی سڕبیای کرد، من وەک ئەکتەری سەرەکی لەو فیلمەدا بوومە خاوەنی باشترین ئەکتەری کچ لە فێستیڤاڵەکەدا.

*** کام لە کارە هونەرییەکانت تۆی بە بینەر ناساند؟**

لە ڕاستیدا من بەشداری زۆر بەرهەمی سینەمایی و دراميیم کرد، بەڵام ئەوەی منی ناساند دراماى (ڕۆژانی بەفیرۆچوو)، لەوێشدا ڕۆڵی "لەمیس"م بەرجەستە کرد، دواتر بۆ چەند زمانێکی جیاواز وەرگێڕانی بۆ کرا و وەک باشترین بەرهەمی ساڵی 2005یش دەست نیشان کرا، ئیدی من جگە لەوەی وەک ئەکتەرێکی تورک ناسرام لە وڵاتەکەم، لە وڵاتانی عەرەبی زیاتر ناسرام و ئەو بەرهەمەش وایکرد، کە نەتوانم بە ئاسایی بە نێو کووچە و کۆڵانی وڵاتە عەرەبییەکاندا هاتووچۆ بکەم بەهۆی خۆشەویستی خەڵکە هونەردۆستەکانیان، کە ئەمەیش بۆ من سەرمایەکی گەورەیە بتوانم خۆشەویستی خەڵکی بێگانە بەدەست بهێنم.

*** بۆ بەرهەمێکی هۆلیود داوەت لێکرا بەشداری لە کارێکی سینەمایی دا بکەیت ئەمەیان چۆن بوو، ئەوانەی کە لەگەڵت بەشدار دەبن کێن؟**

دوا بەدوای پێدانی بەدەستهێنانی چەند خەڵاتێکی جیاواز لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتیەکاندا، داوام لێکرا لە پاڵ هونەرمەندێکی گەورەی بواری نواندن، کە ئەویش "ڤاندام"ـە، بەشداری لە فیلمێکدا بکەم و ڕۆڵێک لە پڕۆژە هونەرییە نوێیەکەیاندا بەرجەستە بکەم، بەخۆشحاڵیەوە قبوڵم کرد، بەڵام دواتر فیلمەکە نەکرا و هۆکارەکەشی نازانم بۆچی بوو.

*** هەڵگری نازناوی کچە شازادەی دراما تەلەڤزیۆنیەکانی ئەو نازناوە کێ پێی بەخشیووێت؟**

کاتێک بەشدارییم لە زنجیرە دراماى (ئاسی) کرد، وەک کارەکتەرێکی مەزڵوم و قوربانیی دەستی پیاوسالاری بوو، داوەتی فەرمی فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی فەرەنسا کرام و بەشداریم لە پێشبڕکێی دیاری کردنی باشترین ئەکتەری دراما تەلەڤزیۆنیەکان کرد و لەگەڵ 67وڵاتی جیهانیەوە لە ملمانێ بووم بۆ بردنەوەی خەڵاتی فێستیڤاڵەکە و دواتر لەسەر تەختی شانۆدا تاجی باشترین ئەکتەری نێو دراماکانم لەسەر نرا، ئەمەیش وایکرد، کە نازناوی کچە شازادەی دراماکانم بخەنە پاڵ.

*** ئەو خەڵاتانەی کە پێت بەخشراون لە ڕووی جوانی تەکنیکی کارەکان بوون یان کاریگەریی چیرۆکە تراژیدیەکانە؟**

لە سەرەتاوت تا دوا کاری هونەری من، کە لە 2017 بوو، هەمووی گێڕانەوەی ئەو تراژیدیانە بووە، کە بەسەر خەڵکی هەژار داهاتوون و بێبەشبوونە لە بچووکترین مافی سەرەتایی خۆیاندا، منیش هەوڵم داوە بەردەوام کار لەسەر ئەو چیرۆکە ویژدانهەژێنانەوە بکەم کە دەتوانێت دڵی بینەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و هەموو لێژنەکانی فێستیڤاڵیش پێی سەرسام بن، زیاتر لەوانەش کارم بۆ مافی مندااڵ کردووە و چەندین فیلمم بۆیان بەرهەم هێناوە، کە توانجدان بووە لە حکوومەت و لایەنی بەرپرس و دەبێت زیاتر گرنگیی بە مافی مندااڵ بدرێت.

*** پێوەندیت لەگەڵ هونەرمەندانی کورد چۆنە؟**

دۆستایەتی نزیکم لەگەڵ دەرهێنەرە کوردەکانی باکووری کوردستاندا هەیە، تەنانەت لە چەند پڕۆژەیەکیشدا ڕاوێژم بە هاوڕێ دەرهێنەرە کوردەکانم کردووە، چونکە ئێمە لە وڵاتێکی دەژین کلتوورەکەی هاوبەشە لەگەڵ کورد و چەند نەتەوەیەکی دیکەی جیهان، ڕێزیش لە گشت نەتەوە جیاوازەکانی وڵاتەکەم دەگرم.

*** ئێستا تۆ بالێوزی پاراستنی مافی مندالانی چیت پێشکەش بە مندالانی بێسەرپەرشت و کردووە؟**

لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی یونسێف لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، سەدان پڕۆژەی خێرخوازییمان پێشکەش بە مندالانی بێسەرپەرشت کردووە و ناوە ناوەش لە نێو خانەی نەوجەواناندا فیلمیان بۆ نمایش دەکەین و جل و بەرگ و خواردن و پێویستیەکانیان بۆ دابین دەکەم.

جگە لەوەش داهاتی یەک لە بەرهەمە سینەماییەکانم پێشکەشی مندالان کردووە و هەمیشەش لە خزمەتی مندالی هەژاردابوومە، ئەوەش بووەتە دروشمی من، کە هەتا هەناسەیەکم لە ژیاندابێت لە خزمەت مافی مندالە هەژارەکانی جیهاندا دەبم.

تا بمێنم لە خزمەت مافی مندالە هەژارەکانی جیهان دەبم

خالید کۆچەر



نیشتیمانی یاد


جاران تەنیا تۆ بوویت لە هەواڵت دەپرسیم
لەگەڵ هەر ئازارێکم خەم دایدەگرتیت
وەکو منداڵ بۆم دەگریایيت
دەتگوت: خۆزگە لێوانلیو هەناسەی خەمەکانت بۆ من دەبوو
دەردە دڵەکەت دەهاتە دڵی من و تۆ سەلامەت دەبووێت
گیانە ئەوە تۆیيت ، نە نامەیەک ، نەزەنگێک ، نەهەوالپرسینێک
ئەوە تۆیيت ، نە لەدەرگای دڵم دەدەییت
نە ڕۆژباشێک و نە ئێوارە باشێکم لێدەکەیت
تەواوی ئازیزەکانم جارناجارێک لەهەوالم دەپرسن
ئەوەی ئێستا لێم ناپرسێت تەنیا تۆیيت
چەندە زوو بوو بۆ ئەو هیجرانە
هێشتا دڵم چاوەڕێی تۆ بوو بە بارانە ماچێک لێو و دەمم پر کەیت لەعەتر
بۆ ناونیشانی کتێبێکی تازەم..

سێ کتێبی هۆشەند ڕەفیق

هۆشەند ڕەفیق ئیبراهیم، کە ماوەی زیاتر لە (19) ساڵ لە ڕۆژنامەی (خەبات) هەم وەک نووسەرو هەمیش وەک بەرپرسی لاپەڕە کاری ڕۆژنامەگەری کردووە، لە ئێستادا مامۆستای زانکۆیەو قوتابی دکتۆرایە، لەم ڕۆژانە سێ تازەترین بەرهەمی کتێبی بە چاپ گەیاندووەو کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند کردووە، کە هەرسێ کتێبی لەلایەن دکتۆر ئەکرەم فەریدون دیزایینی بەرگی بۆ کراوەو دیزایینی ناوەوەشی لەلایەن ئاسۆ حەسەن ئەحمەد بۆی کراوەو ئێستا کە هەرسێ کتێبی بە قەبارەی (14*21)وهەر یەکە بە تیراژی هەزار دانە چاپ کراوە و لە کتێبخانەکانی کوردستان بەردەستە.



هەرچی کتێبی (تیرۆری ئابووری)یە لە (432) لاپەڕە پێکهاتوەو (80) ناونیشانی لە خۆ گرتووەو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی((344 ساڵی 2020ی پێدراوە. هەروەها کتێبی دووەمی بە ناونیشانی (زانکۆ و کۆمەڵگەی مەدەنی) لە (324) لاپەڕە پێکهاتوەو (88) ناونیشانی لە خۆ دەگرێت و لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(345) ساڵی 2020ی پێدراوە. لە هەمان کاتدا بۆ یەکەمینجار کتێبێکی شیعری باوکی (ڕەفیق ئیبراهیم بیستانەیی) بەناونیشانی (فرمێسکی زووخاو) چاپ کردووە لە کۆکردنەوەو ئامادەکردنی خۆیەتی لە (120) لاپەڕە پێکهاتوە کە دەیان پارچە هۆنراوەی چوارینەی لە خۆگرتوەو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(346) ساڵی 2020ی پێدراوە.





جێگەی گوتنە هۆشەند ڕەفیق لە ساڵی 2005دوو نامیلکەو کتێبێکی چاپ کردووە بە ناونیشانی (بەجیهانیکردن) و (ئازادی ڕۆحی زانکۆییە)، هەروەها لە ساڵی 2013 نامیلکەیەکی بە ناونیشانی (ڕۆژی شەهیدی زانکۆیی) بە چاپ گەیاندووە، کە بۆتە پڕۆگرامی یادەکانی ساڵانەی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، لە ساڵی 2019نامیلکەیەکی دیکەی بە ناونیشانی (ڕۆژی ئاڵا لە کوردستان) بە چاپ گەیاندووە ئەویش بە هەمان شێوە ساڵانە بۆتە پڕۆگرامی بەرزراگرتنی ڕۆژی ئاڵای کوردستان لە زانکۆ کە لە ڕۆژی 17/ 12هەموو ساڵێک وەک وانەیەک لە هەموو هۆڵەکانی خوێندن لەلایەن مامۆستایانەوە وەک سمینار پێشکەش بە قوتابیان دەکرێت.

لە سەرەتای ساڵی 2020یشەوە کتێبی(پڕۆفیسۆر دکتۆر احمد انور دزەیی، قوتابییەکی ژیر، مامۆستایەکی پەروەردەیی لێهاتوو، سەرکردەیەکی ئەکادیمی سەرکەوتوو) کە لە (128)لاپەڕە پێکهاتووە بە قەبارەی (24*17) بە شێوەی ڕەنگاو ڕەنگ بە تیراژی دوو هەزار دانە بە چاپ گەیاندووەولە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(66) ساڵی 2020پێدراوە.

خێزانەکەی پێی وابوو خیانەتی لێدەکات

برایتوایت: هەرجارێک تەلەفۆنم بۆ دەهات دەچوومە دەرەوە لەبەر باران گفتوگۆم لەگەڵ بەرشلۆنەدا دەکرد



هاوار مورتکەیی


مارتین برایتوایتی هێرشبەری دانیمارکی باس لە چیرۆکێکی سەیری خۆی دەکات لەسەروبەندی گفتوگۆکانی چوونی بۆ یانەی بەرشلۆنە.

لە دیمانەیەکی رۆژنامەی دێلی میل، ئەو هێرشبەرە بەتێروتەسەلی باسی لەو ساتانەکرد کە گفتۆگۆی لەگەڵ بەرشلۆنەدا دەکرد و گوتی: کاتێک گفتوگۆکان دەستی پێکرد، کەسم لی ئاگادار نەکردەوە، تەنانەت خیزانەکەشم، بەردەوام لەلایەن بەرپرسانی یانەی بەرشلۆنەوە تلفۆنم بۆ دەکرا، ناچار منیش دەچوومە دەرەوە لەبەر ئەو سەرمایە لەرێگای تەلەفۆنەوە گفتوگۆم لەگەڵ بەرشلۆنەدا دەکرد.

هەروەها دەڵێت: هەرکاتێک زەنگی تەلەفۆن لێدەدا دەچوومە دەرەوە کە دەهاتمەوە ژوورێ خیزانەکەم پرسیاری دەکرد ئەوە لەگەڵ کێ قسەت دەکرد، منیش وەڵامم دەداوە لەگەڵ هاوڕێیەکم! ئەمە ببووە جێگای گومان لای ئەو ئیرەیی پێ دەبردم و دەمزانی ئازاردەکێشێت بەڵام حەزم نەدەکرد هەواڵی گفتوگۆکانم لەگەڵ بەرشلۆنە بڵاوببێتەوە، لەمەشیاندا خێزانەکەم ناهەقی نەبوو کە گومانی ئەوەی لادروست بووبێت کە خیانەتی لێدەکەم، چونکە تەلەفۆنەکان هەموجار زیاتر لە نیوکاتژمێری دەخایاند.

ئەو هێرشبەرەی بەرشلۆنە زیاتر باس لەوساتانە دەکات و دەڵێت: هیچ کات شتم لەخێزانەکەم نەشاردبۆوە، بەڵام ئەمجارە کە دەیبینی بەو سەرماو بارانە دەچمەدەرەوە وەڵامی تەلەفۆنەکان دەدەمەوە، ئەمەی وایکرد گومانی لیم دروست بیت و واهەست بکات کە خیانەتی لەگەڵدا دەکەم، بەڵام کە دواجار گفتوگۆکان سەریگرت ئینجا بەخێزانەکەم گوت ئەمە سەربووردەی ئەو تەلەفۆنانە بوو کە تۆ گومانت لی دروست کردبووم، ئینجا خێزانەکەی زۆر پێکەنی و برایتوایتی ماچ کرد.

عەلی هادی راهێنەری پێشووی یانەی زاخۆ بەهۆی کۆرۆناوە گیانی لەدەستدا



خەبات: سولێن سلێمان

عەلی هادی راهێنەری ناوداری عێراقی و راهێنەری پێشووی یانەی زاخۆ بە هۆی توشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و خراپی بارودۆخەکەی دوای چەند هەفتەیەک مانەوەی لە نەخۆشخانە، دواجار لە رۆژی هەینی 2022/6/12ب لەتەمەنی 53ساڵیدا گیانی لەدەست دەدات ، عەلی هادی یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی عێراق بوو و هەروەها راهێنەرایەتی هەریەک لە یانەکانی کەربەلاو تەلەبە و زاخۆ و کارەبای کردووە ، عەلی هادی لەم وەرزەیدا دوای ئەوەی یانەی زاخۆ لە خولی نایابی ئێراق دەکشێتەوە لەگەڵ ئەوەش دەست لە کارکێشانەوی خۆی لە پۆستی راهێنەری یانەی زاخۆ رادەگەیێنێت .





سان جێرمانی ڕەتکردەوە و لیڤەرپوول پاداشتی کرد



سەرچاوە هەواڵەکان لە بەریتانیا ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کە یانەی پاریس سان جێرمانی پاڵەوانی فەرەنسی دەستەوارەیەکی پێشکەشی ڤیرگل ڤان دایک کردووە، بەڵام ئەو یاریزانە ڕەتی کردۆتەوە و بڕیاریداوە هەر لە ریدز بمێنێتەوە.

ڕۆژنامەی سەنی بەریتانی ئاشکرای کرد کە یانەی سان جێرمان موچەیەکی هەفتانەی بەبڕی 310 هەزار یورۆ پێشکەشی ئەو بەرگریکارە هۆڵەندیە کردووە، واتە ساڵانە 15ملیۆن یورۆ وەردەگرێت، کە ئەمەش زۆر زیاترە لەوموچەیەی لە یانەی لیڤەرپوول وەردەگریت کە 111هەزار یورۆ هەفتانەیە، بەڵام ئەم یاریزانە ئەمەی ڕەتکردۆتەوە و بڕیاری داوە هەر لە یانەکەی خۆی بمێنێتەوە، لەبەرامبەر ئەمەشدا لیڤەرپوول دەیەوێ پاداشتی بکات و بۆندەکەی تا 2025درێژبکاتەوە بەموچەی 270هەزار یورۆ.

دوای 40 ساڵ پزیشکە بەناوبانگەکە یانەی بایرنی جێهێشت



هانز فیلیلم مۆلەر پزیشکە بەناوبانگەکە دوای 40ساڵ لە خزمەتکردنی یانەی بایرن میونشن، بڕیاریدا ئەو یانەی جێبهێڵێت.

مۆلەری تەمەن 77ساڵ بڕیاریدا ئەو کاتانەی ماویەتی دوور لەیانەی بایرن بۆ چارەسەری نەخۆشان تەرخان بکات، لەبەرامبەر ئەم بڕیارەشدا یانەی باڤاری لە راگەیەندراوێکدا خەمباری خۆیان لە ڕۆیشتنی ئەو پزیشکە دەربڕی کە لەماوەی 40ساڵدا خزمەتێکی زۆری یانەکەیانی کردووە.

لەلایەکی دیکەوە یواکیم لۆفی راهینەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا باسی ئەو پزیشکەی کردبوو کە ئەوەی زۆر سەرسامی کردوون لەو پزیشکە ئەوەبووە کە لەیەکەم سەرنجیدا بەبێ پشکنینی و وینەی ڕەنینی موگناتیسی دەیتوانی دەستنیشانی نەخۆشییەکە بکات.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگادارییەکان:
0750 588 1616


سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun.14. Jun. 2020 No: (5952)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

دوو بەرهەمی نەژاد عەزیز سورمێ چاپ و بڵاوکرانەوە



نووسەر و ئەدیب، نەژاد عەزیز سورمێ دوو بەرهەمی لە بواری هونەر و شیعر و ڕۆژنامەنووسی چاپ و بڵاوکردەوە. کتێبەکانی پێکهاتوون لە "دیدار لە بارەی شیعر و ڕۆژنامەنووسی" و هەروەها کتێبی "هونەری کۆلاژ، میژوو.. تەکنیک.. ئەزموون".

نەژاد عەزیز سورمێ، نووسەر و شاعیر، لە پێشەکی ئەو کتێبەیدا لە بارەی هونەری کۆلاژ، نووسیوویەتی "هونەر لە خۆیدا بە ئەنگیزەی ئەو ویست و ئارەزووانە هاتووە، ئادەمزاد ڕوانین و وردبوونەوە و پرسیارە سادە و ئاڵۆزەکانی پێ کردووە و خۆی پێ ڕازی کردووە. ئەمە هەر لە دێری دێرەوە خولیای مرۆڤ بووە، لە سەردەمی چاخە بەردینەکانەوە، کە ڕەنگە تەنانەت بە ئاستی لاسایی کردنەوەیش لە ئیستاتیکا و ڕەهەندەکانی نەگەیشتبن، بەڵکو پێویستی ئەوان سەردەمان ڕەنگڕێژیی بەهای ئیستاتیکییەکانی کردووە، کە پاشان دوای دەیان و سەدان و هەزاران ساڵ، لێی کۆڵاوەتەوە و هەوڵی دۆزینەوەی مەودای جوانی و پاڵنەرە ئەفسانەیی و خۆڕسکەکانی دراوە.

نمونەش بۆ هەردوو بەر، داهێنەر و بینەر لەو ساوە ون نەبووە، لە هونەری سەر دیواری ئەشکەوتانەوە ڕا تا دەگاتە شارستانیەتە ئۆریگنالەکانی وێنەی شارستانەتی سۆمەر و دۆڵی نیل و دۆڵی سند..".

کتێبی "دیدار لە بارەی شیعر و ڕۆژنامەنووسی" تایبەتە بە سەرجەم ئەو دیدار و سەرنجانەی نووسەر لە چەند ساڵی ڕابردوودا، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکراونەتەوە.

نووسەر لە بارەیەوە نووسیویەتی: "ئەوەی لە دووتوێی ئەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە، چەند دیدارێکی ڕۆژنامەنووسین لە کاتی جیاجیادا، بە داوای ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لە شوێنی خۆیاندا ئاماژە بە ژمار و ڕۆژی دەرچوونیان دراوە، لەگەڵم کراوون. زادەی وەختی خۆیانن، کێڕقی بۆچوونەکانمن لەوەی پەیوەستن بەو مەسەلانەی لە پرسیارەکاندا وروژێنراون.

عەزیز وەیسی مەلەنگێ بڵاوەکاتەوە



ئا/ هێمن: هونەرمەند و گۆرانیبێژ عەزیز وەیسی، نوێترین ڤیدیۆ کلیپی خۆی بەناوی مەلەنگێ بڵاوەکاتەوە. مەلەنگێ دەبێتە دوانی کاری هونەری عەزیز وەیسی که لەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ بەشێوازێکی نوێ بڵاویدەکاتەوە.گۆرانی مەلەنگێ،بەیەکێک لەو گۆرانییە کۆنانە دادەنرێت لەلایەن زۆرێک لەهونەرمەندانەوە بەچەند شێوەیەکی جیاواز گوتراونەتەوە.عەزیز وەیسی سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی ئەم گۆرانییە دەڵێت: کاری میوزیکی ئەم گۆرانییە فۆلکلۆرە، کاری ئەرێنجمێنت و میکس و ماستەرنیگی لەلایەن داڤید نیازییەوە بۆ ئەنجامدراوە، ناسر حەیدەریش کاری دەرهێنانی بۆ کردووە.

دکتۆر مستەفا ڕەسول: هۆڵیۆد سمایڵ بۆ ئەوە دانەهێنراوە، کە هەر کەسێک بیەوێت ئەنجامی بدات



خەبات: سوڵێ سلێمان

هۆڵیۆد سمایڵ یەکێکە لەو ستایل و جوانکارییانەی کە بۆ دان دەکرێت. لە ئێستادا داواکارییەکەی زۆری لەسەرە، خەڵک بە مەبەستی جوانتر دەرکەوتنی دانەکانیان ئەنجامی دەدەن، بەڵام نازانن زیانەکانی چین. بۆ ئەو مەبەستە دکتۆر مستەفا ڕەسول پسپۆری نەشتەرگەری دەم و شەویلاگ و مامۆستای زانکۆ سەبارت بە هۆڵیۆد سمایڵ دەڵێت: هۆڵیۆد سمایڵ یەکێکە لە تازەترینی شێوازی جوانکردنی دان. لە ڕاستیدا هۆڵیۆد سمایڵ بۆ ئەوە دانەهێنراوە هەر کەسێک هەزی لێی بێت بیکات، بیەوێت دانەکانی جوان بکات، بەڵکو هۆڵیۆد سمایڵ سەرەتا دەبێ بزانین، کە چییە و بۆ کێ دەبێت، هۆڵیۆد سمایڵ بڕیتیە لە دروستکردنی تۆپکڵێکی تەنک لە دان لە کۆی پێنج ڕووی لە دان، کە بڕیتین لە ڕووی" پێشەوە، ناوەوە، و دوو تەنیشتەکانی و بەشی سەرەوەی دانەکە "، ئێمە تەنها یەک بەشی نابرین و نزیکەی چوار بەشی دەبردڕێت ، و هەرووها لە بەشی بێشەوەی دانەکان دەبردرێت و واتە دەتوانین بڵێین کەوا بەشێک لە دانەکە لێدەکەینەوە لەگەڵ کورت کردنەوەی دانەکانیش، لێکردنەوەی ئەو بەشی دانەش بۆ ئەوەیە کاتێک ئەو تۆپکڵەمان دروست کرد ، قەبارەی دانەکە وەک خۆی بمێنێتەوە ،واتە دانەکە خۆی گەورەتر نیشان نەدات، بۆیە دەبێت بەلایەنی کەم ملیمێک لە پێشی دانەکە ببردرێت و لەدرێژی دانەکانیش دوو ملیم ببردرێت ، هەڵبەت ڕەنگی ئەو تۆپکڵە بەرێکەوتنی لە نێوان دکتۆرەکە و نەخۆشەکە دیاریدەکرێت، وا باوە کە زۆرترینی خەڵکی ڕەنگی زۆر سپیان دەوێت کە ئەوەش بە ڕاستی هەڵبژاردنێکی ئەکادیمی وپزیشکی نییە ،چونکە ئێمە بۆ هەڵبژاردنی ڕەنگی دانەکان بنچینەیەکی پزیشکیمان هەیە کە دەبێ سەیری ڕەنگی پێست و ڕەنگی چاوی نەخۆشەکە بکەین چونکە بە پێی ئەوە ئێمە دەتوانین ڕەنگی دانەکە بۆ نەخۆشەکە هەڵبژێرین ،بەڵام خەڵکی زۆرتری ئەو ڕەنگە هەڵدەبژێرن کە زۆر سپییە، تۆپکڵی دان بە زنجیرەیەک داهێناندا هاتووە سەرەتا تەنها کیفی دان دروستکراوە ، ئێستا کۆتا شت کە داهێنراوە هۆڵیۆد سمایڵە و بۆ هەموو دانێکیش دروست ناکرێت واتە هەموو دانەکە باریک ناکرێتەوە یا بچووک ناکرێتەوە تەنیا ڕووی دەڕەوە و درێژی دانەکە لەگەڵ تەنیشتەکانی بچووک دەکرێتەوە ئەو تۆپژاڵە تەنکە کە دروست دەکرێت دوو گرفت بۆ نەخۆش چارەسەر دەکات یەکەمیان هەندێک ڕێژەیەکی کەم لە خواری دانەکان یا خواروخێچی یا کورت و درێژی کە ئەگەر هەبێت نەخۆشەکە بۆی چارەسەر دەکا و هەروەها دووەمیش ڕەنگی دانەکانیشی بۆ چارەسەر دەکا وای لێ دەکات سپی بێت کە لە ئێستادا زۆر باوە و خەڵکێکی زۆر داوای دەکات خۆی لە بنەڕەتدا لە ڕووی پزیشکییەوە ئەگەر سەیری بکەین بۆ ئەوە دانەهێنراوە کەوا هەر کەسێک بیەوێ دروستی بکات چونکە لەبەر ئەوەی بڕینی دانی تێدایە بۆیە ئەوە بۆ ئەو کەسانەیە زیاتر کە ڕەنگی دانیان تێکچووە و توانای گەرانەوەیان نییە واتە نەبە تیشک و نەبە شوشتن لای دکتۆری دان و هەروەها بۆ ئەو کەسانەیە زیاتر کە لە زکماکەوە کێشەیان هەیە لە پێکهاتەی دانەکانیانەوە ، واتە کاتێک لە دایک دەبێت دانەکەی ڕەنگی زەردە و حاڵەتێکمان هەیە کەوا خانەیەکەمی دان دروست نابێت کە دروست نەبوو ئەو کەسە کە دانی هەمیشەیی دێت چینی یەکەمی نییە کە پێدەڵێن چینی مینا کە چینە سپیەتی دەدات بە دان چونکە چینی دووەم کە دێنتین پێ دەڵێن ئەو چینەیە زەردە بۆیە کە چینی یەکەمی نەبوو ڕەنگی دانەکە زەرد دەبێت و بۆ ئەو حالەتانەش ڤینێر زۆر باشە چونکە ڕەنگی دانەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، و حاڵەتی سێیەمان هەیە بۆ ئەو کەسانەیە کە دانەکانیان ڕووی پێشەوەیان یا ڕووی بڕینی دانەکانیان دەشکێت بێگومان بە پرکردنەوەی ئەو جێگایانەی کە دان بۆ برین بەکاردەهێنین ڕۆخی دانەکان بە پرکردنەوە و زۆر سەرکەتوو نییە چونکە بەهۆی خواردنەوە دەشێکێتەوە جارێکی تر، بۆیە وا باشە چینێکی تری بۆ دروست بکرێت ڤینێر بێت یا کراون بێت بۆ ئەوەیە کە هێزی دانەکانی پێ زیاد بکات ،. ئەو شتانەی کە باس کران پێ دەگوترێت بەکارهێنەکانی هۆڵیۆد سمایڵ، بەڵام ئێستا کە دیبینین زۆربەی خەڵکی ئەوانەی کە داوای هۆڵیۆد سمایڵ دەکەن هیچ یەکێک لە وکێشانەی نییە بەڵام داواشی دەکەن تەنها لەبەر جوانییەکەی و دەرکەوتنەکەیەتی ، بەڵام ئەگەر نەخۆش بزانێ کە زیانەکانی هۆڵیۆد سمایڵ چین لە وانەیە زۆر کەس هەبێت ئەنجامی نەدات و یەکێکیش لە زیانەکانی ئەوەیە هەر کاتێک دانەکان باریک کرانەوە ئەو چینەی دان کە پێ دەگوترێت چینی مینا کە زۆرترینی بەشی مردووی تێدایە بۆ ئەوەیە کە تاوەکو بەرگەی خواردن بگرێت تا وەکو دانەکە لە ساردی و گەرمی دانەکە بپارێزێت، ئەو چینە نزیکەی لەسەدا ٩٥ ی پێکهاتەیەکی مردووە کە کالسیۆم و فسفۆرووهندێ توخم تری تێدایە ئەوانەی تێدایە ، و نزیکەی لە سەدا چوار بۆیێنجی پێکهاتەکەی زیندووە، بۆ ئەوەیە دانەکەمان بەباشی بهێڵێتەوە ورەنگێکی جوانیشی پێ بدات ، چینی مینا ڕەقترینی پێکهاتەیە لە لاشەی مرۆڤ و کاتێک ئەو جینەش دەبری نزیک دەبیەوە لە چینی دووەم دێنتینی پێدەڵێن کە زۆر لاوازە ، بۆیە کاتێک ئەو چینە دەبری لە پێناو ئەو تۆژاڵە کە بە قەد ئەو چینە بەهێز نییە ، بۆیە یەکەم شت دانەکە لاواز دەبێت و دووەمیش ئەگەری زۆرە دانەکە هەستیار بێت و سێیەمیش ئەگەر دکتۆرەکە زۆر شارازای نەبێت لە کارەکەدا بۆی هەیە دان بڕینەکە ئەوەندە زیاد بکات کە زیان بە دانەکە بگەیێنێت و بگاتە دەمارەکەو دواجاریش وای لێ دێت توشی دەماربرین ببێت یا دانەکە لەدەست بدات بەتێپەڕبوونی کات ، و کاتێک هۆڵیۆد سمایڵ دەکەی پێویستە بەردەوام سەردانی دکتۆر بکەی .

نەوال زوغبی نهێنیەک دەربارەی ژیانی هاوسەرگیری ئاشکرادەکات



هەمزە سەرحان: خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی، نەوال زوغبی دوای 12ساڵ توانی بە فەرمی لە هاوسەرەکەی جیابێتەوە

نەوال زوغبی لەمانەی بەشداریکردنی لە پرۆگرامی "منا وجر"، ئاشکرایکرد کە دوای 12ساڵ توانی بە فەرمی لە هاوسەرەکەی جیابێتەوە.ئەمە لە کاتێکدا نەوال زوغبی لە ساڵی 2008ڕایگەیاند کە دوای 18ساڵ لە ژیانی هاوسەرگیری لە هاوسەر و باوکی 3 منداڵەکەی جیابوەتەوە، بەڵام جیابونەوەکەیان بە شێوەیەکی فەرمی نەبوە، لە ئەمساڵدا توانی بە فەرمی جیابێتەوە.لەبارەی هۆکاری جیابونەوەی، نەوال وتی "هیچ ژنێک هەیە خیانەت قبوڵ بکات؟ من کاتێک ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێنا هەموو ئەوەی بیرم لێدەکردەوە ئەوەبو خانویەک و خێزانێک بنیاد بنێم، لەپێناوی منداڵەکانم قوربانیمدا، بەڵام ئیتر گەیشتم بە ئاستێک کە نەمتوانی چیتر بەرگە بگرم و جیابومەوە".نەوال زوغبی گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی لوبنانە، ناسراوە بە ئەستێرەی ئالتونی و لەدایکبوی ساڵی 1971 ؟ یەکێکە لە گۆرانیبێژە سەرکەوتوەکانی نێو مۆسیقای شەرقی و جیهانی عەرەبی، لە تەمەنی 15ساڵیەوە دەستی بە کاری هونەریی کردوە، دایکی سێ منداڵە.

ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید 19)

ڤایرۆسی کۆرۆنا
ئەو ڤایرۆسە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کۆئەندامی هەناسە (وەک ئەنفلۆنزا).

ڕێگاکانی بڵاوبوونەوە:
ڤایرۆسەکە بە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسی تووشبوودا بڵاودەبێتەوە، کاتێك کەسی تووشبوو دەپژمێت یان دەکۆکێ، یان بەریەکەوتن و یان ئەو شلانەی لە دەم و لووتەوە دەردەچن.

جیاکەرەوەکانی:
جیاکەرەوە و ناسەرەوەی ئاسانی ئەمر ڤایرۆسە ئەوەیە کە کەسی تووشبوو ئاو لە لووتی دێت و لەوزەکانی دەئاوسێن و دەپژمێت و تا دەگرێت، لە هەندێ کەسدا سیپەکانی دەئاوسێن و هەناسەدانی زەحمەت دەبێت.
نەخۆشییەکە ئاسان بڵاودەبێتەوە (زۆر کوشندە نییە)، مەترسی زۆر لەسەر بەساڵاچوان و ئەو کەسانە هەیە کە نەخۆشی (وەک ڕەبۆ و شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ)یان هەیە.

نیشانە سەرەکییەکان


تەنگە نەفەسی (حاڵەتی تووندی نەخۆشییەکە)

خۆپارێزی لە دەرەوە
لەئێستا هیچ پێکوتەیەکی خۆپارێزی نییە بۆ نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا.
بەشێوەیە دەتوانیت خۆت بپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا:
- شۆردنی دەستەکان بەبەردەوامی (کاتژمێری جارێك) بە جێڵی تایبەتی کەولی یان بە ئاو و سابوون.
- لەکاتی کۆکین و پژمیندا دەم و لووتت داپۆشە.
- لەکاتی وەستان و گفتوگۆدا لەگەڵ کەسی بەرامبەر (بەتایبەت ئەگەر ئەنفلۆنزا یان هەر نەخۆشییەکی وەرزی هەبێت) بەدووری (1 مەتر) بووەستە.
- باشترە خۆت بپارێزی لە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا (وەک تۆقەکردن و ماچکردن ...).
- بەکارهێنانی ماسک لە شوێنی قەرەباڵغدا.

خۆپارێزی لە ماڵەوە
ئەگەر نیشانەی نەخۆشی سەرەتاییت هەیە یانیش هەست بە ماندووبوون و داهێزان دەکەیت، باشترە:
- پشوو وەربگریت و بخەویت.
- خۆت گەرم دابپۆشە.
- شلەمەنییەکان زۆر بخۆرەوە.
- گۆشت زۆر بکولێنەو و سەوزە و میوە جوان بشۆرەوە.
- ماڵ و ژوورەکان بەگەرمی بهێڵەوە تاوەکو زاڵ بیت بەسەر هەورکردنی لەوزەکان و نەهێشتنی کۆکە.



سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی